خەبات

#ماسك بەستن
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6000) دووشەممە 7ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی بۆ پەکەکە:
بە چ رووێەک داوای وەڵام لە پارتی دەکەن؟

ماوەیەکە هاوسەرۆکانی کەجەکە و مووراد قەرەیلان و دۆران کالکان، دەستیان کردووە بە بەخشینەوەی تۆمەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و، داوای ئەوەش دەکەن کە پارتی وەڵامیان بداتەوە. لێرەوە دەڵێین: بەو سیاسەتە چەوتەی هەتانە یارمەتی زەق و دیاری ئەو لایەنانە دەدەن کە دەیانەوێ دەستکەوتەکان لەناو ببەن، کۆیلایەتی لە هەموو دونیا باوی نەماوە لە ناو (پەکەکە) نەبێت، سیستەمی پەروەردەکردن و راهێنانتان خەڵکی ئازاد و دەنگ دلێر بەرهەم ناهێنێ، چونکە ناهێڵن ئاگایان لە رووداو و گۆرانگاری و پێشکەوتنەکانی دونیا هەبێ، تەنیا فێری ئیتاعە و تەنفیزی ئەوامریان دەکەن، کێ لەناو ئێوەدا دەتوانێ بۆچوونی هەبێ و کێیش دەتوانێ لەگەڵ بۆچوونی پەکەکە نەبێ و، کام ئەندامەتان دەتوانێ لە ریزەکانی پەکەکەدا جیابێتەوە؟

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات
جەخت لە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لایەنەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان کرایەوە



دوێنێ یەکشەممە ٦ـی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دواییین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و رۆشناییش خرایە سەر پرۆسەی سیاسیی عێراق لە قۆناغی ئایینەدا.

هەروەها جەختیش لە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لایەنەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان کرایەوە. بیروڕاگۆڕینەوە لەمەڕ چارەکردنی گرفت و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.



هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی:
پێشمەرگە و سوپای عێراق چوار ناوەندی هاوبەش پێکدێنن



ئوسامە نوجێفی بۆ (خەبات):
ئەگەر هەڵبژاردن لەسەر بنەمای فرەبازنەیی بێت ئەوا سوننە دەبێتە خاوەنی 100 کورسی پەرلەمان

سەرۆکی پێشووتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئوسامە نوجێفی لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات گەشبینی خۆی بە سیستمی فرەبازنەیی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی عێراق دەربڕی و گوتی پێشبینی دەکەم سوننە لەم هەلبژاردنەدا نزیکەی ١٠٠ کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بباتەوە.




جیهان.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنای نوێ گەیشتە زیاتر لە 27 ملیۆن کەس

ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبی رۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا و دواتر هەموو جیهانی تەنیوە، 27 ملیۆن و 69 هەزار و 726 کەسی تێپەڕاندووە. مالپەڕی Worldometer کە رۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە رایگەیاند، تا ئێستا 883 هەزار و 771 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبووانیش بۆ 27 ملیۆن و 69 هەزار و 726 کەس بەرز بووەتەوە.

جێی باسە کۆرۆنا بەتوندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تا ئێستا لەو وڵاتە، شەش ملیۆن و 431 هەزار و 160 حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراوە.

2 سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق:
ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە و لێقەوماوان کراوە حکوومەتی عێراق نەیکردووە



بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە دهۆک:
تا ئێستا تەنها 35 کەس پلازمای خوێنی بەخشیوە

دوای ئەوەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە شێوەیەکی زۆر لە سنووری پارێزگای دهۆک بڵاوبوویەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی دهۆک رێکارەکانی پێدانی پلازمای خوێنی چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنای بە تووشبووانی ڤایرۆسەکە گرتە بەر، بەڵام بە گوتەی بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە دهۆک، عادل عەبدولسەلام عوسمان بەخشینی پلازمای خوێن لەلایەن چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئاستی پێویستدا نییە و تا ئێستا تەنها، ٣٥ کەس پلازمای خوێنی بەخشیوە.

ئەکبەر حەیدەر: دۆخی خانەقین زۆر خراپە و داعش بە ئارەزووی خۆی کردەوە لەو سنوورە ئەنجام دەدات

باشترین چارەسەر دروستکردنی هێزی هاوبەشی سوپا و پێشمەرگەیە بۆ ناوچەکە



سەرۆک بارزانی:

عەلی سنجاری کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بە ڕێبازی پارتی و کورد ایەتی بوو

دوێنێ یەکشەممە ٦-٩-٢٠٢٠ سەرۆك بارزانی لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلی سنجاری، سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەخۆشی لە خانەوادەکەیان کرد. لە پەیامەکەی سەرۆك بارزانیدا هاتووە «خوالێخۆشبوو عەلی سنجاری بە درێژایی تەمەنی خەباتی سیاسیی خۆی لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا پێشمەرگە و کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بە ڕێبازی پارتی و کوردایەتی بوو. هەمیشە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و جەماوەریدا ئەرکەکانی دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە بەجێگەیاندووە». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان (عەلی سنجاری)مان بیست. خوالێخۆشبوو عەلی سنجاری بە درێژایی تەمەنی خەباتی سیاسیی خۆی لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا پێشمەرگە و کەسایەتیەکی خاوەن هەڵوێست و وەفادار بە ڕێبازی پارتی و کوردایەتی بوو. هەمیشە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و جەماوەریدا ئەرکەکانی دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە بەجێگەیاندووە و، لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.

سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادەی تێکۆشەری عەلی سنجاری و تەواوی دۆست و هەڤاڵانی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
٦ـی ئەیلوولی ٢٠٢٠

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی: پێشمەرگە و سوپای عێراق چوار ناوەندی هاوبەش پێکدێنن



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە پێکهێنانی چوار ناوەندی هاوئاهەنگیی لە نێوان پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق کرد بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. مایڵز کەیگینز گوتەبێژ بە ناوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر دووپاتی کردەوە کە هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی چوار ناوەندی هاوئاهەنگیی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. گوتیشی لە ماوەی چەند هەفتەیی ڕابردوودا مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراقی و جموجۆڵی زۆر زیادی کردووە.

حەیدەر گوتیشی، داعش هەر چی کردەوەی تیرۆرستییە لە کوشتن و ڕفاندن و هێرشکردن و دانانی بۆمبی چێندراو ئەنجامی دەدات، بۆیە داعش لە ناوچەکە بەهۆی لاوازیی هێزی عێراقییەوە، زۆر بەهێز بووە. ناوبراو باسی لەوەش کرد، داعش کە شەوان هێرش دەکەن، ئەو هێزانەی عێراقی کە لەوێن، هیچ شارەزاییان لە ناوچەکە نییە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە داعش کردەوەی زۆر بووە، چونکە ئەو هێزەی کە هاتوون بیانین و هیچ لایان گرنگ نیە کە چی بەسەر خەڵکی ناوچەکە دێت و شارەزای ئەو ناوچانەش نین و ناتوانن خۆشیان بپارێزن جا چۆن دەتوانن خەڵکی بپارێزن.

جێگری بەرپرسی لقی ١٥ی خانەقینی پارتی ڕوونیشی کردەوە: تیرۆریستانی داعش لەو کردەوانەدا زیاتر کورد دەکەنە ئامانج، بۆیە تا هێزی پێشمەرگە و سوپا بە هاوبەشی نەگەڕێتەوە و لە ناوچەکەدا جێگیر نەکرێن، دۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام خراپتر دەبێت.

ئەکبەر حەیدەر، بە مااڵپەڕی فەرمی پارتیی ڕاگەیاندووە: دۆخی خانەقین زۆر خراپە و کوژران و برینداربوونی نزیکەی ٣٠ کەس کەم نییە لە ماوەی هەفتەیەکدا، کە بێگومان نیشانەی ئەوەیە دۆخی خانەقین خراپە، چونکە لە دەوروبەری خانەقین ئەو هێزەی کە لێیەتی، توانایان نییە و ئامادەش نین کە داعش پەلاماری دا بێن بەدەم خەڵکەوە، کە بەداخەوە دەڕفێندرێن و شەهید دەکرێن، بۆیە داعشیش بە ئارەزووی خۆی کردەوە لەو سنوورە ئەنجام دەدات

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق:

ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە و لێقەوماوان کراوە حکوومەتی عێراق نەیکردووە



سەرلەبەیانی دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠،٩،٦، د.فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، لەدیوانی پارێزگا، پێشوازی لە د.عەقیل ئەلموسەوی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لەسەرەتای دیدارەکەدا، شاندی میوان، سوپاسی پارێزگاری هەولێریان کرد بۆ ئەو پێشوازییەی کە لێیان کرا و دەست خۆشیان لە پارێزگای هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبونەی کە لەماوەی ڕابردوودا بۆ خۆپارێزی و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتییان گرتیانەبەر، دواتر باسیان لەو هەنگاو و یارمەتییانە کرد کە لەلایەن دەزگا و لایەنە خێرخوازییەکانەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی پارێزگای هەولێر گەیاندراوەتەوە ئاوارە و لێقەوماوانی سنووری پارێزگای هەولێر، هەروەها تیشکیان خستە سەر ئەو پێداویستییانەی بۆ ئاوارە و لێقەوماوان لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە جێبەجێکراوە، لەوبارەیەوە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند، «سوپاستان دەکەین، ئەوەی ئێوە بۆ ئاوارە و لێقەوماوان لەهەرێمی کوردستان کردوتانە، حکومەتی عێراق نەیتوانیوە بیکات».

لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر، وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق و شاندی یاوەری، ئاماژەیی هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی نیشاندا و جەختی لەسەر پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان پارێزگای هەولێر و کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق کردەوە.

کەرکووک.. ژمارەیەک حەشارگەی تیرۆریستانی داعش خاپوورکران



لە میانی زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی فیدراڵ بۆسەر تیرۆریستانی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووك، ژمارەیەك حەشارگە خاپوورکران، هەروەها دەستبەسەر ژمارەیەك چەك و بڕێك تەقەمەنییدا گیرا. فیرقەی پێنجی پۆلیسی فیدراڵ لە کەرکووك لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی لیوای ١٨ و ٢٠ بە سەرپەرشتی فەرماندەی فیرقەی پێنجی پۆلیسی فیدراڵ، لیوا حەیدەر متوری زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە سنووری ناوچەی حەمرین و گوندەکانی کولیتەپە، جینگڵاوە و تازە دێ سەربە قەزای داقووق باشووری کەرکووك ئەنجامداوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا لە میحوەری حەمرین کە لەلایەن هێزەکانی لیوای ١٨ی سەربە فیرقەی پێنجی پۆلیسی فیدراڵ ئەنجامداوە، پێنج حەشارگە و کارگەیەکی دروستکردنی بۆمب خاپوور کراون، هەروەها دەستیش بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیك ئاپی بێ مۆڵەتدا لەگەڵ ٤٠ بۆمبی چێنراودا گیراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا لە میحوەری سنووری قەزای داقووق کە لەلایەن هێزەکانی لیوای ٢٠ی سەربە فیرقەی پێنج پۆلیسی فیدراڵ ئەنجامدرا، دوو حەشارگە خاپوورکران، هەروەها دەستبەسەر دوو بۆمبی چێنراو و پێنج پارچە چەك لە جۆری کاڵاشینکۆفدا گیرا.

مستەفا کازمی دەسەڵاتەکانی سوپا لە باشووری عێراق فراوانتر دەکات



سەرچاوەیەکی سەربازیی لە عێراق ڕایگەیاند کە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی فەرماندەییەکی نوێی ئۆپەراسیۆنەکان سەربە وەزارەتی بەرگریی پێکهێناوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دۆسیەی ئەمنی لە ژمارەیەك پارێزگای باشووری وڵات بکات کە پێشتر لەژێر دەسەڵات و سەرپەرشتی هێزەکانی پۆلیسدا بوون.

لەمبارەیەوە ئەفسەر لە سوپای عێراق، ملازم نوعمان سەیداوی گوتی: لیوا ڕوکن عیماد سومەیدەع بە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی ئەمنی لە پارێزگاکانی موسەننا، میسان و زیقار باشووری عێراق ڕاسپێردراوە. ملازم نوعمان سەیداوی ئاماژەی بەوەیش دا کە بارەگای ئەو فەرماندەییە نوێیە لە بنکەی ئاسمانیی ئیمام عەلی دەبێت لە پارێزگای زیقار.

پێشتر سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دەسەڵاتەکانی سوپای لە پارێزگاکانی باشوور کەم کردبوویەوە دوای ئەوەی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی لە پارێزگاکانی باشوور ڕادەستی هێزەکانی پۆلیسی کرد. ئەم ڕێوشوێنانەیش لە کاتێك دایە کە هێزەکانی سوپا و دژەتیرۆر، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان لە باشووری ناوەڕاست و باشووری عێراق بە ئامانجی دەستگیرکردنی کەسانی دەرچوو لە یاسا و دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت ئەنجام دەدەن.

لە کۆتایی مانگی ئابی ڕابردوودا، گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، خالید مەحننا ڕایگەیاندبوو کە فەرمان لەلایەن سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی-یەوە دەرکراوە لەوەی سوپا و پۆلیس ڕێوشوێنی فراوان بگرنەبەر بە ئامانجی سەپاندنی ئاسایش و دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت کە بۆ ترساندنی هاووڵاتییان بەکاردەهێندرێت. جێی باسە پێشتر مستەفا کازمی ڕایگەیاندبوو کە گرەو لەسەر هێزە ئەمنییەکان دەکات بە جۆرێك کار بۆ پتەوترکردنی ئاسایش بکەن و متمانەی هاووڵاتییان بە دەوڵەت پتەوتر بکەن.

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی بۆ پەکەکە:

بە چ رووپەک داوای وەڵام لە پارتی دەکەن؟



ماوەیەکە هاوسەرۆکانی کەجەکە و مووراد قەرەیلان و دۆران کالّکان، دەستیان کردووە بە بخشینەوەی تۆمەت بۆ پارتیِ دیموکراتی کوردستان و، داوای ئەوەش دەکەن کە پارتی وەڵامیان بداتەوە. لێرەوە دەڵێین: بەو سیاسەتە چەوتەی هەتانە یارمەتی زەق و دیاری ئەو لایەنانە دەدەن کە دەیانەوێ دەستکەوتەکان لەناو ببەن، کۆیلایەتی لە هەموو دونیا باوی نەماوە لە ناو (پەکەکە) نەبێت، سیستەمی پەروەردەکردن و راهێنانتان خەڵکی ئازاد و دەنگ دلێر بەرهەم ناهێنێ، چونکە ناهێڵن ئاگایان لە رووداو و گۆڕانگاری و پێشکەوتنەکانی دونیا هەبێ، تەنیا فێری ئیتاعە و تەنفیزی ئەوامریان دەکەن، کێ لەناو ئێوەدا دەتوانێ بۆچوونی هەبێ و کێشیش دەتوانێ لەگەڵ بۆچوونی پەکەکە نەبێ و، کام ئەندامەتان دەتوانێ لە ریزەکانی پەکەکەدا جیابێتەوە؟ نەك هەر ئەوەندە تەنانەت سەرکردەکانی پەکەکەش خۆیان کردووەتە کۆیلەی هەندێ بۆچوون و پیرۆزیان کردووە، داوامانە سەرهەڵبڕن و چاو و مێشکتان بکەنەوە، جیهان گۆڕاوە لەو چاڵ و کون و ژێرزەمینە تاریکانە وەرنە دەرەوە تێدەگەن کە چەندە لە ژینگەی خەڵکی کوردستاندا نامۆن.

زۆربەی حزبە کوردییەکان لە مەترسییەکان تێدەگەن و هەوڵدەدەن رێگای چارەسەری و پشتیوانی دەستەبەربکەن و رێگا بدۆزنەوە بۆئەوەی تەحەدییەکان زیانیان پێ نەگەیەنێ و زیان بە نەتەوە و نیشتیمانیش نەگات و هەگبەی بەرەنگاری پربێت، بۆیە مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان بەواقیع بینی یەوە دەکەن نەك وەك (پەکەکە)، کە بەهۆی سیاسەتی شاش و هەڵەکانیانەوە، تا ئێستایش خەڵکی کوردستان نازانێ چیان دەوێ و بۆچی کۆڕ و کچی کورد بەکوشت دەدەن و بەردەوام بەپێچەوانەی شەپۆلەکان مەلە دەکەن؟ وەك مەوجێك لە نێو بازنەیەکی داخراو و غەرقی نێو نەخۆشی فکری لە مێدیاکان قسە دەکەن، کەچی بە زمانێکی جەهل و نەخوێندەوارانە هێرشدەکەن و، بە وشەکانیان و دابڕاویان لە تێگەیشتنی سەردەم، دەناسرێنەوە.

ئێستا نییە کە راگەیاندنەکانی پەکەکە شەڕ بەپارتی دەفرۆشن و خەریکی بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری و تۆمەت هەڵبەستنن، بەڵام کە کارگەیشتە دەستبردن بۆ میژوو و سەروەریەکانی پارتیمان و شکۆ و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان لەلایەن هاوسەرۆکان و سەرکردایەتی پەکەکەوە، بێگومان بێ وەڵام نابین و رووی راستەقینەتان دەردەخەین و پێتان دەڵێین: سەیری خۆتان کردوە لەکوێ هاتوون و ئێستاش لەکوێن و بۆچی دروست بوون و ئێستا خەریکی چین؟ سەیری خۆتان کردووە چۆن بوونەتە کەواسووری بەرلەشکر و دەستی ئەم و ئەو رادەکێشن بۆ تێکدان و ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئایندە و دەستکەوتەکانی ئەو بەشانەی کوردستان کە بە دەریایەك خوێن و خەبات بەدەست هاتوون؟ کەی خەڵکی هەرێم لە کۆن و نوێ دا داوای لە ئێوە کردووە یان تەوەقعی لێتان هەبووە بێن بۆ پاڵپشتیان؟ لەو کاتەوەی کە حزبەکەتان دروستبووە هەوڵدراوە مەدارتتان بکەن، کەچی لە بەرامبەردا وەڵامتان لوتژەنین بووە لە ورد و درشتی ئەم وڵاتە و سەدەها گوندتان پێ چۆڵ کردوون! دوێنێ و پێرێ بوو لە دەڤەری سیدەکان بە پێشمەرگە ئازا و چاونەترسەکانی کوردستانتان دەگوت نابێ بێنە ئێرە، لاتان ئاساییە سەربازانی تورك بێن، بەڵام نابێ پێشمەرگەکانی کوردستان بێنە ئەو خاکەی کە هی خۆیانە، ئەوەیە وڵاتپارێزیەکەی پەکەکە!..

بەردەوام گەف و هەڕەشە و گوڕەشەکانتان بەلێدوانی زۆر گرنگ دەزانن، چونکە تەسەورێکتان بۆ خۆتان دروستکردوە (تەسەورێکی دوور لە راستی و بێ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی) کە ناسنامەی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری لە گیرفانی ئێوە دایە! ناسنامەی دڵسۆزی و تێکۆشانیش لە گیرفانی ئێوە دایە و پارادایمی ئێوە پیرۆزە هی خەڵکی تر نەخێر!.. جا ئێستا باش گوێ رادێرن (هەرچەند لەلای سەرکردەکانی پەکەکە تەنیا ناردن_ارسال هەیە و وەرگرتن نییە)، کوردی ئەم هەرێمە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دوو سااڵ مقاوەمەی کرد و سلێمانی و کەرکووك و هەولێر و مووسڵ نەبوونە بەشێك لەو دەوڵەتە و دوای ئەوەش کە بەزۆرداری و بەبێ ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەم بەشەی کوردستان لکێندرا بە عێراقەوەمەرجی پاراستنی مافەکانی کوردی تێدا ئیجبار کرا، ساڵی ١٩٣٠ کە بریاربوو عێراق سەربەخۆیی وەرگرێت مەرجی بۆ دانرا کە مافی کورد تێیدا پارێزراو بێ، ساڵی ١٩٥٨ کە رژێم لە پادشایی گۆڕا بۆ سیستمی کۆماری، لە دەستووری ئەوکاتی عێراقدا چەسپا کە عەرەب و کورد شەریکن لەم وڵاتەدا. هەروەها ساڵی ١٩٧٠ لە رێککەوتنی یانزەی ئادارادا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ئیقرارکرا و، ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بریاری فیدراڵی دەرکرد و، ساڵی ٢٠٠٣ کە رژێمی بەعس روخا لە دەستوری نوێی عێراقدا مافی کوردان لە عێراق تۆمارکرا، ئەمانە هەمووی بەرهەمی خوێن و قوربانی و بەرخودان و شۆڕشەکان و گیانفیدایی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ محمودی مەلیکی کوردستان و، شۆڕشەکانی بارزان و شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵان بوون و، لەکاتێکدابوون کە هێشتا پەکەکە لە دایك نەببوو یا زۆر ساوا بوو، ئێوە چی دەزانن لە میژووی نەتەوەکەمان؟

پێناسەی نیشتمانپەروەری بۆ ئێمە مەکەن! نیشتیمانپەروەرەکان ئەوانە بوون کە بە خەنجەر هێرشی سەر دەبابەیەکی دوژمنیان دەکرد، ئەوانەبوون کە قاچی خۆیان بە سەنگەرەکانی بەرگرییەوە دەبەستەوە تا شەهیدبوون شەریان دەکرد، ئەو قارەمانانەبوون کە بە ساچمەزەن و تاپۆر و هەندێ جاریش بە دەستی بەتاڵ رووبەڕووی دوژمن دەوەستانەوە، نیشتیمانپەروەرەکان ئەو کوردانە بوون کە لە بیابانەکانی باشووری عێراق دەست و پێیان زنجیرکرابوو و ئامادە نەبوون داوای لێبوردن لە داگیرکەر بکەن، ئەوانە بوون کە لە زیندانە تاریك و بێ ئامانەکانی نوگرە سەلمان و قەسرولنهایە گیرکرابوون، ئەوانە نیشتیمانپەروەر بوون کە ئەنفال و کیمیاباران و کۆشتاری بەکۆمەڵ نەیترساندن، ئەوانە نیشتیمانپەروەر بوون کە زەعیم صدیق لە ساڵێ ١٩٦٣ لە پارکی ئازادیی ئێستا دا و لە ناوچەقی شاری سلێمانی زیندەبەچاڵیکردن. ئێوە لەکوێ بوون؟

باسی دڵسۆزی دەکەن؟! دڵسۆزانی ئێمە ئەوانە بوون قوت و خواردنی ماڵ و منداڵیان پێشکەشی پێشمەرگە دەکرد، ئەو دڵسۆزانە بوون کە بە رۆژ کرێکاریان دەکرد و بەشەویش نەیاندەهێشت دوژمن ساتێك پشوو بدات، ئەوانە دڵسۆز بوون کە زەبروزەنگی حکوومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق و تانك و تۆپیان نەیترساندن، ئەوانە دڵسۆز و کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر بوون کە سەربەرزانە وتیان ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین، خوایە وەتەن ئاواکەی و ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبانیان کردە وێردی سەر زمانیان، لەوکاتانە پەکەکە لە کوێ بوو؟ کۆڵنەدان و چۆکدانەدان و خۆنەچەماندن و سەندنی ماف، تێکۆشانی ئەم خەڵکە بووە، ئەم هەرێمە پارادایمی خۆی پەیرەوکراوەکا و دەسکەوتیشی بۆ نەتەوە و نیشتیمان هەبووە، با پارادایمی ئێوە بۆ خۆتانبێ..

داوای وەڵام دەکەن! وەڵامی چیتان بدەنەوە کە بوونە هۆکاری سەرئێشە بۆ هەموو کوردستان، لە هەر بەشێکی کوردستان ئاسۆیەك پەیدابێ خۆتانی تێهەڵدەقورتێنن و هەوڵی تێکدانی دەدەن! ناشێ چاوەڕێ بن پێتان بڵێین لەگەڵ ئەو سیاسەتە چەوت و نالۆژیکیەی ئێوەداین، بیرتان دێنینەوە کە سەرکردایەتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هیچ کەس و لایەنێکی قبووڵ ناکەن بەرە و ئاراستەیەکی نادیار و ئایندەیەکی نارۆشن ببردرێن، ئێوە تێرنەبوون ئەوەندەی بوختان و چەواشەکاری بە خەڵکی کوردستان بکەن.

ئێوە دەتانەوێ پاساو بۆ شکستە سیاسی و عەسکەری و دیپلۆماسیەکانتان بدۆزنەوە، ویژدان لای سەرکردایەتی پەکەکە باری کردووە و خەریکە خۆتان دەکەنە وانەبێژی ئەخلاق! با ئێمە پێتان بڵێین بێ ئەخلاقی چییە: دروستکردنی کێشە و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی بەری رەنجی دەیان ساڵەی تێکۆشانی هەرێمی کوردستان بێ ئەخلاقییە، بێ ئەخلاقی ئەوەیە ماڵومۆڵکی خەڵکتان داگیرکروە و سەدان گوندتان وێرانکردوە، بێ ئەخلاقی ئەوەیە بڵێی با سەربازانی تورك بێن بەڵام نابێ پێشمەرگە بێنە ئەو دەڤەرە! هەڵخەڵەتاندنی منداڵی کۆر و کچی ئەم وڵاتە و بەکوشتدانیان بۆ پاراستنی سنووری دەوڵەتان بێ ئەخلاقیە.. دەڵێن چەك دانانێین، پێمان نالێن لە هەرێمێکی ئازادکراودا چەکتان بۆ چییە و لەگەڵ کێ شەڕ دەکەن؟ یاخود تەنیا بۆ راکێشانی دەستی سوپای تورکیایە بە بیانوی ئەوە ئێوە شەڕکەرن. پێمان نالێن ڤێتنامەکەتان چی لێ هات؟ چەك دادەنێن یا دایانێن پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە رێگا نیشاندانتانە بۆ ئەوەی بڕۆنەوە سەر مووڵك و ماڵیی خۆتان و ئەو شوێنەی بۆی دروست بوون و لێوەی هاتوون.

ئێوە کە دەڵێین تورك هاتووە و شەڕەکات بۆ قڕکردنی کوردان، بۆیە لە هەفتەنین و زاپ و خواکورك بەرخودان دەکەین! ئەی لەخۆتان نەپرسیووە یا خەڵکی باکوور و باشوور لە ئێوە ناپرسن باشە بۆ تا پەکەکە هەڵنەهات و مەیدانی خۆی چۆڵنەکرد و رانەکردە هەرێمی کوردستان، سوپای تورکیا بۆ بستێك نەهاتبووە نێو خاکی هەرێمەوە؟ لە راستیدا ئێوە پاساوەکەن و ئێوە دەست کێشەکەن بەڵکو هەر بۆ ئەوە لێرەن تا تورك بێتە هەرێم، خۆ مێژوو شەرم لەکەس ناکات و چەندین کەستان لەناودا ئاشکرابوون کە کار بۆ میتی تورکی دەکەن، بۆیە لە پەنای تۆمەتی کارکردن بۆ میتی تورکی بوختان بۆکەس هەڵمەبەستن، ئاشکرایە کارکردن بۆ میتی تورکی لەبەر پەکەکە بەرکەس ناکەوێ، فەرموون ئەوە لێدان و سوتاندنی شوێن و ئۆتۆمبیلەکانتان، ئایا پارتی و یەکێتی یا حزبەکانی دیکە لەناو ئێوەدان و خەبەر دەدەنە فڕۆکەکانی تورکیا یان هەر بۆ خۆتانن و لە پاڵ ئەوەشدا هاووڵاتیانی مەدەنی هەرێمی کوردستان دەکەنە قوربانی و رەز و باخەکانیان دەسوتێنن. هەموو کەس باسی کورداییەتی بکات ئێوە نا، چونکە باشمان لە یادە کە باسی چارەنووس و سەربەخۆیی کرا دۆڕان کاڵکانتان چەندە تورە بوو و چەندین وتاریشتان لەسەر پاراستنی سنووری ئەو وڵاتانە نووسی و گوتتان ئێمە کێشەمان لەگەڵ بارزانی ئەوەیە داوای سەربەخۆیی دەکات، گوتان نابێ دەوڵەتی کوردی دروست بێ...

خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان سۆز و تێگەیشتنێکی زۆر بۆ بارودۆخی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە، ئێوە ئەوەتان قۆستۆتەوە و لە هەموو رووکەوە سنووریەکان دەبەزێن، چونکە لە راستیدا خاوەن ئامانجێکی روون نین بۆ قەزیەی کورد و کوردستان، بۆیە نەك هەر سنوور بەزاندن بەڵکو رەفتاری دیکەشتان لێدەوەشێتەوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی و لایەنێکی خودان قەزیەی ڕەوا و، هەر بۆ ئەوەش هاتوون.

خاتوو بەسێ هۆزاتی هاوسەرۆکتان، لە لایەك دەڵێ پارتی دەستی لەگەڵ تورك تێکەڵاو کردووە بۆ قڕکردن و، پارتی ئەخلاقی نییە و، پارتی ویژدانی نییە و ...هتد! هەرخۆشی لەلایەکی دیکەدا دەڵێ پێویستە پارتی بە دەوڵەتی تورك بڵێت: کە دەبێت بە رێگای دیموکراتی کێشەکان لەگەڵ کورد چارەسەر بکات و، مافی گەلی کورد لە باکوری کوردستان بدەن..! پێتان دەڵێین ئەو پارتیەی کە ئێوە بەو زمانە نزمەتان تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن، زۆر هەوڵیدا و دەوڵەتی تورکیش نەرم بوو و باسی چارەسەری ئاشتیانەشکرا و لە دڵی ئامەدەوە گوترا کێشەیەك هەیە بەناوی کێشەی کورد و دەبێ چارەسەر بکرێ، تا گەیشتە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ ئینجا گفتوگۆی راستەوخۆ و دواتر قسەکردن لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمراڵی و تا گفتوگۆکانی ئەوروپاش چوو، دروست لەوکاتەدا پەکەکە غرور گرتی و بێ ئاگابوو لەوەی پێشڤەچوونەکان بەرهەمی فشار و رێزی هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و رەحمەتی مام جەلاڵن نەك هەڵە بەردەوامەکانی پەکەکە. ئێوە بە سیاسەتی چەوت و چالاکیە نا مرۆڤانە و نا دیموکراسییەکان و نەبوونی هیچ روئیایەك واتانکردوە وڵاتانی دونیا زیاتر گوێ لە قسەکانی خەڵکی وەکو باخچەلی بگرن کە ئەمەش بەرهەمی هەڵەکانی خۆتانە، بە نسبەت ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش چ بڕیارێك دەدەن ئەوان خۆیان لێی بەرپرسن..

لەبارەی شەنگالیشەوە جارێکی دیکە بیرتان دێنینەوە کە شنگال بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانە و لە هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەردەم سوربووین لەسەر ئەم پرەنسیپە و بەردەوامیش دەبین، کەچی ئێوە تازە بەتازە لە کوردستانی دادەبڕن، ئاخر ئەوە چ لۆژیکێکە کە ئێمەی خەڵکی شەنگال شەرعیەتمان نییە بەڵام ئەوانی لە شوێنی دیکە هەڵاتوو و پەنابەر شەرعیەتیان هەیە! ئەمە لە کوردەواریدا پێی دەڵێن رووی دەوێ ئەمما رووی قایم. هەموو ئەو ناوانەی دروستتان کرد شەرعیەتیان نییە نەك ئەوان بەڵکو ئێوەش شەرعیەتتان لە هەرێمی کوردستان نییە بۆ دەستوەردان لە کاری ئیداری و حوکمرانی و سەربازیی تەنیا حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە نەبێت، جا چ کەسی دیکە وا دەڵێت یا وای گوتوە لە مسداقیەتی ئەم بابەتە ناگۆڕێ.

لە کۆتایی دا دەڵێین تکایە ئەگەر قسەتان کرد ئەوەندە درێژەی مەدەنێ یا بەکوردیەکەی درێژ دادڕی مەکەن تا ئێمەش ناچار نەبین ئەوەندە وەڵامتان بدەینەوە کە ئیدی پێرانەگەن چۆن ماسکی سەر رووخسارتان ببەستنەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی جەماوەری خاوەن قەزییە لە ناوچەکەدا، رۆئیاو پەیامی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی لۆژیکانە لەسەر قەزیەی کورد لە بەرگێکی شەرعی و یاساییدا پێشخستووە و پێشی دەخات، ئێوەش خەریکی خۆتان بن و دەست لەم چیرۆکە بەتاڵانە هەڵگرن، چونکە ئەم شانۆیەی کە ئێوە دەیگێڕن دەمێکە بینەری لە نێو کوردان نەماوە، پێویستە خۆتان بگۆڕن و بەخەبەر بێنەوە.

بەشی رۆژنامەوانیی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا نونەرێ ئێکەتیا ئەورپا ل هەرێما کوردستانێ کر



دوهی نیڤرۆ ٢٠٢٠/٩/٦ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ڤێنسنت پاپیو نونەرێ ئێکەتیا ئەورپا ل هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا بەحسێ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ دگەل ئێکەتیا ئەورپا و ئەو هاریکاریێن ئێکەتیا ئەورپێ ب رێکا رێککخراوێن مروڤایەتی بو ئاوارە وپەنابەران و خوجهێن پارێزگەهێ پێشکێشدکەت ب گشتی هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر و سوپاسیا نونەرێ ئێکەتیا ئەورپا و هەموو وەلاتێن دناڤا ئێکەتیا ناڤبری دا کاردکەن کر ل دۆر ئەو هاریکاریێن بو هەرێما کوردستانێ ب گشتی و پارێزگەها دهۆکێ ب تایبەتی پێشکێشدکەن و خواست ئاستێ وان هارکاریا پتر لێ بهێت و بەرهەڤیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هەڤکاریەکێ. هەژی گوتنێ یە ئێکەتیا ئەورپی پشتەڤانیا چەندین پروژێن مروڤایەتی و خزمەتگوزاری ل سنورێ پارێزگەهێ دکەت و گرنکترین پروژە ل روژێن دەربازبوی هاتبو ڤەکرن ئەوژی ڤەکرنا قوناغا پێنجێ ژبەرفرەهکرنا نەخوشخانا هیڤی یا زاروکان بوو کوئێکەتیا ئورپی ب کوژمێ ٢٢٠هزار یورویا پشکداری تێدا کربو.



لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان سەردانی دەروازە سنوورییەکان دەکات

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی و ئاگادارکردنەوە لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکان، لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا سەردانی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

زیاد جەبار، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، «دوای چەندین کۆبوونەوە وەکو ئەرکی پیشەیی خۆمان کە بڕیتییە لە چاودێریکردن، بڕیارماندا سەردانی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیمان هەبێت لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان لە تەواوی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان».

ئەندامەکەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا، پێشتر لیژنەی دارایی ڕاپۆرتێکی وردی ئامادەکردبوو کە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە پەرلەمان و ڕاپۆرتەکەیان پێشکەشکردوون، چەندین تێبینی و ڕاسپاردە ئامادەکرابوون بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر بکات.

زیاد جەبار باس لەوە دەکات، بۆ ئەو مەبەستە وەکو لیژنەی دارایی بڕیاریان داوە سەردانی یەکە بە یەکەی خاڵە سنوورییەکان بکەن، پاشان ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکان لە خاڵە سنوورییەکان ئامادەبکەن و ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە لایان دروستدەبن دەدەنە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، «سەردانی لیژنەی دارایی لە چوارچێوەی ئەو داواکارییەدایە کە پێشتر لە لیژنەی دارایی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە بۆ چاکسازی. پێشتریش پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ی بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دەرکردووە کە بڕیتییە لە چاکسازیکردن لە خەرجی لە هەرێمی کوردستاندا».

زیاد جەبار دەشڵێت، «حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین بڕیاری داوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەرچاوەکانی داهات چاکسازی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لە ئەمڕۆوە سەردانی خاڵە سنوورییەکان دەکەین و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتییش لە ئەنجامەکان ئاگادارەدەکەینەوە».

ئوسامە نوجێفی بۆ (خەبات):

ئەگەر هەڵبژاردن لەسەر بنەمای فرەبازنەیی بێت ئەوا سوننە دەبێتە خاوەنی ١٠٠ کورسی پەرلەمان



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

سەرۆکی پێشووتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئوسامە نوجێفی لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات گەشبینی خۆی بە سیستمی فرەبازنەیی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی عێراق دەربڕی و گوتی پێشبینی دەکەم سوننە لەم هەڵبژاردنەدا نزیکەی ١٠٠ کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بباتەوە.

ئوسامە نوجێفی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی سوننە و سااڵنێکە نیگەرانی خۆی لە فەرامۆشکردن و پەراوێزکردنی عەرەبی سوننە لە عێراقدا دەردەبڕێت لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامەی خەبات گوتي: ئەگەر فرەبازنەیی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی عێراق پەیڕەو بکرێت و خەڵکی سوننەش بە فراوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن ئەوا پێشبینی دەکەم تەنها لەبەغدا سوننە ببێتە خاوەنی ٣٥ کورسی و لە هەموو عێراقیشدا نزیکەی ١٠٠ کورسی ببینەوە.

نوجێفی گوتیشی: ئەگەر کورد و سوننە و مەسیحی و کەمینەکان ڕێکبکەون، ڕەنگە لەهەڵبژاردنی داهاتوودا شیعە گەورەترین کوتلەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران نەبێت. گوتیشی دەکرێت لیستی هاوبەش لەنێوان کورد و سوننە و شیعە و مەسیحی و تورکمان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دروست بکرێت بۆ تێپەڕبوون لە ململانێی تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی.

ئەحمەد داودئۆغلۆ:

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پشت بە هیچ ستراتیژییەتێک نابەستێت



ئەحمەد داودئۆغلۆ سەرۆکی پارتی (ئایندە) و سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا، پێی وایە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا تورکیا بەتەنیا ماوەتەوە و هەموو وڵاتان هەڵوێستیان دژی تورکیا وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تورکیا لەڕووی سیاسەتی دەرەوە لاوازە. داودئۆغلۆ لە پێگەی خۆی لە (فەیسبووک) بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە و، لەوێدا ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەگرێت. داودئۆغلۆ نووسیویەتی: تاکە وڵات لە دەریای سپی پشتی تورکیای گرتبێت ئازەربایجانە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕووسیا، فەرەنسا، میسر، یۆنان و قوبرس و ئەمەریکا دژی تورکیا وەستاوەنەتەوە، ئەمەش بە ناحەقی بەرامبەر بە تورکیا نابینم، بەڵکوو ئەوە لاوازیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نیشان دەدات. ئەو باسی لەوەش کردووە: بەداخەوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پشت بە هیچ ستراتیژییەتێک نابەستێت و هیچ ستراتیژییەکی نییە لە سیاسەتکردن، ئەوەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بییەوێت و بە دڵی بێت، ئەوە جێبەجێ دەکەن.

یادەوەرییەک بۆ کۆچی دوایی عەلی شنگالی تێکۆشەر



ساسان دەروێش – هۆڵەندا

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لەم غوربەتەدا، هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەر و سەرکردەی ماندوونەناس و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (عەلی شنگالی) م بیست، هاوڕێ و هاوخەباتی باوکی شەهیدم محەمەد دەروێش نادر، بەو بۆنەیەوە هاوخەمی خۆم دەردەبڕم بۆ کەسوکار و هاوخەباتەکانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بەدوورین. کۆچکردوو هەموو ژیانی خۆی لە خزمەتی ڕیبازی پیرۆزی بارزانی و پارتیدا بەسەر بەرزانە بەڕێکرد و لەلایەن سەرۆک بارزانی میدالیای بارزانیی نەمری پێبەخشراوە و بۆ چەند جارێکیش بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی زۆرکاری گرنگیشی لەناوپارتیدا گرتۆتە ئەستۆی خۆی و دڵسۆزانەش هەموویانی بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕاندووە .

دەمەوێت بەم بۆنەیەوە بیرهێنانەوەیەک وەکو خۆی لە پەرتووکی «سیمای شەهید محەمەد دەروێش نادر لە ئاگری زەبوور» دا کە لەساڵی ١٩٩٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە لە نووسینی جێگەی متمانەی بارزانیی نەمر کە هەمیشە وەک کوڕی خۆی ئاماژەی بۆ کردووە و ناوی هێناوە .

بوونی خوالێخۆشبوو عەلی شنگالی بە بەرپرسیارێتی لقی چواری پارتی لە سلێمانی پەیوەندی باوکم و نێوانیان بەهێزتر دەبێت و لە هەندێ کار و چالاکیشدا پێکەوە هاوبەشی دەکەن و بارزانیی نەمری لێ ئاگادار دەکەنەوە و ئەم بەرپرسیاریەتییەش هاوکات دەبێت لە ئەنجامدانی لێدانی بیرە نەوتەکانی زەبووربە سەرکردایەتی باوکی شەهیدم و ڕێنمایی بارزانیی نەمر کە دەنگ و سەدای شۆڕش و پێشمەرگەیان گەیاندە دنیا و ئاژانسەکانی جیهانی، سەرۆک مەسعود بارزانیش لە پەرتووکی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٦٥ ئاماژەیەکی جوانی بەسەرکەوتنی ئەو داستانە کردووە، سەرئەنجام بە داخەوە لە لایەن نەیارانی کورد لە باتی پاداشتی دەستخۆشی و لە ئامێزگرتنی تیرۆر و شەهیدیان کرد لە ١٩٦٩/٤/٢٦. ناسینی من و خوالێخۆشبوو عەلی شنگالی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٣ کاتێک سەرقاڵی کۆکردنەوەی یاداشتەکانی باوکی شەهیدم بووم بۆ پەرتوکەکەی لە سلێمانی و دواتر لە پیرمام بۆ چەند جارێک بە دیداری گەیشتووم و هەمیشە بەڕێز و خۆشەویستییەوە باسی باوکم و بەسەرهاتە مێژوویەکانی ئەو سەردەمانەی بۆ دەکردم بەم سەرە قەڵەمەش بەشداری کرد لە پەرتوکەکەم، ئەمەش دەقی ناوەڕۆکی نووسراوەکەیەتی لەلاپەڕە ١٤٢ی پەرتوکەکەم:

شەهید محەمەد پیاو بوو، کورد بوو، دڵسۆز بوو.. زۆر چاک لە بیرمە کە تەقینەوەیەکی گەورە بوو. من بەکاری حزب لە شوێنێک بووم، پاشان بیستم کە ئەو داستانە مەزنەی زەبوور شەهید محەمەد قیادەی کردووە، بەڵام ناسیاوی و پەیوەندی من و شەهید محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٥ کە ئەو کاتە من لێپرسراوی لقی سێ و لقی چوار بووم، لە سەرەتای ١٩٦٥ تا ماوەی ٩ مانگ پەیوەندی گەرمان هەبوو، بەڵام موتەمەسیک و دڵسۆز بوو بۆ کورد و پارتی و بارزانی، بەڵام گەنجێکی وریابوو، ئەفکاری زیرەکانەی هەبوو، بەڵای منەوە گەورەترین وەسیقە ئەوەیە کە بە فەرمانی مەلا مستەفا ئەو کارە گەورەیەی کرد لە کەرکووکدا. بەنیسبەت کۆنگرەی ٦ محەمەد ئەندامی کۆنگرە بوو، ئەوکاتە کۆنگرەی ئێمە لە مەخزەنی توتنی قەڵادزە بوو، بەڵام بۆ دەوری چالاکی ئەو لە کۆنگرەدا لە مانگی ٥-٦ ی ئەوکاتەی کۆنگرەدا، جەولەیان کرد بە کوردستاندا بۆ هاندانی هەڤاڵانمان بۆ سەرخستنی کۆنگرە ..

- عەلی شەنگالی ١٩٩٣

تەندروستیی عێراق: دەبینە یەکەم وڵات لە هاوردەکردنی پێکوتەی دژەکۆرۆنا



وەزیری تەندروستیی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە وڵاتەکەی دەبێتە یەکەم وڵات لە هاوردەکردنی پێکوتەی دژەکۆرۆنا. حەسەن تەمیمی، وەزیری تەندروستیی عێراق بە میدیای فەرمیی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، وەزارەتەکەی چاوەڕێی پەسەندکردنی پێکوتەی دژەکۆرۆنای وڵاتان لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە دەکات. حەسەن تەمیمی هەروەها ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی دەبێتە یەکەم وڵات لە هاوردەکردنی پێکوتەی دژەکۆرۆنا، دوای ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پێکوتەکە پەسەند دەکات. تا ئێستا ٢٥٦ هەزار و ٧١٩ کەس لە عێراق تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەشدا، حەوت هەزار و ٤٢٢ کەس گیانیان لەدەست داوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان:

چوار وڵات ڕووبەڕووی کەمخۆراکی دەبنەوە

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات و ڕایدەگەیەنێت، وڵاتێکی عەرەبی و سێ وڵاتی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی هەژاری و کەمخۆراکی دەبنەوە. دوێنێ شەممە ٥-٩-٢٠٢٠، ئاژانسی ئەسۆشێیتد پرێس بڵاوی کردووەتەوە، کە ئەنتۆنیۆ گۆتێرس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاندووە، ئاسایشی خۆراك لە وڵاتانی یەمەن، کۆنگۆی دیموکراتی، نایجیریا و باشووری سودان بەرەو خراپی دەچێت.

ئەنتۆنیۆ گۆتێرس هەروەها ڕایگەیاندووە، کە هەژاری و نەبوونی خواردن هەڕەشەی مردن لە چەندین ملیۆن کەسی ئەو وڵاتانە دەکەن و پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش بە پەلە دەستوەردان لە داهێشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان لەو وڵاتانە بکات، چونکە بە دادگەری دابەش ناکرێن.



بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەک بووە هۆی لێپرسینەوە لە وەزیرێکی هۆڵەندی



ساسان دەروێش – هۆڵەندا

چەند ڕۆژێکە لەنێو ناوەندەکانی سیاسەت و پەرلەمان و میدیاکاران و هاوواڵتیانی هۆڵەندا، باس و خواستێکی گەرم و گەورە لەسەر وەزیری داد و ئاسایش و ناوخۆ دەکرێ، ئەمەش لە دوای بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی سەرنجڕاکێش لە مەراسیمی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی هۆڵەندییەوە لە دوورەوە چرکابوو، ئەویش بۆ ڕای گشتی بڵاوکردبووەوە کە گوایە وەزیر پێشێلکاریی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پەتای کۆرۆنا یاساو ڕێساکانی وڵاتەکەی کردووە کە خۆشی بڕیاردەری بووە لەوەی هاووڵاتیان پێویستە مەتر و نیوێک لەیەکتر دووربن، بەڵام وەزیر و میوانەکانی دووربوون لە ڕێنماییەکان و قەرەباڵغی و نزیکیان لەیەکەوە هەبووە کە لە وێنەکاندا بە ڕوون و ئاشکرا دیارن. بەمەش یاسایان شکاندووە و کەوتنە بەردەم ناڕەزایەتییەکی زۆری شەقام و خەڵک و شرۆڤەکاران و تانە لێدانی هاووڵاتیان کە گوایە هاووڵاتی ئاسایی لەسەر سەرپێچییەکانیان لەوبارەیەوە سزای دارایی دەکرێن و لەبەرامبەر ئەمەشدا هاووڵاتیان داوا دەکەن وەزیریش باجی ئەو پێشێلکارییە بدات.

لە کاردانەوەیەکیشدا نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی هۆڵەندا داوای نەك هەر سزای دارایی دەکەن بەڵکو داوای دوورخستنەوەی وەزیرەکەش بە گوێی حکوومەتدا دەدەن و هەروەها بانگهێشتی ناوهۆڵی پەرلەمانیشیان کرد بۆ بەردەم ئەندامانی ژووی دووی هۆڵەندا بۆ لێپێچینەوە.

دواجاریش جەنابی وەزیر لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان و میدیاکاندا داوای لێبوردنی کردو گوتی: من هەڵەیەکی گەورەم کردووە، دەبووایە من نموونەیەکی جوانی پەیڕەوکردنی یاساکان بوومایە، بەڵام یاسام پێشێلکردووە لەمەراسیمی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەم و پابەندنەبوونی میوانەکانم لە نزیکیان لەگەڵ یەکتر. جێی باسە فرێد خراپەر هاوس وەزیری دادو ئاسایش و ناوخۆ لە پارتی مەسیحییەکانە لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری ئەمستردام لەدایکبووە و هەر لەوێش نیشتەجێیە و خاوەنی بڕوانامەی بەرز و ئەزموونی کارکردنە و لەمێژیشە لەنێو سیاسەت کار دەکات تا گەیشتۆتە پلەی وەزیری .



ئیتالیا.. گردبوونەوە دژبە ڕێوشوێنەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا

سەدان کەس لە ئیتالیا ئیدانەی ڕێوشوێنەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیان کرد. نزیکەی دوو هەزار کەس لە ئەندامانی گرووپێکی ڕاستڕەوی پەرگیر کە ناویان لە خۆیان ناوە «نکۆڵیکاران» لەژێر دروشمی «دژبە دیکتاتۆرییەتی تەندروستیین» لە گۆڕەپانی Bocca della Verita لە ڕۆمای پایتەخت بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گردبوونەوە.

لە گردبوونەوەکەدا داکۆکی لەوە کرا کە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانە تەنها بووەتە هۆی برسێتی و بێکاری، هەروەها زوو زوو دروشمی «ئازادی» دەگوترایەوە و بەشداربووان ڕەچاوی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتییان نەدەکرد و دەمامکیان نەبەستبوو.

ژمارەیەک بەشداربووی گردبوونەوەکە لە لێدوانەکانیاندا بۆ میدیاکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڤایرۆسەکە مەترسییەکی ئەوتۆی نەماوە و ئەوان ئازادییان دەوێت. لە بەرامبەردا بەرپرسە پەیوەندیدارەکانی ئیتالیا، نیگەرانی خۆیان لەو گردبوونەوەیە دەربڕی بەوەی ڕەچاونەکردنی ڕێوشوێنەکان مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە زیاتر دەکات، تیشیشکیان خستە سەر ئەوەی کە دەبێت بەرەنگاری کۆرۆنا ببنەوە، نەوەک نکۆڵی لێ بکەن.

جێی باسە بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی ئیتالیا لە میانی دوا ٢٤ کاتژمێردا، هەزار و ٦٩٥ حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمار کراوە و ١٦ تووشبووی دیکەیش گیانیان لەدەستداوە. بەمجۆرەش تا ئێستا ٣٦٧ هەزار و ٣٣٨ کەس لەو وڵاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و ٣٥ هەزار و ٥٣٤ تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.

هەرێمی کوردستان.. 574 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 21 تووشبووش گیانیان لەدەست دا

دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی تووش بوون و چاکبوونەوە و مردنی بەکۆرۆنا لەشارەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت لەماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ٥٧٤ کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و ٢٩٩ تووشبووش چاکبوونەتەوە، ٢١ کەسیش لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بەکۆرۆنا مردن. ئەمەش دەقی ڕاگەیاندراوەکەیە:




ڕاگەیاندراوی 24 کاتژمێری تایبەت بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID19 ژمارە 193:

-1 کەرەنتین: (هیچ هاوواڵاتی نوێ کەرەنتین نەکراون)
هیچ هاوواڵاتی لە کەرەنتینی نەماونەتەوە.
-2 پشکنین: 5413 پشکنینی نوێ: «1511 هەولێر، 682 سلێمانی، 167 گەرمیان، 2985 دهۆک، 68 هەڵەبجە».
-3 تووشبوو: 574 تووشبووی نوێ: «121 هەولێر، 68 سلێمانی، 21 گەرمیان، 336 دهۆک، 28 هەڵەبجە».
-4 چاکبوون: 299 چاکبوون: «221 هەولێر، 26 سلێمانی، 27 گەرمیان، 25 هەڵەبجە».
-5 مردن: 21 مردن: «7 هەولێر، 10 سلێمانی، یەک ڕاپەڕین، دوو دهۆک، یەک هەڵەبجە».

ئاماری گشتی:
کەرەنتین هاوواڵاتی 21871 «21871 دەرچوو»
پشکنین: 343735: «133809 هەولێر، 92720 سلێمانی، 113950 دهۆک، 3256 هەڵەبجە».
تووشبوون ٣٢٢١٠ (١٢٩٠٢ هەولێر، ١٢٦٤٥ سلێمانی، ٥٦٢٠ دهۆک، ١٠٤٣ هەڵەبجە)
چاکبوون ٢٠٤٩٢ (٩١٠٦ هەولێر، ٨٤٨٥ سلێمانی، ١٩٤٦ دهۆک، ٩٥٥ هەڵەبجە)
لەژێر چارەسەر ١٠٥١١ (٣٣٤٥ هەولێر، ٣٤٩٧ سلێمانی، ٣٥٩٩ دهۆک، ٧٠ هەڵەبجە)
مردن ١٢٠٧ (٤٥١ هەولێر، ٦٦٣ سلێمانی، ٧٥ دهۆک، ١٨ هەڵەبجە)

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی داشبۆردی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لەم لینکە (https://gov.krd/coronavirus/dashboard/).

ماکرۆن.. لە بەیروتەوە بۆ عێراق



شەنگە هاوار کاکەیی*

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر داوای ئیمانوێڵ ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و چەندین دیداری گرنگی ئەنجام دا، هەرچەندە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی بەغدا لە چوار چێوەی هەمان ماف و خواستە دەستوورییەکان دەخولایەوە، بەڵام ئەمجارە کۆبوونەوەکان بە چاودێری و بەپاڵپشتی حکوومەتی فەرەنسی بوو، بێگومان ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش گرنگی خۆی هەیە. ئەم دیدارانەش پاش سەردانە فەرمییەکەی سەرۆک ماکرۆن بوو بۆ وڵاتی لوبنان و چاوپێکەوتنی بە سەرۆکی ئەو وڵاتە میشیل عۆن و گەورە بەرپرسانی لوبنان بۆ شەنوکەو کردنی پەیوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

دیارە سەردانیکردنی هەردوو وڵات لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەڵگری دیدگایەکی ئاشکرایە کە هەردوو وڵات بە یەک فۆبیای سیاسی مەزهبگەرایی دەناڵێنن و لەم هەلومەرجەدا پێویستە دەنگی نێودەوڵەتی بیستڕێت و ئەم هاوکات بوونەش پردێکی پەیوەندی گونجاو بۆ پەرینەوە بەرەو سەقامگیری ناوچەکە وەکو میکانیزمی دەستپێشخەری لەلایەن حکوومەتی فەرەنساوەلە بوونی ڕوئیایەکی یەکگرتووی نێودەوڵەتی بەتایبەتی پاش ڕووداوی تەقینەوەی بەندەری بەیڕووت کە پەنجەی تۆمەت ڕاستەوخۆ ئاراستەی حزبوللای لوبنانی کرا و لە دۆسی کوشتنی حەریریش کە زۆر بە ڕاشکاوانە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای گروپی حزبوللای چەکداری تاوانبار دەرخست. بۆیە پشتگیری و پاڵپشتیکردنی حکوومەتی فەرەنسی و خودی ماکرۆن لەم ڕووداوانەی دواییدا لەلوبنان دەرکەوت کەوا چەند لە خەمی بەیروتن، بەتایبەتیش لە ناردنی هێزی یونیفیڵی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتەکەیان بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەقامگیری و ئاشتی لەناوچەکەو بوونیادنانەوەی لوبنانی تازە. بۆیە لەم دەرهاوێشتانە و لەم نەخشە ڕێگەیە ئاییەدا لە سەردانی ماکرۆن بۆ عێراق ئەمجارە پێشبینی دەکرێ هەڵگری هەمان ئامانج بن کە لە هەگبەی سیاسەتوانانی فەرەنسایە، کە ئەویش سەرهەڵدانی دیموکراسییەتە لە وڵاتێکی فرەمەزهبی و فرەپێکهاتهیی و لە قەوارەی دەستوورێکی باوەڕپێکراو.

ئەم چاو پێداخشاندنە سیاسییەی لە دەفتەری هەردوو وڵات و سەرقاڵی ماکرۆن و سەردانە کورتەکەی بۆ عێراق کە تەنها چوار کاتژمێری خایاند، کە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکێکی کوردیدا دووپاتی هەمان دیدگاو هەمان مەساری پێگەیشتنی نێوەندگیریی نێودەوڵەتییەکانە لە بەرقەرارکردنی دیموکراسییەت و ئاشتی و دیموکراسی لەسەقامگیریی ئاشتەوایی نێوان هەولێر و بەغداشەوە هەمان بەرەنجامە. ئەگەرچی ڕابەرایەتی ئەم نێوەندگیرییە دەربڕینی هەمان لۆژیکی سیاسیی و هەمان ستراتیژیی نێودەوڵەتیشی لەپشتە کە دەڵێ عێراق وڵاتێکی فرە ڕەنگە و کوردیش دووەم پێکهاتەیە پاش پێکهاتەی عەرەب و ئێستاش کات گونجاوە بۆ بوونیادنانەوەی عێراقێکی نوێ لە چوارچێوەی قەوارەیەکی فیدراڵی کە دان بە مافی سەرجەم پێکهاتەکان ئەنێ، گرنگترین پێکهاتەش کە کوردە گەرەکە لە سیاقێکی نێودەوڵەتیدا مافەکانی پارێزراوبن. بۆیە ئەوەی هەستی پێ ئەکرا لەم مەشهەدە سیاسییەدا بەرز نرخاندنی پێگەی هەرێمی کوردستانە،پاڵپشتیکردنی حکوومەتی فەرەنساش کە لە سێ خاڵی نەگۆڕ چڕ کراونەتەوە، لەوانە بوودجەی هەرێمی کوردستان و دەروازە سنوورییەکان و کانزا سروشتییەکان کە داهاتی نەوت و گاز دەگرێتەوە. گشتگیریی ئەلتەرناتیڤی نێوەندگیری بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان ستراتیژێکی تازە نییە لە سیاسەتی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەی سیاسەتە کە لە ڕابردوو بەرقەرار بوو لە گۆڕپانەکەدا و ڕۆڵی حکوومەتی فەرەنسیش لەمەڕ یەک ڕوئیایی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ڕابردوودا درکی پێ دەکرا،لەم بارەیەشەوە نموونە زۆرن، لەوانە ئەو وڵاتانەی لە ڕابردوو کێشەیان تێدا هەبووە و لە ئێستایشدا کێشەی تیادایە، وەکو وڵاتی لوبنان کە لە سەرەتای ئەم وتارەشدا ئاماژەمان پێدراوە، کە سەرۆک ماکرۆن پشتگیریی خۆی بە ڕاشکاوانە بۆ لونان دەردەبڕێ، هەروەها لەهەڵوێستە بەرچاوەکانی سەرۆک ماکرۆن لە وڵاتی سووریا هەمیشە دەست و پەنجەی گەرم بووە لە گەڕانەوەی یەکریزیی لەنێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە حکوومەتی فەرەنسی ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی لەمبارەیەوە هەبووە، هەروەها لە لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، هەمیسان لە سەرزەنشتکردنی وڵاتی تورکیا لە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان وەکو سەرزەنشتکارێک ڕوئیای خۆی هەبووە وئەمڕۆش لە وڵاتی عێراق لەگەڵ سەرۆکی هەرێم هەمان دەست و پەنجە نەرمەکەی لە سیاسەت دەگێڕێ و هەمان ڕۆڵی نێوەندگیری و پاڵپشتی کردنی هەیەو بەردەوامیشە.

ئەم دەرهاوێشتانە پێمان دەڵێ کە ئەم نێوەندگیرییە عێراقی و کوردییە، لەکاتێکدا هاتە ئاراوە کە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گرژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری گەمارۆدراوە و دیارە ڕۆڵی حکوومەتی فەرەنسیش لە پێشەنگایەتی و لەپێشکەش کردنی پاڵپشتی مادی و لۆجستی بۆ ئەو وڵاتانەی کەوا بە قەیران گەمارۆ دراون، وەکو سووریا و عێراق و لوبنان و دەستنێوەردانی دەرەکی ڕێگایەکی ڕاستەو لایەنێکی موستەقیمی سیاسەتیی حکوومەتی فەرەنسییە لە ڕێگای جموجۆڵە دیبلۆماسییەکانی ماکرۆن، بەبێ هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمەریکی لە گۆڕەپانەکەدا هەڵناکەن، چونکە لە مەهامی ستراتیژییان ڕوون و ئاشکرایە کە دەست بڕینی ئێرانە.

* ماستەر لەیاسای گشتی - زانکۆی حیکمە بەیروت

بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە دهۆک: تا ئێستا تەنها 35 کەس پلازمای خوێنی بەخشیوە

دهۆک ڕێکارەکانی پێدانی پلازمای خوێنی چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنای بە تووشبووانی ڤایرۆسەکە گرتە بەر



دوای ئەوەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بە شێوەیەکی زۆر لە سنووری پارێزگای دهۆک بڵاوبوویەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی دهۆک ڕێکارەکانی پێدانی پلازمای خوێنی چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنای بە تووشبووانی ڤایرۆسەکە گرتە بەر، بەڵام بە گوتەی بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە دهۆک، عادل عەبدولسەلام عوسمان بەخشینی پلازمای خوێن لەلایەن چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئاستی پێویستدا نییە و تا ئێستا تەنها، ٣٥ کەس پلازمای خوێنی بەخشیوە.

عادل عەبدولسەلام عوسمان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: تا ئێستا نزیکەی ٦٠ کەس لە چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ سەردانی بانکی خوێنیان کردووە لە دهۆک بۆ بەخشینی پلازمای خوێن، بەڵام لەو ژمارەیە تەنها لە ٣٥ کەس پلازمای خوێن وەرگیراوە، چونکە وەرگرتنی پلازما ڕێکاری تایبەتی خۆی هەیە و ناکرێت لە هەموو کەسێک وەربگیرێت.

بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە پارێزگای دهۆک گوتی: «ئەو کەسانەی کە پلازمای خوێنیان دەبەخشن دەبێت ١٤ ڕۆژ تێپەڕبووبێت لەسەر چاکبوونەوەیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەبێت جەستەی ئەو کەسە دژەتەنی دورست کردبێت و چەندین پشکنین بۆ خوێنەکەی دەکرێت لە بانکی خوێن و دوای ئەوەی کە هەموو پشکنینەکانی تەواو دەردەچن، ئینجا دەتوانێت پلازمای خوێن ببەخشێت.

عادل عەبدولسەلام عوسمان گوتیشی: داتایەکی دیاریکراو نییە کە چەند کەس پێویستی بە پلازمای خوێن هەیە، بەڵام ڕۆژانە حاڵەتمان بۆ دێت کە پێویستییان بە پلازما هەیە، بەڵام بەخشینی پلازما لەلایەن چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئاستی پێویستدا نییە و ئەمەیش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە.

ناوبراو بانگەواز لە چاکبوانی کۆرۆنا دەکات و دەڵێت: بەخشینی پلازما جگە لەوەی کە کارێکی مرۆڤایەتییە لە ڕووی ئایینیشەوە چاکەیەکی ئێجگار مەزنە و لە ڕووی تەندروستیشەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، بەتایبەتیش لە کاتێکی وەکو ئێستا کە بەداخەوە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدایە و زۆر تووشبوو هەن کە چاوەڕوانی وەرگرتنی پلازما دەکەن و ئازار دەکێشن و چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆناش لە هەموو کەسێک زیاتر هەست بەو ئازارە دەکەن، چونکە ئەوانیش بینیویانە.

جێی باسە تا ئێستا لە سنووری پارێزگای دهۆک پێنج هەزار و ٢٨٤ کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون کە لەو ژمارەیە هەزار و ٩٤٦ چاکبوونەتەوە و سێ هەزار و ٢٦٥ تووشبوو لەژێر چاودێری پزیشکی دان و٧٣ کەسیش بەهۆی ڤایرسەکە گیانیان لە دەستداوە.

لە چلەی ماتەمینی دایکی شەهیدان

بەڕێسی لقی (١٠) ی سۆران تاجە گوڵینەی وەفاداری لەسەر گلکۆی دایکە عایشە دانا



ڕەنجبەر بەرزنجی/سۆران

لە چلەی ماتەمینی دایکی شەهیدان لە ڕێورەسمێکدا و بە ئاماژەبوونی (عەبدولواحید رواندزی) بەرپرسی لقی (١٠) و ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئیداریی و لەشکری و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان , تاجە گوڵینەی وەفاداری لەسەر گلکۆی (دایکە عایشە) دایکی شەهیدان داندرا , لەو ڕێورەسمەدا بەڕێسی لقی (١٠) لە وتەیەکدا ئاماژەی بە ڕوودواوی شەهیدبوونی هەر سێ ڕۆڵەی دایکە عایشە لە یەك کات و ساتدا لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کرد کە لە مێژووی مرۆڤایەتی زۆر دەگمەن بووە کە سێ برا لە یەك کاتدا گیانی خۆیان بۆ بەرگریکردن لە خاك و نیشتمانەکەیان ببەخشن , ئەمەش بووە هۆکارێك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتنە سەرخەت و لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە پێشوازییان لە دایکە عایشە کرد و دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەنجامدا و سەرسامی خۆیان بەرامبەر بە قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش دەربڕی , هەروەها هەر لە دریژەی وتەکەیدا بەڕێسی لقی (١٠)ی سۆران ڕایگەیاند , پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئارامگەی دایکە عایشە بکاتە وێستگەیەك بۆ ئەوەی هەمیشە بە زیندوویی لە لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان بمێنێتەوە و نەوەی داهاتوومان بزانن کە بۆ پارێزگاریکردن لە کورد و کوردستان چ قوربانیدانێك دراوە.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی شێخ سەمەد مەلا حاجی باسەرە،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری بتوێن(شێخ سەمەد مەلا حاجی باسەرە)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی عومەر سەلیم باجلۆری،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(عومەر) کوڕی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی بە ئەمەکی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(سەلیم باجلۆری) مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کاکە عومەر بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی ئەحمەد حەسەن ڕەزاق بێشەیی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری باڵەکایەتی (ئەحمەد حەسەن ڕەزاق بێشەیی) ناسراو بە(مام شێخ)مان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزمانی گوندی بێشەیی و دۆست و ناشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

لەبارەی کاتی دەوامکردنی فەرمانبەران پارێزگاری سلێمانی بڕیارێکی نوێی دەرکرد

پارێزگاری سلێمانی بڕیارێکی نوێی دەرکرد تایبەت بە دەوامی فەرمانبەرانی سنووری پارێزگاکە و جەختەکاتەوە کە هەفتانە لە ڕۆژی یەکشەممە تاوەکو پێنجشەممە دەوامی فەرمییە، بەڵام چەند دەسەڵاتێک بۆ شێوازی دەوامکردن دراوەتە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری دامودەزگاکان.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی لەو نووسراوەدا کە دوێنێ ٦-٩-٢٠٢٠ دەرچووە و ئاراستەی هەموو یەکە کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کراوە، سەبارەت بە کاتی دەوامکردن، لە خاڵی یەکەمدا جەختەکاتەوە کە هەفتانە لە ڕۆژی یەکشەممە تاوەکو پێنجشەممە دەوامی فەرمی دەبێت.

نووسراوەکە سێ خاڵە و لە خاڵی دووەمدا پارێزگاری سلێمانی ڕوونیکردووەتەوە، کە دەسەڵاتیان داوەتە سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری دامودەزگاکان:

-پاڵپشت بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی خۆیان پابەندی سەعاتەکانی دەوامکردنی ڕۆژانە بن.

-ڕێژەی دەوامکردنی فەرمانبەران بەپێی پێویستی فەرمانگەکان و بەپێی ژمارەی میلاکەکانیان بەشێوەی نۆرە دەبێت، بەمەرجێک نەبێتە هۆی وەستانی کاری فەرمانگەکان و دواکەوتنی مامەڵەی ڕۆژانەی هاوواڵتیان.

لە خاڵی سێیەمی نووسراوەکەی پارێزگاری سلێمانیدا ئەوەش هاتووە، کە دەوامکردن لە هەموو فەرمانگەکاندا بە ڕەچاوکردن و پابەندبوون بە ڕێکارە تەندروستی و خۆپارێزییەکانی پەتای کۆرۆناوە دەبێت.

ڕۆژی پێنجشەممە ٠٣/٠٩/٢٠٢٠ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی باڵوکردەوە و ڕایگەیاند، دەوامی فەرمانبەرانی حکومەت لە ڕۆژی یەکشەممەوە تاوەکو پێنجشەممە لە کاژێر ٠٨:٠٠ـی بەیانی تاوەکو ٠٣:٠٠ـی دوای نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت و لەکاتی دەوامیش دەبێت پابەندبن بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.

دهۆک.. پارێزگەر تەکەزی ل سەرنەهێلانا زێدەگاڤیا و کێمکرنا روتینێ کر

خەبات/دهۆك- دوهی سپێدێ ٢٠٢٠/٩/٦ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ کۆمبوونەکا تایبەت دگەل قایمقامێن قەزایێن دهوك و سێمێلێ و ڕێڤەبەرێن ناحیێن هەردوو قەزا ئەنجامدا. دکومبونێدا بەحسێ دیاردا زێدەگاڤیا ل سنورێ هەردوو قەزایێن ناڤبری و کارێ لێژنێن تایبەت بو کێمکرن و نەهێلا هەر زێدەگاڤییەکێ ل سنورێن هەر باژێرڤانییەکێ هاتەکرن. پارێزگەرێ دهوکێ دکونگرەکێ روژنامەڤانیدا گوت: ئەڤرو ئەم دگەل قایمقامێن قەزایێن دهوك و سێمێلێ و ڕێڤەبەرێن ناحیێن هەردوو قەزا کۆمبووین و ئەم ل سەر دیاردا زێدگاڤیا ل سەر ملکێن گشتی و زەڤیێن چاندنێ و دارستان و ژینگەهێ ئاخفتین و مە تەکەزیکر کو دڤێت هەر زێدەگاڤییەك ل سنورێ وان جهاِ هەبیت بهێتە ڕاوستاندن و سەردەریی ل دووڤ یاسا و ڕێنماییێن حکومەتا کوردستانێ دگەل وان کەس و لایەنان بهێتە کرن یێن زێدەگاڤیا دکەن . سەبارەت دەوامادهرمانبەران گوت: دەوام ژدەم ژمێر هەشتی سپێدێ هەتا سێی ئێڤاری دێ یا بەردەوامیت و هەر ڕێڤەبەرەك ڕێژا فەرمانبەرێن پێدڤی کو بهێنە دەوامێ دێ دیارکەت بەلێ دڤێت ب هیچ شێوەکی مامليێن هاولاتیان بێ هۆکار ژ٤٨ دەمژمێرا زێدەتر نەهێنە گیروکرن و دڤێت روتین بهێتە کێمکرن و هەموو فەرمانگەهە ڤێ بریارێ پەیرەوکەن.



پارێزگاری هەولێر بازاڕی تەیراوەی بەسەرکردەوە

سەلەربەیانی ڕۆژی ٢٠٢٠,٩,٦ د.فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، بەیاوەری هێمن قادر جێگری پارێزگار و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی ناوەند و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری شارەوانی یەک، بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی بازاڕ و کاسبکارو دوکاندارن، بازاڕی تەیراوەی شاری هەولێری بەسەرکردەوە.

پارێزگاری هەولێر، لەبەسەرکردنەوەکەیدا لەنزیکەوە لە ڕەوشی بازاڕی گەڕەکی تەیراوەی کۆڵیبەوە و گفتوگۆی لەگەڵ کاسبکار و دوکاندارانی نێو بازاڕکە و هاوڵاتیان کرد و گوێی لەگلەیی و کەم و کوڕیی و پێداویستیەکانی گرتن و پێی ڕاگەیاندن: «وەکو پارێزگای هەولێر بەهەموو شێوەک هاوکارتانین و هەرچی بە ئێمە بکرێت و بتوانین جێبەجێبکەین بەدڵنیاییەوە دریغی ناکەین».



14 کارگەهییێن بەرهەمهێنانا ئوکسجینێ ل پارێزگەها دهۆکێ کار دکەن

خەبات/دهۆك

ڕێڤەبەرێ کارگەهێن ئوکسجینی ل ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو نۆکە ل پارێزگەها دهۆکێ ١٤ کارگەهییێن بەرهەمهێنانا ئوکسجینی هەنە و بەرهەمێ وان یێ ڕۆژانا دگەهتە ١٤٦٠ بوتلییێن ئوکسجینێ هەموو نەخۆشێن پێدڤی وەردگرن. هیوا فەرید، ڕێڤەبەرێ کارگەهێن ئوکسجینی ل ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو پشتی زێدەبوونا ڕێژا تووشبوویێن کۆرۆنایێ بارگرانی ل سەر کارگەهێن بەرهەمهێنانا ئوکسجینی ژی دروست بوویە نوکە دەوام ل کارگەهێن ئوکسجینی بوویە ٢٤ دەمژمێر بتنێ کارگەها گشتی یا ئوکسجینی ڕۆژانا هەتا ٢٥٠ بوتلێن ئوکسجینی دهێنە بەرهەئینان هەروسا ل نەخۆشخانا ئازادی ل دهۆکێ دوو کارگەهێن بەرهەمهێنانا ئوکسجینی هەنە ڕۆژانا ٢٠٠ بوتلا بەرهەم دئینیت ل نەخۆشخانا تەنگاڤیان ژی کارگەهەك هەیە ڕۆژانا ٧٠ بوتلا بەرهەم دئینیت ل نەخۆشخانا ژن و زارۆکبوونێ ژی ل دهۆکێ دوو کارگەهێن بەرهەمهێنانا ئوکسجینێ هەنە ڕۆژانا ١٠٠ بوتلا بەرهەم دئینیت ل نەخۆشخانا هیڤی یا زارۆکان ژی کارگەهەکا بەرهەمهێنانا ئوکسجینی هەیە ڕۆژانا ١٨٠ بوتلە بەرهەم دئینت.



ئاشکەرا کرکو ل قەزا زاخۆ ژی دوو کارگەە هەنە ڕۆژانا ١٥٠ بوتلییێن ئوکسجینی بەرهەم دئینن ل قەزا سێمێلێ ژی کارگەهەکا ئوکسجینی هەیە ڕۆژانا ٥٠ بوتلا دابین دکەت ل قەزا ئاکرێ کارگەها ئوکسجینی هەیە بەرهەمێ وێ ڕۆژانا دگەهتە ٩٠ بوتلییێن ئوکسجینی زێدەبارێ قەزا ئامێدیێ ژی کارگەهەکا بەرهەمهێنانا ئوکسجینی هەیە.

هیوا فەرید گۆتژی: نۆکە ساخلەمیا دهۆکێ دوو کارگەهییێن دێ یێن ئوکسجینی ئێنایە ئەوژی ئێك ل نەخۆشخانا کۆرۆنایێ بەرهەمی وی یێ ڕۆژانا دبتە ١٦٠ بوتلییێن ئوکسجینی ویا دێ ژی ل نەخۆشخانا سۆتنی بەرهەمێ وێ ڕۆژانا دگەهتە ١٦٠ بوتلێن ئوکسجینی بەرهەمێ کارگەهییێن ئوکسجینی بۆ بەردەرش و شێخان ژی دهێتە ڕەوانەکرن هەتا نۆکە مە کێشە دگەل ئوکسجینی نینە ئەم ڕۆژانا بۆ نەخۆشخانەیان دابین دکەین.



هەڵەبجە..تا بینای شارەوانی نۆژەن نەکرێتەوە مامەڵەی هاووڵاتیان ڕایی ناکرێ

سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، ڕایگەیاند هەتا بینای شارەوانی نۆژەن نەکەنەوە، ناتوانن مامەڵەی هاووڵاتیان ڕایی بکەن، چونکە زۆربەی ئیشەکان پەیوەندییان بە بەشی ڕووپێوکاران و هونەرییەوە هەیە و ئەوانیش بەهۆی سووتانی بینای شارەوانییەوە کۆمپیوتەرەکانیان لەکار کەوتوون.

کوێستان ئەکرەم، لە پرێس کۆنفرانسێکدا باڵاویکردەوە: هەفتەی ڕابردوو بە هاوکاریی فەرمانبەرانی شارەوانی و بەشی خزمەتگوزاریی شارەوانی، بینای شارەوانیان تاڕادەیەك پاك کردەوە، کە لە ڕابردوودا سوتابوو، ئەمڕۆ ویستمان وەك دەستپێکی دەوام هەندێ ئیشوکاری هاووڵاتیان جێبەجی بکەین، بەڵام بەداخەوە گرفتی زۆرمان بۆ دروست بوو و نەمانتوانی ئیشی هاووڵاتیان جێبەجێ بکەین، چونکە زۆربەی ئیشەکان پەیوستن بە بەشی ڕووپێوکاران و هونەرییەوە و ئەوانیش کۆمپیوتەرەکانیان هەمووییان لەکار کەوتوون و شوێنی دانیشتنیان نییە، چونکە ژوورەکەیان هەمووی سووتاوە».

گوتی: «داوا لە هاووڵاتیان دەکەین بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان لە ئەمڕۆ بەدواوە سەردانمان نەکەن، چونکە گرفت بۆ ئێمە و خۆیشیان دروست دەبێت، هەروەها داوا لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەکەین، نووسراومان ئاراستە نەکەن، چونکە ناتوانین وەڵامیان بدەینەوە».

بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و هەناردەنەکردنی بۆ ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراق

نرخی مریشکی زیندوو جارێکی دیکەش بەرز کرایەوە





خەبات: عەلی بانیشاری

بەگوتەی مریشک فرۆشەکان خواست لەسەر کرینی گۆشتی مریشکی زیندوو کەمیکردووە. ئەوان پێیان وایە هۆکارەکە بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی ئەو جۆرە پەلەوەرەیە. بڵاوبوونەوەی نەخۆشی خەریکە خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان بە چۆکدا دێنێت. ئەو زیانەی بەر خاوەنی کێڵگەکانی بەخێوکردنی مریشک لە باشووری کوردستان کەوتووە بە 25 ملیار دینار دەخەملێنرێت. خاوەن کێڵگەیەك پێی وایە تا مریشکی زیندوو ڕەوانەی خوار و ناوەڕاستی عێراق بکرێت نرخەکەی بەشێوەی ئێستا دەمێنێتەوە.

ئاسۆ عەبدوڵڵا، لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی بۆ ماوەی 15 ساڵە دوکانی مریشک فرۆشتنی هەیە و دەڵێت: هەفتەیەك لەمەوبەر یەك کیلۆ مریشکی زیندوو لە نێوان 2100-2400 دینار بوو، بەڵام ئێستا بۆ 2850-2900 دینار بەرزبوونەتەوە. دەشڵێت: بەهۆی گرانبوونییەوە خواست لەسەر مریشکی زیندوو کەمیکردووە. بەپێی ئامارێکی نافەرمی تەنها لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا لە پارێزگای سلێمانی زیاتر لە سێ ملیۆن مریشکی کێڵگە پەلەوەریەکان مردار بوونەتەوە.

ساڵانە خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکانی پارێزگای سلێمانی نزیکەی 300 هەزار تەن گۆشتی مریشکی زیندوو بەرهەم دەهێنن. کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت تەنها لە ماوەی هەشت مانگی ئەمساڵدا 25 ملیار دینار زیان بەر خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان کەوتووە. لەلایەکی دیکەوە سۆران عەبدولغەفور، بەڕێوەبەری چاودێری بارزگانی سلێمانی دەڵێت: بڵاوبونەوەی نەخۆشی(نیوکاسڵ، ئای بی) لە نێو کێڵگە پەلەوەریەکاندا وایکردووە بەرهەمی ناوخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکات. گوتیشی: نرخی مریشکی زیندوو بەردەوام بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.

کامەران گۆران، مریشک فرۆشێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر و دەڵێت: ساڵانە لە وەرزی پایزدا نەخۆشی پەلەوەر بڵاودەبێتەوە و بەهۆیەوە مریشکی کێڵگە پەلەوەریەکان خواست لەسەر کڕینی مریشک زیاتر دەبێت و نرخەکان بەرز دەبنەوە. ئەو دۆخە بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام دەبێت و دوای ئەوە نرخەکان دادەبەزێتەوە.

دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستیان بە 148 هەزار تەن گۆشتی مریشك هەیە

نزیکەی 1700 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان هەیە

و بەهۆیەوە مریشکی کێڵگە پەلەوەریەکان کەم دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر گرانبوونی نرخی مریشك لە بازاڕدا. ئەوەشی گوت: لە دوو حەفتەی ڕابردوودا ڕۆژ هەبووە 30-35 مریشکم فرۆشتووە، بەڵام ئێستا ڕۆژانە کەمتر لە 25 مریشك دەفرۆشم. ئامارەی بەوەشدا هەرکات نرخی مریشك ڕوو لە بەرزبونەوە بکات بازاڕی سست دەبێت.

قەدری شەبەکی، خاوەن کێڵگەیەکی بەخێوکردنی پەلەوەرە لە شارۆچکەی بەرتلەی سەر بە پارێزگای نەینەوایە. ئەو گوتی: سێ هۆکار هەن نرخی مریشکی زیندوویان بەرزکردووەتەوە، ئەوانیش: -1 ڕەوانەنەکردنیەتی بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراق. -2 بڵابوونەوەی نەخۆشی پەلەوەری ناسراو بە (ئای بی، نیوکاسڵ). -3 گرانبوونی نرخی هێلکەی تروکاندن. ناوبراو گوتیشی: لەئێستادا خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان هەر جووجەڵەیەك بە 600 دینار دەکڕن، کە پێشتر نیووەی ئەو نرخە بووە. ئەمە بێ لە بوونی چەند خەرجی دیکەی وەکو ئالیك و کرێکار و پارەی ئاو و کارەبا، بۆیە خاوەن کێڵگەکان ئەگەر کیلۆیەك مریشکی زیندوو بە سێ هەزار دیناریش بفرۆشن لە قازانجیان نییە.

ئەو خاوەن کێڵگە پەلەوەریە دەشڵێت: نرخی یەك کیلۆ مریشك لە کێڵگە پەلەوەرییەکاندا لەئێستادا لە نێوان 2300-2400 دینارە، بەڵام مانگی ڕابردوو نرخەکەی کەمتر لە دوو هەزار دینار بووە. قەدری شەبەکی پێی وایە هەتا مریشك ڕەوانەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکرێت نرخی نایەتە خوارەوە. ئامارەی بەوەشدا بڵابوونەوەی نەخۆشی زیانێکی زۆر لە خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان داوە و بەرزبوونەوەی نرخ ناتوانێت قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەر خاوەن کێڵگەکان کەوتووە.

بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان نزیکەی 1700 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان مولّەتی دامەزراندن و کارکردنیان وەرگرتووە. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێویستی ساڵانەی هەر تاکێکی بۆ گۆشتی مریشك بە 23.9 کیلۆ دیاریکردووە، بەو پێیەش بێت ساڵانە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە نزیکەی 148 هەزار تەن لە گۆشتی مریشك هەیە.



دیدار سابیر

بۆچی زانکۆ و پەیمانگاکان نەکرێنەوە؟

ساڵی ڕابردوو بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خوێندن بەگشتی تووشی نەهامەتییەکی زۆر هات!ئەمەش گەورەترین زیان بوو بەر کەرتی پەروەردەو و فێرکردن کەوت، ئەمساڵیش دەنگۆیەکی زۆر هەبوو کە خوێندن بەگشتی و بەتایبەت خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان دوابخرێت، لە کاتێکدا زۆرینەی سێکتەرەکانی دیکەی ژیان ڕوو لە کرانەوەو بوژانەوەن، پرسیار لێرە ئەوەیە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان بەداخراوی بمێننەوە لەکاتێك هەموو داموەزگاکانی دیکەی حکوومەت و کەرتی تایبەت و زۆربەی هەرەزۆری بازارە قەرەباڵغ و میلییەکان و مزگەوت و کافتریا و ڕێستۆڕانت و شوێنەکانی فرۆشتن و کێشانی نێرگەلە و مەیخانەنەکان کراونەتەوە! ئەگەرچی لە بەشێك لەو شوێنانە پارەبەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان زۆر لاوازە، بەڵام قوتابی و مامۆستایانی پەیمانگە و کۆلێژەکان کە نوخبە و چینی ئایندەو ئێستای نیشتیمانن بە هەموو پێوەرێك دەبێت زۆرت پارەندبن و ڕاستییەکەیشی هەروایە.

ئەوەندەی لەم ماوەی ڕابردوو بەدیکراوە قوتابیانی پەیمانگە و زانکۆکان بەشێکی ئەکتیڤبوون لە وشیارکردنەوەو پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان هەڵمەتە خۆبەخشییەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا، بەدڵنیاییەوە لە ئایندەدو کاتی دەوامکردنیش هەروا پابەند دەبن و ڕەنگە زیاتریش بتوانن بەشداری لەو هەڵمەتانە بکەن کە بەمەبەستی خۆپارێزی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان ئەنجام دەدرێت، بۆیە دواخستنی کردنەوەی دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکان و مانەوەیان بەداخراوای گەورەترین زیان بەکەرتی پەروەردە و فێربوون دەگەیەنێت!چونکە زانکۆ و پەیمانگاکان هەردەم شوێنێکی گرینگن بۆ بەرهەمهێنانی گەنجی خوێندەوار و ئەکادیمی، هەروەها هۆکارێکن بۆ پێشکەوتنی وڵات و ئاستی ڕۆشنبیری وڵات، لەبەر ئەوەش لە ئێستادا کردنەوەی دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکان ڕەنگە بێتە هاندەرێکی باش لەسەر ڕاهێنانی تاکپارێزی.

گەلی قیامەت.. زیاتر لە 100 ساڵە ناوچەیەکی گەشتیارییە

خاوەنی سەیرانگایەک: ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو



شێروان مەلازادە



گەلی قیامەت شوێنێکی گەشتیاریە دەکەوێتە سنوری ناحیەی ئەتروش بەدووری نزیکەی 50 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆکە، شوێنەکە بەچیای زۆر بەرز دەورە دراوە و لەبناری چیاکان ژمارەیەك کانیاو دۆڵەکەیان پڕکردووە لە ئاوێکی سازگار و فێنک، چڕی و مەزنی داوە بەرزو خۆڕسکەکان بەتەوای بوونەتە بەربەست لەبەردەم تیشکی خۆر، بەو هۆیەوە ناو دۆڵەکە بەتەواوەتی فێنک بووەو لە ناوەڕاستی هاویندا هەست بەگەرما ناکەیت، بەگوێرەی وتەی ئەو هاوڵاتیانەی لەو ناوچەیە دەژین زیاتر لە 100 ساڵە خەڵك بۆ حەسانەوە ڕووی تێدەکەن.

بەپێی قسەی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە ئەمساڵ گەشتیار زۆر بەکەمیی سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە، ساڵانە ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو پڕ دەبوون لە گەشتیاری ناوخۆ و دەرەوە، بەڵام ئەمساڵ بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو گەشتیاری کەمتر دەبیندرا،

زێبار مەحمەد خاوەنی چەند کەپرێکی گەشتیاری گەلی قیامەتە و گوتی: شوێنەکەمان تابڵێی خۆش و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەمساڵ لەچاو ساڵانی ڕابردوو خەڵکێکی زۆر کەم سەردانی کردووین، کەمی گەشتیاریش هۆکاری سەرەکی ڤایرۆسی کۆرۆنایە لەپاڵ ئەمیش بێپارەیی هاوڵاتیان ئەویش هۆکارێکی دیکەیە، ئەم شوێنە بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 زۆرێك لە بەرپرسانی بەعس دەهاتن بۆ ئەم سەیرانگایە، بەڵام ئێمە لە ساڵی 2014 نۆژەنمان کردەوە.

سروشتە جوانەکەی گەلی قیامەت وای کردووە بەردەوام گەشتیار ئارەزوو بکات چەند شەوێك لەم شوێنە دڵفێنە بمێنێتەوە، بەڵام هەندێك کەموکوری نیگەرانی کردوون و گەشتیاران لەخزمەتگوزارییەکان نارازین، وەك نەبوونی شوێنی وەستانی ئوتومبێل و تەوالیت و تەنەکەی خۆڵ، فرێدانی پاشماوەی بەشێك لە گەشتیارانیش گرفتێکی دیکەیە، گەشتیارێك ئاماژەی بەدیاردەیەکداو گوتی: هیوادارم ئەو گەشتیارانەی دێن بۆ ئێرە تۆپکلی ئەو دارە جوانانە لێنەکەنەوە بە نووسینی یادگاری لەسەر قەدی دارەکان، چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی درەختەکان یاخود وشکبوونیان.





لە یادی 75 ساڵەی تۆمار کردنی داستانی بە ناوبانگی شەڕی مەیدان مۆریک لە 1945/9/5 دا


«لە 5/9/1945 و لەو رۆژەدا سوپای عیراقی بە جۆرێك تێشكا كە لەمەوپێش بە خۆیەوەی نەدیبوو، (مەیدان مۆریك) بوو بە گۆڕستانی دەسدرێژكەران. ئەو شوێنەی دەكەوێتە نیوان گوندی مەزن و هاودیان لە سەر ڕێگای ڕەواندز ـ مێرگەسۆر، شۆڕشگێڕان (دوو تۆپی 75 ملم) یان گرت، بە سەدان تفەنگ و شەست تیر دەست شۆڕگێڕان و (80) كەسیان بە دیل گرت و كۆژراوی دوژمن گەیشتە (480) كەس كە لاشەیان لە مەیدان كەوتبوو.زیانی شۆڕشگێڕان (5) شەهید بوو».

(سەرۆك مسعود بارزانی)

شەڕی مەیدان مۆریک... یەکێک لە داستانە بەناوبانگەکانی بەرخۆدانی گەلی کورد



خەبات: سەفەر ژاژۆکی



کاتێك كە مرۆڤ یادی مێژووی پرشنگداری گەلەكەی دەكاتەوە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە یاد كردنەوەی ڕۆژەكانی سەرسەختی خەبات و یادكردنەوەی یادی داستانەكانەكان و پرسەروەری گەلەكەمان كە چۆن ڕابەرانی بزاڤی ئازادی خۆیان فیدای میللەتەكەیان كردووە و باوكی كورد)بارزانیی نەمر(یەكێك لەو ڕابەرانی بزوتنەوەی ئازادیخواز بووە كە توانی ئەوەی ڕابگەینی كە كەس ناتوانی دژی مافەكانی گەلەكەی بوەستێتەوە ، بۆیە شۆڕش و بەرخودانی هەڵبژارد و گەڵ و جەماوەر هەموویان بە هەمو چینەوە چوونە پاڵ شۆڕش.

ئەمڕۆ كە یادی شۆڕشی دووەمی بارزان (1945-1943) دەكەین كە ئەو شۆڕش و سەرهەڵدان بۆ ئازادی بووە، كە بە ڕابەری كوردستان)بارزانیی نەمر(و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەكانی كە ئامادەی بەرگری و خۆفیدا كردن بوون لە پێناو خاكیان ، چەندان داستان و نەبەردایەتی قارەمانانەیان بۆ كوردستان تۆماركردووە ،لە یادی 75 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی بە ناوبانگی شەڕی)مەیدان مۆریك 5/9/1945 بە سەركەوتوویی تۆمار كرا كە گەورەترین سەروەری بوو بۆ بزاڤی كورد و كوردستان و چەند ڕوویەكی ئەو داستانە دەخەینەڕوو كە سەرۆك مسعود بارزانی لە پەرتووكی بازانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد باسی ئەو داستانەی كردووە.



شەڕدا هەڵوێست بە مجورە بوو: هێزی شۆڕگێڕان بەرەبەیەدا نزیکی 1000 چەكدار بوون لە هێلێكی بەرگریدا لە چیای قەلەندەرەوە تا چیای برادۆست و جادەی گشتی نزیك هاودیان، گوندی شێتنە كرا بوو بە بارەگای سەركردایێتی و بەڕەوڕووی لیواكانی سێ و چوار و پازدە و هێزی پۆلیس. یەكەم شەڕ لە 25/8/1945 ڕوویدا، كاتێ جەحفەلی لیوای سێ بە سەركردیەتی عەقید ڕوكن حەسیب ڕوبەیعی و هاوكاری فەوجێكی پۆلیس بۆ بەرزاییەكانی بادلیان پێشكەوت بۆ دەورەگرتن و دەست بە سەر داگرتنی دواێنی چیای قەلەندەر. شۆڕشگێڕان پێش ئەم پالامارەیان گرت و شەڕێكی قورس هەتا ئێوارەی درێژەی كێشا و دژمن ناچار كرا بكشێتەوە بۆ گەلی عەلی بەك، پاش ئەوەی بە سەدان كەلاكی مەیدانی شەڕ بە جێ هێشت كە یەكیان لاشەی موقەدەم هورمز قەیسەر بوو فەرماندەی فەوجی دوو، هێزی هەوایی و توپ نەێهشت دیلێكی زۆر بگیرێ. لە ناو شۆڕشگێڕان محەمەد سەدیق بە گوللە تۆپ بە قورسی بریندار بوو. مەلا سلێمان شێخانی و محەمەد عیسا سێلكی و عەبدوڵڵا ساڵح مێرگەسۆریش زامدار بوون. مەلاعەبدولهادی لێری شەهید بوو. هەمو ئەو شوێنانەی سوپا لە سەرەتا پەلامارێدا داگیری كردبوون، ئازاد كران و شۆڕشگێڕان ژمارەیەكی زۆر تفەنگ و كەلوپەلی سوپاییان دەست كەوت. كاتی خەبەری محەمەد سەدیق گەیشت، محەمەد خالد و سادق خۆیان گەیاندە بەرەی شەڕ. سوپا تا ڕۆژی 5/9/1945 پەلامارێ وەستاند، شەڕ بریتی بوو لە بۆردومانی تۆپ و هێزی هەوایی بۆ سەر بەرەو گوندەكان.

•لە بارەی شەڕی بە ناوبانگی (مەیدان مۆریك) سەرۆك (مەسعود بارزانی) دەنووسێت:

لە 5/9/1945 و لە ئەو ڕۆژەدا سوپای عیراقی بە جۆرێك تێشكا كە لەمەوپێش بە خۆیەوەی نەدیبوو، (مەیدان مۆریك) بوو بە گۆڕستانی دەسدرێژیكەران. ئەو شوێنەی دەكەوێتە نیوان گوندی مەزن و هاودیان لە سەر ڕێگای ڕەواندز ـ مێرگەسۆر. هێزی سەفوەت بوو لە سێ لاوە هێرشی هێنا بۆ داگیر كرانی برادۆست و قەلەندەر. هێزی گەورەش لە گەڵ تۆپ و تاڵیات بەرەی هاودیان و مەزنە داهات. شۆڕشگێڕان لەم لاو لەولای دۆڵەكەدا پێشی پەلامارێان گرت و نەیانهێشت سوپا بێتە پێشەوە، بەڵام لە ناو دۆڵەكەدا بە چەشنێكی ڕێك و پێك كشانەوە تا ڕایكێشنە شوێنی پێویست بۆ پەلامارادانی، كە ئەو شوێنە پێویستە (مەیدان مۆریك) بوو. دوژمن وا تێگەیشت كە سەركەوتنی گەورەی بە دەست هێناوە و بەرەبەرەكانی شۆڕشگێڕانی لە ناو دۆڵەدا لە ناو بردوە و ڕێگای بۆ تاڵیات بە كاڵا كردووە، فڕۆكەیش بە ئاسانی شەڕدا دەسۆڕایەوە و پشتگیری لە هێزی زەوی دەكرد. تاڵیات و تۆپ گەیشتە (مەیدان مۆریك) و سوپا لەوێ دابەزی دەیوست بنكەی هێزەكانی لێ دابنێ، پێش تاریك داهاتن بە ساعەتێك شۆڕشگێڕان پەلامارى گشتییان بردە سەر هێزی ڕەواندز لە بەرزاییەكانەوە و لە دۆڵەوە لە هێلەكانی پشتەوە بەیەكجار شەڕەكە ئەوەندە تووندوتیژ بوو كە هەر دوو لا زۆر جار چەكی دەستی(خەنجەر) یان بە كار دەهێنا. ئەم شەڕە بە كارەساتێك بۆ دوژمن تەواو بوو، ئاڵۆزی كەوتە ڕیزەكانیەوە و شوێنەكانی یەك لە دوای یەك دەڕووخان و شپرزەیی كەوتە ڕیزی هێزە بەزیوەكانی و هەر پارچەیان بێ گوێدانە فەرمان بە لایێكدا بڵاو بوون.

•لە بارەی دەسكەوتەكانی داستانی مەیدان مۆریك و زیانی شۆڕشگێڕانە دا، (سەرۆك مەسعود بارزانی) دەڵێت:

ئالیاتەكان تێك شكان، لەشەڕی(مەیدان مۆریك)حكومەت توشی شكستێكی خراپ هات، شۆڕشگێڕان (دوو تۆپی 75 ملم) یان گرت، بە سەدان تفەنگ و شەست تیر دەست شۆڕگێڕان و (80) كەسیان بە دیل گرت و كۆژراوی دوژمن گەیشتە (480) كەس كە لاشەیان لە مەیدانا كەوتبوو. زیانی شۆڕشگێڕان (5) شەهید بوون :

1 ـ حەسەن بەگ میر محەمەد بێر سیا ڤی .
2 ـ یوسف كركەمۆیی.
3 ـ مەلاسوار عومەر سواری.
4 ـ عەلی جوجك خەدونی.
5 ـ مستەفا عومەر باویی.

و ژمارەیەكی شۆڕشگێڕان لەم شەڕدا بریندار بوون، ئەم شەڕە تێسرەواندنێكی كوشندە بوو كە وەی دوژمنی بەجارێك هێنایە خوار و نیشانەی دا كردن و خۆنەخۆش خستن لە ناویاند بڵاوبۆوە، بە جۆرێك سەركردایێتی سوپا لە ئیجازەدان بوەستێ و تەنیا بریندارى قورس رابگوێزرێ، لە هەموو لایەك نوختەی پشكنین دانرا كە ڕاكردووەكان دەسگیر بكەن. حكومەت لە ئاكامی بەزینی هێزەكانی لە شەڕی (مەیدان مۆریك) 5/9/1945 دا تووشی هیوا بڕان بوو، لە گەڵ بۆردومانی تۆندی هەوایی و تۆپ، سەركەوتن هەر بە دەست شۆڕشگێران مایەوە.

•هەر لە سەر یادی شەڕی (مەیدان مۆریك)، سەرۆك (مەسعود بارزانی)لە نووسینەكانی دەڵێت:

لە ساڵی 1964 دا ڕێم كەوتە سلێمانی ، لەو سەردەمەدا شەڕ وەستا بوو، بە ناو بازاڕا دەڕۆیشتم فەرماندەی فەوجەكەی ئەوێ لە دوكانێك كردم و ویستی نانی نیوەڕۆ پێكەوە بخوێن، فەرماندەكە عەقید سەعب ئەلحەردان بوو، لە نێوان قسەكردنا باسی شەڕی (مەیدان مۆریك) هاتە پێش كە ئەوساكە پلەی مولازم بووە و بەشداری ئەو شەڕەی كردووە، زۆر باسی ئازایەێتی بارزانییەكانی كردو گێڕایەوە كە هیزەكەی بەرپەلامارێكی تۆند كەوت و زیانی زۆری پێگەیشت و ئەو خۆیشی لاقی بریندار بوو، دانی بەوە دانا كە هێزەكانی سوپایی لەومەیدانەدا توشی چ كارەساتێك هاتوون. پاشان هاتە سەر ڕووداوێكی تر كە لە تەموزی 1963 دا هاتۆتە پێش خۆی كاتێ فەرماندەیی گەلەجاشێكی دەكرد. بۆ گرتنی شوش و شەرمنی سەر بە ناوچەی ئاكرێ ، كە چۆن لە دژە هێرشدا تا سەربازگەی ئاكرێ ڕاوانراون هەروا بە گەمەوە گوتی: بارزانییەكان لە شەڕی ساڵی 1945 دا لە ئێستا ئازاتر بوون، پێم گوت: بارزانییەكان هەر ئەوانی ئەوسان، بەڵام چەكیان هەرچەكە كۆنەكانی ئەوسا، كەچی ئیوە تازەترین چەكتان هەیە لە فڕۆكە و تۆپ و دەبابە. بەرێكەوت حەسۆ یوسف یەكێ لە قارەمانەكانی شەڕی مەیدان مۆریك و عەمەراغا قارەمانی شەڕی شوش و شەرمن لە گەڵیا دانیشتبوون، بە یەكترم ناساندن، لە جێی خۆی هەستاو ماچی كردن و پیاوانە گوتی من پیاوی نازا، دوژمنیشم بێ دەیخەمە سەر سەرم سوپاسمان كرد و بە ڕێی خۆمان دا ڕۆیشتین.

شەڕی (مەیدان مۆریك) یەكێكە لە شەڕە بەناوبانگەكان لە مێژووی گەلی كوردمان كە پرپەتی لە فیداكاری، لەم شەڕدا پێشمەرگەكان گرنگترین نموونەی قارەمانی و فیداكاریان پیشاندا.

ئەوەی ئیستا لە كوردستانی ئازادا دەڕین بەرهەمی داستانی (مەیدان مۆریك) و سەدان داستانی شۆڕشگێڕانەی هەمو پێشمەرگە قارەمانەكانی كوردستانە، لەم یادەدا هەمو لایەنی سیاسی دەبی یەك بن بۆ كوردایەتی و یەك بریار لە پێناو كوردستان و ئەمڕۆش لە سایەی حەكیمانەی جەنابی سەرۆك بارزانی كوردستان بەرەو پێشەوە چووە و تەبایی و ئاشتی لە سایەی سەرۆك بارزانی بەرقرارە و لەو بارودۆخە و وەزعی ئەمڕۆی كوردستان تەنها سەرۆك بارزانی دەتوانێ خزمەت بە كرودستان بكات.

سەرچاوە: كتێبی،(بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد -1931 1958)

لە یادی ڕاپەڕینی 6 ی ئەیلوولی 1930 بەردەرکی سەرای سلێمانی دا

حەمەسالّح سەعید: ئەو جوڵانەوە مێژوویەی شەشی ئەیلوولی 1930 بابەتی و هۆشیارانە بووە بۆ ڕەتکردنەوەی پیلانی دژ بە کوردی نەیاران و دوژمنان و کارێکی هۆشیارانەی نەتەوەیی بوون


خۆپێشاندانەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوولی 1930

زانیار سەردار قەرەیی/ سلێمانی بەشی دووەم

یەکێک لە ڕۆژە خوێناوی و مێژوویەکانی شاری سلێمانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانییە، کە لە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی سالّی 1930یەوە، کە جەماوەری شاری سلێمانی لەو دەمەدا دژی داگیرکەران و خۆفرۆشان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەوسەردەمە ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەو معاهەدەی نێوان حکومەتی عێراق و ئینگلیز کە بەسترابوو، دوابەدوای ئەوەیش کورد داوای مافی خۆی دەکرد.. لە ئەنجامی وەڵامی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەسەڵاتدارانی عێراق بە دەسڕێژی گوللە وەڵامیان دانەوە و هێرشیان کردە سەریان، لە ئەنجامدا (دەیان) کەس لە هاووڵاتیانی سلێمانی بە گوللەی دوژمنان شەهید بوون و بە دەیانی تریش بریندارکران و، (سەدان) کەسیش چەوتەکانی تێناگەین، دەرناکەوێت و لێکنادرێتەوە.

ئەو ڕاپەڕینەی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕووداو و خۆپێشاندانێکی ڕەتکەرەوەی ڕژێم بوو کە بۆچی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ناکرێت بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی کورد. ڕەتکردنەوەی ئەو ڕژێم و دەسەڵاتە بوو کە دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی بێ وەڵام و بە نیخەنیخی دواخەر و بەمەبەست – منەوەرانی کورد – جیا لە هەوڵی شێخ مەحمودی نەمر و دوور لەو هاتنەپێشەوە بۆ هەوڵی کۆتایی پێهێنان بەرامبەر بەو خۆلێ بێدەنگ کردن و لێپرسینەوە بە مەبەستە گلاوە عێراقییە کە ستەملێکردن بەرامبەر نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی، وەک لە دوایدا سەلێندرا.

کەواتە ئەو جوڵانەوە مێژوویەی شەشی ئەیلوولی 1930 خۆپێشاندانێکی نیشتمانییانە و بابەتی و هۆشیارانە بووە بۆ ڕەتکردنەوەی پیلانی دژ بە کوردی نەیاران و دوژمنان و کارێکی هۆشیارانەی نەتەوەیی بوون.

ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ! ئەم ناولێنانەیش هەر لە جێی خۆیدا نەبووە، بۆ کورد ڕۆژانی خەبات و قوربانیدان کە هەرچەندە هەموو بۆ جێبەجێکردنی مافی ڕەوای بە هەزاران هەزار شەهیدی وەک قوربانی بەخشییەوە، ئەو ڕۆژانی کۆشش و کۆڵنەدانە، ڕۆژنی دەرەوشاوە، پیرۆز و سپی بریسکاوە بووە کە بۆ دەستگیرکران. ئەو ڕۆژە ناوزەدکرا بە»ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول» یا ڕۆژی شەشی ئەیلوول، یا شەڕی بەردەرکی سەرا.. چونکە لە هەموو سەردەمێکدا بەردەرکی سەرا کە سەنتەری شار بووە بەردەوام جموجوڵی سیاسی هەبووە و کوردایەتی پەرەی تێدا سەندووە.. بۆیە ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لەوێوە هەوڵی سەرکوتکردنی جەماوەریان داوە و ئەوشوێنەی کۆنترۆڵ کردووە و کردویانەتە بنکەیەکی سەربازیی گرنگ بۆ دژایەتی خەڵکی سلێمانی. ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ڕۆڵی ئازایانەی چەندین کەسی ئەو شارە بوو لە نێویاندا کەسایەتی ناسراو (عەولەسیسی پاڵەوان)ە، کە لە کاتی هەڵمەت بردنیدا بە خەنجەرەوە بۆسەر ئەو ڕەشاشەی تەقەی لە خۆپیشاندەر دەکرد عەولەسیس شەهید کرا. زۆرێک لە خەڵکی سلێمانی بەشداریان تێدا کرد و ڕۆشنبیران و شاعیران و ڕووناکبیرانیش لەوکاتەدا ڕۆڵی بەرچاو گرنگی خۆیان تێدا بینی لە سەروەرییەکانە و دەبێت شانازیان پێوە بکرێت.

هەر بۆ نموونە لە ئێستەی 2019 دا هەموو کورد دوای (90)ساڵ کە شەهید عەولە سیسی بە شکۆمان نەدیوە، کەچی هەموومان دەیناسین و ئەوپەڕی شانازیی بە قوربانیدانەکەیەوە دەکەین. ئەو هێمایەکی پیرۆزە بۆ بەرخودان.

زاراوەی «ڕۆژی ڕەش» لەو کاتەدا مەگەر هەر تەنها بۆ ئەو چەمکە بگونجێت کە لەو سەردەمەدا نا تەبایی لەنێوان منەوەران و دەستەی دەسەڵاتدارێتی حکوومەتی مەلیك مەحموددا هەبووبێت و، ئەوەشی بۆ مونتەخەبی سانەویی هەڵبژێڕی دووەمی، هەڵنابژێرێت. بۆ ئامادەکارییەکانی «هەڵبژاردن و ڕاپرسیی گشتی» بۆ چەسپاندن و دانپیانانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

ئەوە بوو لەو کاتەدا دروشمی سەرەکی داوای خەڵکی کوردستان بە هاوار بوون کە «ژیان و سەربەستی مرۆیی ئەوان بە ئێستە و پاشە ڕۆژی عەرەبەوە نەبەستێتەوە». ئەوەش لەسەر ئەو بنەما بیرمەندییەی کە: دوو نەتەوەی جیای کورد عەرەب، هەرگیز پێکەوە ناگونجێن.

ئەوەتا دوای نزیکەی سەدەیەك هەر بۆ هەمیشە «بەگوتار، بیر، بڕیار، بەکار و ڕەفتار» و، لەگەڵ هەموو پشتگیرییەکانی ئیمپریالیستی جیهانی گونجاوییەکی سۆسیالیستەکانی ئەو هاندان و پشتگیری کردنی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد بە هوتاف کێشان و وتار خوێندنەوە و هۆنراوە بۆ پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی.. ئەو ڕاپەڕینە بووە بناغەدانەر و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سلێمانی. لە دوای ئەو ڕاپەڕینە و ساڵانی دواتریش چەندین هۆنراوە بۆ ئەو یادە نووسراو بلاوکراوەیەوە و بەرز ڕایانگرت.. ئەو شاعیرانەیش بڕیتی بوون لە « شێخ سەلام، پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختارجاف، گۆران، قانع، ئەخۆل» و، چەند کەسێکیکی دیکە..

بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە پیرۆز و گرنگە و، بە بۆنەی تێپەڕبوونی « 90 « ساڵ بەسەریدا، هەر یەك لە بەڕێزان « دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستا حەمە ساڵح سەعید، مامۆستا جەمال بابان «، بەم شێوەیە دوان:



حەمەساڵح سەعید:

لەو کاتەدا دروشمی سەرەکی داوای خەڵکی کوردستان بە هاوار بوون کە «ژیان و سەربەستی مرۆیی ئەوان بە ئێستە و پاشە ڕۆژی عەرەبەوە نەبەستێتەوە». ئەوەش لەسەر ئەو بنەما بیرمەندییەی کە: دوو نەتەوەی جیای کورد عەرەب، هەرگیز پێکەوە ناگونجێن.

*** مامۆستا حەمە ساڵح سەعید نووسەر و چیرۆکنووس، چەند بیرەوەرییەك لە یادی 6ی ئەیلوولی سالّی 1930 دا بۆ باسکردین و گوتی:**

- هەرکات ویستمان لاپەڕەیەکی مێژووی خەبات و بەرخودانی نەتەوەیمان هەڵبەینەوە، پێویستە هەڵوێستەیەکی بیرمەندیی هێور و ناهەڵچوو بەخۆمان بکەین، وردبینەوە و بیر لە جەمسەری بابەتە جیاوازەکان بکەینەوە. بەیەکاچووەکان لەیەك هەڵوەشێنین و هەر لایەنە بەجیا پێناسە بکەین و هەڵبسەنگێنین و ئامارەی پێ بکەین.

شەڕی بەردەرکی سەرا، ڕووداوێکی جەماوەریی ڕامیاری بوو لەسەر مافی نەتەوەیی، کە پابەندبێت بە بڕیارەکانی «عصبەالامم» لە 1925 دا و جێبەجێ نەکردنی مافە بڕیار دراوەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەم کورەدە ستەملێکراوە، بۆچی دەبێت بە شەڕ بناسرێت. جوڵانەوە و خۆدەرخستن، خۆپێشاندان، ڕاپەڕین یان شۆڕش نییە و کە بۆ ئەو جۆرە چالاکییە گەلییە مەبەست جوان، دادپەروەرە مرۆییە بێت، دەبوایە یەکێك لەو نازناوانە بوایە. دەبێت شیاو و جوان ببرکرێتەوە، ئەوە مێژووە نووسەران و ڕووناکبیران قووڵ ببربکەنەوە هەڵە و لێکدانەوە چەوتەکان ڕاستبکەنەوە. «هیچ جوولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەبێ بیر و ئایدیایەکی ڕوونبین» ڕاستی و هانەدان و پشتگیری کردنی داوا ڕەواکانی میللەتی کورد بە هوتاف کێشان و وتار خوێندنەوە و هۆنراوە بۆ پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی.. ئەو ڕاپەڕینە بووە بناغەدانەر و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سلێمانی. لە دوای ئەو ڕاپەڕینە و ساڵانی دواتریش چەندین هۆنراوە بۆ ئەو یادە نووسراو بلاوکراوەیەوە و بەرز ڕایانگرت.. ئەو شاعیرانەیش بڕیتی بوون لە « شێخ سەلام، پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختارجاف، گۆران، قانع، ئەخۆل» و، چەند کەسێکیکی دیکە..

بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە پیرۆز و گرنگە و، بە بۆنەی تێپەڕبوونی « 90 « ساڵ بەسەریدا، هەر یەك لە بەڕێزان « دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستا حەمە ساڵح سەعید، مامۆستا جەمال بابان «، بەم شێوەیە دوان:

هەر بۆ نموونە لە ئێستەی 2019 دا هەموو کورد دوای (90)ساڵ کە شەهید عەولە سیسی بە شکۆمان نەدیوە، کەچی هەموومان دەیناسین و ئەوپەڕی شانازیی بە قوربانیدانەکەیەوە دەکەین. ئەو هێمایەکی پیرۆزە بۆ بەرخودان.

زاراوەی «ڕۆژی ڕەش» لەو کاتەدا مەگەر هەر تەنها بۆ ئەو چەمکە بگونجێت کە لەو سەردەمەدا نا تەبایی لەنێوان منەوەران و دەستەی دەسەڵاتدارێتی حکوومەتی مەلیك مەحموددا هەبووبێت و، ئەوەشی بۆ مونتەخەبی سانەویی هەڵبژێڕی دووەمی، هەڵنابژێرێت. بۆ ئامادەکارییەکانی «هەڵبژاردن و ڕاپرسیی گشتی» بۆ چەسپاندن و دانپیانانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

ئەوە بوو لەو کاتەدا دروشمی سەرەکی داوای خەڵکی کوردستان بە هاوار بوون کە «ژیان و سەربەستی مرۆیی ئەوان بە ئێستە و پاشە ڕۆژی عەرەبەوە نەبەستێتەوە». ئەوەش لەسەر ئەو بنەما بیرمەندییەی کە: دوو نەتەوەی جیای کورد عەرەب، هەرگیز پێکەوە ناگونجێن.


ئەوەتا دوای نزیکەی سەدەیەك هەر بۆ هەمیشە «بەگوتار، بیر، بڕیار، بەکار و ڕەفتار» و، لەگەڵ هەموو پشتگیرییەکانی ئیمپریالیستی جیهانی گونجاوییەکی سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمانەیشدا، لە هەموو هەڵوێست و ڕووداو و ئەزموونەکاندا ڕۆژانە ئەو ڕاستییەی ناو ئەو دروشمە بەرجەستەیە و هەر دەسەلێتەوە، کە هەرگیز دوو جیاواز نابنە بۆ ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەش!. ئەوسا هەموو کوردان هاتووهاوار بە دەنگی بەرز دەیانقیژاند: «ئێمە کوردین کوردمان دەوێ عەرەب..... و نامانەوێت»، کە ئەمە داوا و، بڕیار و دروشمی باوەڕداریی ئەوسای گەل و میللەتی دێرینی ئەو سەردەمانە و ئێستەی جیهانی ماف، دادپەروەریی دیموکراتی ناوخۆیی و بەرژەوەندی بەرامبەریی هاوبەشی جیهانییە بە هەموو یاسا نەتەوەیی و جیهانییە بڕیاردراو و باوەڕپێکراوەکانیشەوە.

با بیرمانبێتەوە کە ئەوسا کوردان لە 1925 بۆ 1930 لەسەر پێنج ساڵ خەباتیان دەکرد، بە ڕێبازی خۆدەرخستن و خۆپێشاندانی نەتەوەیی کە «منەوەران» واتە (ڕوونبینیەکان)، سەرپەرشتی و ئاراستەیان دەکرد.

دەبێت ئێستا دوای سەدەیەك، مافپەروەران و یاساناس و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهان سەرکردایەتی بەرپرسی بالّای ئەمەریکا و ئینگلیز و ئاسیا، دیموکرات، سۆشیالیست، لیبرال، سوور و سپی.. ئیتر دەبێت چی بڵێن و چی بۆ ئێمە جێبەجێ بکەن؟!

ئەنفال... قوربانیێن چەکێن قەدەغەکری

خاندنێن زانستی 2020
زمانەوانی ـ مێژو ـ یاسا



عادل حەسەن ڕەشید مزوری *

دیمەنێن ئەنفالێ و بیرهاتنا هەلکەفتنا 32 سالی ژ کریارێن نەمرۆڤایەتی وپلانا تاوانبارا وەك هزر و ئایدولوژیا سیاسەتا شوفینی بو کوم کوژی و کریارێن قرکرنا مللەتێ کورد ل ئوپراسیونێن ئەنفالێ سالا 1988یێ ژلایێ ڕژێما حکومەتا عیراقێ یا ژناڤچووی سالا 2003.

ئەڤ جورێن ئایدولوژیێ ژ لایێ هزری و زانستی دهێتە شلوڤەکرن، کو دوژمنێن مللەتێ کورد نە ژنیشکەکێ ڤە بەلکو وەك پیلان ئەڤ تێگەهە هەلبژارتییە و لژێر تێگەهێ ئەنفالا 182هزار کەس هاتینە جینوساید کرن و ڕوفادێ هزاران کەسا هەتا ئەڤڕۆ دبێ سەروشینن.

چارچوفێ یاسا نیڤ دەولەتی وەسفا جینوسایدێ genocide هاتیە پولینکرن تاوانەکا مەترسیدارە؛لەورا دهێتە نیاسین وەك ڕێکەفتنامە نەهێلانا تاوانا جینوسایدێ ئەوا هاتیە واژوکرن ژلایێ کومەلا گشتی نەتەوێن ئێکگرتی UN ژ 9 دیسەمبەرا 1948یێ و چەندین ڕێکەفتنامەهاتنە واژوکرن ل مێژویا هەڤچەرخ دا ب مەبەستا قەدەغەکرنا جینوسایدێ و سزادانا تاوانباران.

لەورا جینوساید دهێتە پولین کرن وەك تاوانەکا پلانکری بو ژناڤبرنا بەشەکی یان گروپەکی لسەر بنەمایێ نەژاد ئاین و نەتەوایەتی یێ،هەروسا تاوانێن دژی مرۆڤایەتیCrimes against humanityو تاوانێن شەڕی war crimes ژ ئەگەرێ ئەنجامدانا ئایدولوژیاتوندڕەوی بمەبەستا قرکرنا خەلکێ سڤیل دچارچوفێ یاسایی دا ئەڤ پولینکرنە هاتیە دروستکرن.

سەبارەت توندڕەویا ڤان کریارا و ئایدولوژی ideologyنەتەوایەتی nationalism یاشوفینی chauvinism و ب کارئینانا ڤێ ئایدولوژیێ ژلایێ حکومرانی و دەستهەلاتیا توندڕەو.

دوو بویەرێن جینوسایدێ یێن جیهانی چ جاران ناهێنە ژبیرکرن یا ئێکێ جینوسایدا جوهیانە ژ لایێ نازیان ڤە د سالا 1945 ژ ئەگەرکریارێن مەترسیدار دژی جوهیان هاتینە ئەنجامدان لژێر تێگەهێ هولوکوست Holocaust هاتیە نیاسین ب کەرەستێن سوتن و قرکرناجوهیان کو ئەڤ کریارە هاتنە پولینکرن و جێبەجێکرن ژ چەندین قوناغێن سیاسەتا نازی بوینە ئانکو سیاسەتەکا رکوکین دژی جوهیان و ئەڤ سیاسەتە وێنێ ئەلمانیا نازی یێ توندڕەوی لسەر وی دەمی دناڤ کومەلگەها نیڤ دەولەتی بویە ئایدولوژیەکا نەتەوایەتی توندڕەو بو قرکرنانێزیکی شەش ملیون کەسا ژ جوهیان و بویەرا هولوکوست سەدەهان ژ کومەلگەهێن جوهیان یێن ئابووری جەستی و هزری ژ ناڤبرن، ئەڤ جورێ ئایدولوژیێ لسەر وی دەمی ڕامانا وێ چەندێ ددەت کو کومەلگەها جوهیان جهێ وێ دناڤ کومەلگەها جیهانی دا بهێتە ژناڤبرنی ئەڤڤەژی زڤریتن بو سیاسەتا هێتلەری هەر ژ سالێن سیهاندا ئەو بوو کێمکرنا جولەکانا دناڤ جڤاکی دا دگەل هەلوەشاندنا مافێ وانهەروەسا بکارئینانا کریارێن تونڕەوی بمەبەستا نەچارکرنا جوهیان کو وەلاتێ ئەلمانیا چول بکەن، لەورا پلانا جینوسایدا جوهیان کارتێکرنەکا مەزن و وێنەکێ نەمرۆڤایەتی لسەر ئاستێ کومەلگەهێن جیهانی تومارکرن و هولوکوست دیمەنەکە چ جاران ناهێتە ژبیرکرن دەمێتێگەهێ جینوسایدێ دهێتە گەنگەشەکرن.

یا دووێ ئوپراسیونێن ئەنفالێ سالا 1988 ژلایێ حکومەتا عیراقێ یاژناڤچووی هزاران وێنێن مەترسیدار وێرانکرن و قرکرنا گوند و دەڤەرێنکوردستانێ هەر ژ ئەنفالا گەرمیان کو پتر ژ هزار و دوو سەد گوند هاتنە وێرانکرن سەرەرایی ڤێ ئوپراسیونێ چەکێ کیمیایی نەهاتە بکارئینان لێ زیانێن مروڤایەتی گەلەك بوون ژ کوردێن سڤیل هەروسا ل قوناغێن دیف دا جورێن تاوانا پتر ئاشکرا بون بوو بکارئینانا چەکێقەدەغەکری ژلایێ ئارتێشا عیراقێ ڤە هەر ژ کارەساتا هەلەبجە تا ئوپراسیونێن ئەنفالێ، حکومەتا ژناڤبری نەبتنێ گومان هەبوو بکارئینانا چەکێ قەدەغەکری بەلکو هزاران بەلگە هاتنە دیتن ل بارەگایێن حکومی و ئەمنی لپاریزگەهێن کوردستانێ لسەر دەمێ ڕاپەرینا 1991 لکوردستانێ.

بو پەسەندکرنا دیتنا ڤان بەلگا ڕێکخراوا مافێ مروڤایەتی human rights گەلەك بەلگە دیتینە و پولینکرینە.

لەورا هەر لدەمێ دامەزراندنا دادگەها جینائی یا عیراقێ 2005 گەلەك ژ وان بەلگا و بریارێن حکومەتا عیراقێ یا ژناڤبری بو قرکرنا کوردالسەر وی دەمی لڤێ دادگەهێ هاتنە نمایشکرن وب نامەدەبوونا قوربانیا ئەوێن قورتال بوین ژ جینوسایدا کوردێن بارزانی هەلەبجە و ئەنفال.

سەبارەت بکارئینانا چەکێ قەدەغەکری دژی خەلکێ سڤیل و لدەمێ تاوانێن شەڕی گەلەك ڕێکەفتنامییێن جیهانی هاتینە واژوکرن بوقەدەغەکرنا ڤان جورێن چەکا، کومەلگەها نەتەوێن ئێکگرتی گەلەك جارا ئەڤ جورێن کریارا د چارچوفێ یاسایی دا ئیدانەکرینە پێخەمەتکریارێن نەمرۆڤایەتی و مەبەستێن هاتینە واژوکرن ل پروتوکولێن قەدەغەکرنا غازێن کیمستری Chemistry Gasو کەرەستێن بەکتریولوجیکو ئەڤ ڕێکەفتنامە هاتیە درست کرن ل جنێف لڕێکەفتی 17 حوزەیرانا 1925ێ هەروسا ڕێکەفتناما قەدەغەکرنا بکارئینان و چێکرن وکومکرنا چەکێن بایولوجی ئەوا هاتیە واژوکرن ل لندن و موسکو و واشنتون ل 10 نیسانێ 1972ئەڤ جورێن ڕێکەفتنامە و چەندینڕێکەفتنامێن دی هاتینە دروستکرن بمەبەستا قەدەغەکرن و سزادانا بکارئینانا ڤان جورێن کەرەستێن کیمستری بمەبەستا جینوسایدێ وتەوانێن دژی مروڤایەتی و تاوانێن شەری بەلکو بو چارچوفێ بەرهەمێن پیشەسازی بکار بهێتن.

سەرەرایی دامەزراندنا سەدەهان ڕێکخراوێن قەدەغەکرنا چەکێ کیمیایی حکومەتا عیراقێ هەر ژ سالا 1980 هەتا 1988 لدەمێ جەنگێعیراقێ و ئیرانێ چەکێ قەدەغەکری بکارئینایە وەك مە ئاماژە پێکری ب بەلگە حکومەتا ژناڤبری هاتیە ئیدانەکرن بەلکو عیراقێ گەلەك جارا ئەڤ کەرەستە ژ وەلاتێن زلهێز دکرین و ئەو کەرەستە لبارەگایێن پیشەسازییێن لەشکەری (تصنیع العسکری) لعیراقێ بشێوێ نهێنی و بڕیکاشەهرەزاییێن زانستی ئەڤ کەرەستە دهاتنە دروست کرن و بمخابنی ڤە بکارئینایە دژی کوردا ل کوردستانا باکووریێ عیراقێ، و هزارانبەلگێن هەرە نهێنی Top secretهەبوون سەبارەت هەمی ڕێکەفتنامێن هاتینە واژوکرن بو قەدەغەکرنا چەکێن کیمستری لێ عیراقێبارزگانێن خو یێن نیڤ دەولەتی هەبوون بو نموونە لسەر وی دەمی بازرگانێ هولەندی فرانس فان ئەنرات Frans van Anraat هاتیەتومەتبارکرن ب فروتنا کەرەستێن کیمستری بو ڕژێما بەعس یا عیراقێ یا ژ ناڤبریی و ژ ئەگەرێ ڤێ چەندێ هاتەسزادان ل دادگەها هولەندالاهایی بو ماوێ 15سالا، سەرەرایی ئەڤی بازرگانی پێزانین هەبوون کەرەستی قەدەغەکری بوون دهێنە ئاماەکرن بو غازا خەردلMustard gas و سارین ئەڤ جورێ غازێ حکومەتا عیراقێ بکارئینا بو بوو کوشتنا کوردا، تاوانبارێ هولەندی بەرامبەر دادگەهێیەرەڤانیا خودکر و دگوت سزادان بو بەرپرسیارەتیا چەکێ کیمستری یێ چێکری نەیێ مادەێ کیمیایی فروتی لێ یاسا یا هولەندی بەلگێنیاسایی هەبوون سزادانا وی، ئەڤ کەسە یێ تاوانبار بوو تاوانا پەیوەندی و بەشدار بوونا وی بو تاوانەکا مەزن تاوانا جینوسایدێ بو زانین ئەڤی تاوانباری 1984 هەتا 1988ئەڤ کەرستە دفروتە ژژیما عیراقێ ئەڤە هەمی دبنە بەلگە کو ژژیما ژناڤبری چەکێ کیمستری بکارئینایەدژی مللەتێ کورد ژلایەکێ دی ڤە سەدەهان کومپانیێن بیانی ئەڤ مادەێن کیمیایی فروتیە حکومەتا عیراقێ یا ژناڤبری و سەرەرایی هەمیرێکەفتنامێن مە ئاماژەپێکری بو قەدەغەکرن بازرگانیا بو تاوانێن دژی مروڤایەتی. ئایا بیرەوەریا 32سالیا ژ کارەساتا ئەنفال و کیمیابارانکرن و بێ سەروشینکرنا هزارن ژ ڕوفادێ کوردێن سڤیل پرسا ڤێ جینوسایدێ گەهشتیە چ قوناغ لژێر چارچوفێ یاسایی؟ هەروەسافروتنا کەرەستێن کیمیایی و چێکرنا چەکێ کیمیایی بەرپرسیارەتیا کێیە.

* شاهرەزایێ زمانەوانی دبواریێ جینوسایدێ دا زانکویا ڕووان فرەنسا .Université de Rouen France

وون بوون

ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک بەناوی صباح صالح رشید بەپلەی ن.ع وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شاروانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٧٣٥٥٨ بەروواری ٢٠١٤/٤/١٣ بەبری ١٥٠٠٠٠٠ بەناوی دیار محمدامین عثمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوڤان جۆری ئۆتۆمێبل حاصدە زراعیە نیو هولند رونگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٢ ژمارەی ئۆتۆمێبل ٣٤١٣٩ ژمارەی شاصی: ٤٨١٢٣٤٠٠٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق سنجار
الموقع البديل في فايده
العدد/١٠٩٢/ب/٢٠٢٠
التاريخ/٢/٩/٢٠٢٠
اعلان عن مفقود
الى المدعوه (طالب الياس احمد عزيز) بتاريخ ١٥/٨/٢٠١٤ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٣/٨/٢٠١٤ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة
القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة تحقيق سنجار
الموقع البديل في فايده
العدد/١٠٩٣/ب/٢٠٢٠
التاريخ/٢/٩/٢٠٢٠
اعلان عن مفقود
الى المدعوه (١- الياس احمد عزيز ٢- غالب الياس احمد) بتاريخ ١٥/٨/٢٠١٤ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٣/٨/٢٠١٤ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة
القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة بداءة العمادية
العدد/١٤٠/ب/٢٠٠٦
التاريخ/٣٠/٨/٢٠٢٠
إعلان
عطفا على الحكم الصادر من المحكمة بالعدد (١٤٠/ب/٢٠٠٦) والمتضمن إزالة شيوع العقار المرقم(٥٥٧) والموصوف أدناه تعلن هذه المحكمة عن بيع العقار بالمزايدة العلنية لمدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم الثاني للنشر فعلي الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة العمادية في تمام الساعة الثانية عشر ظهرا مستصحبين معهم التأمينات القانونية البالغة١٠٪ من القيمة المقدرة للعقار والبالغة(٩٧٦٤٥١٠٠٠) تسعمائة وستة وسبعون مليونا واربعمائة وواحد واربعون الف دينارا إن لم يكونوا من الشركاء وعند انتهاء المدة المذكورة ستجرى الإحالة القطعية وفقا للقانون مع العلم إن الدفع نقدا والدلالية على المشتري وإذا صادف يوم المزايدة عطلة رسميه فيكون اليوم الذي يليه موعدا للمزايدة أصوليا الأوصاف/ ريم العقار (٥٥٧) تقع في روبال العمادية / مصيف سولاف قريبة من الشارع الرئيسي المؤدي الى محافظة دهوك مساحتها (٣٤١٩) متر جنسها بستان تسقى سيحا نوعها مملوكة للدولة وتشتمل على غرفة صغيرة مبنية بالبلوك والاسمنت وكبرات صيفية
القاضي / طارق رمضان صالح

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٩٦٦/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٦/٩/٢٠٢٠
جاردان
بۆ داواليكراو: ميسم محمد كاظم
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٥٩٦٦/ش/٢٠١٩/٢ وە لەرێکەوتی ١/٣/٢٠٢٠ بڕیاریدا لەسەر تصديق الطلاق خارجي لەنێوان تۆ و داواکار بارزان حسن پیرۆ لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی هەڤال و زانایان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی ناردنایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارداند، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسين كريم

***

دادگای بەرایی رانیە
ژمارە: ٦٠٥/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٥/٨/٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داواليكراو/ دلشاد حمد بابكر – رانیە - رانیەی نوێ – شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا
داواکاران (١- لقمان صباح بوزو – بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیای ڕەسەنی نوێ/ وێرای کارەکەی ٢- محمود جليك بن محمود – بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای دونتاش/ وێرای کارەکەی) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بڕی ٦٢٩٦٧٠٠٠ شەست و دوو ملیۆن و نۆسەدو شەست و حەوت هەزار دیناری عیراقی دەکات لەبەرانبەر قەرزی قستەکانی کرینی خانووی ژمارە (٤٤٥) لە پڕۆژەی بیتوێن ستی وە بری (٣٧٢٦٠٠٠٠) سی و حەوت ملیۆن و دوو سەدو شەست هەزار دینار لەبەرانبەر غرامەی دواکەوتنی قستەکان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی رانیەی نوێ بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگاداركردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٣ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٩٩٦/٧
رێکەوت: ٣/٩/٢٠٢٠
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر ئەوین علی محمد بریکاری حسن باقی حسن بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای HOME LINE)
هۆشدار لێکراو: (کامەران صابر قادر) بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر ئەوین علی محمد بریکاری حسن باقی حسن بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای HOME LINE) بە ژمارە (١٤١/٢٨٠٨٥) لە ٢٠٢٠/٨/١١ بەمەبەستی هۆشداری کردنت، بەهەڵسان بەداخستنی کۆمپانیای ئامادە بۆ کراو بەو پێیەی بریکاردارم (حسن باقی حسن) پشکدارە لەم کۆمپانیایە بەرێژەی ٦٥٪ لەبەر ئەوەی بریکاردارم نیازی پاکتاوکردنی کۆمپانیای هەیە، چونکە لەئێستادا هیچ داهاتێکی نییە و لە زەرەر دایە، بۆیە بڕیاری داخستنی کۆمپانیاکەی داوە، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی (ئازادی نوێ) سەر بە قائیمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٨/٢٦ بۆیە بەفەرمی لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەیی بۆت بڵاودەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

دادگای بەرایی رانیە
ژمارە: ٧٢٧/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٥/٨/٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داواليكراو/ رويەك علی وەیس رمضان – رانیە - رانیەی نوێ – شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا
داواکاران (١- لقمان صباح بوزو – بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیای ڕەسەنی نوێ/ وێرای کارەکەی ٢- محمود جليك بن محمود – بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای دونتاش/ وێرای کارەکەی) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بڕی ٤٦١٧٠٠٠٠ چل و شەش ملیۆن و سەدو حەفتا هەزار دیناری عیراقی دەکات لەبەرانبەر قەرزی قستەکانی کرینی خانووی ژمارە (٣٢) لە پڕۆژەی بیتوێن ستی وە بری (٢٣٧٦٠٠٠٠) بیست و سێ ملیۆن و حەوت سەدو شەست هەزار دینار لەبەرانبەر غرامەی دواکەوتنی قستەکان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی رانیەی نوێ بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگاداركردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٣ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد

***

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوە
مرۆییەکان
ژمارە: ١١٨٨/٥٤/٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
بۆ/ بەڕێز (ناری اکبر حسن) بەناونیشانی (ئەندازیار) لەبەشی کارەبا لە کۆلێژەکەمان
ئاگاداركردنەوە (اخطار)
دوابەدوای نووسراومان ژمارە ١٠٥٣/٥٤/٧ لە ٢٠٢٠/٧/٢٢ تایبەت بەنەهاتنت لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١١ کەرێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچەتە وە دەست بەکارنەبوونەوەت لەکارەکەت تاوەکو ئێستا بۆیە داواکارین بە گەرانەوەت بۆ سەر کارەکەت لەماوەی ٧ رۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە (٣٠) رۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە دەست بەردار دادەنرێت لە کارەکەت بەپێی برگەی ٢ لەیاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بەراژەکەت دەهێنرێت.
پ.ی.د. نژاد احمد حسێن / راگر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٢٦٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کەیاجی) بۆ بازرگانی گشتی و راوێژکاری دارایی و کارگێری و وەبەرهێنان/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کەیاجی) بۆ بازرگانی گشتی و راوێژکاری دارایی و کارگێری و وەبەرهێنان/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عثمان احمد خدر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٩٠٠١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عامر جرجيس اسماعيل) بۆ حەج و عومرە/تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (عامر جرجيس اسماعيل) بۆ حەج و عومرە/تاك) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین قادر حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٦٩٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ملاك العراق) بۆ راوێژکاری دارایی و خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ملاك العراق) بۆ راوێژکاری دارایی و خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عثمان احمد خدر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٧٨٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (باراوی)
بۆ گەشت و گوزار/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (باراوی) بۆ گەشت و گوزار/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بختیار محمود احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کەیاجی) بۆ بازرگانی گشتی و راوێژکاری دارایی و کارگێری و وەبەرهێنان/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ عثمان احمد خدر
ناونیشان/ هەولێر – گەرەکی دارەتوو
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢١٣٥٣٥

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ملاك العراق) بۆ راوێژکاری دارایی و خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پاریزەر/ عثمان احمد خدر
ناونیشان/ هەولێر – ژووری پاریزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢١٣٥٣٥

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (باراوی) بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ رێبەر بختیار محمود
ناونیشان/ هەولێر – گەنجان ستی
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣١٤٣٤٨٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٨٢٦٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کەیاجی) بۆ بازرگانی گشتی و راوێژکاری دارایی و کارگێری و وەبەرهێنان/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کەیاجی) بۆ بازرگانی گشتی و راوێژکاری دارایی و کارگێری و وەبەرهێنان/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عثمان احمد خدر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی رانیە
ژمارە: ٧٠٥/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٥
ئاگاداری
بۆ داوالێکراو/ خالد حسن سید
یوسف – رانیە - رانیەی نوێ – شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا
داواکاران (١- لقمان صباح بوزو – بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیای ڕەسەنی نوێ/ وێڕای کارەکەی ٢- محمود جلیك بن محمود – بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای دونتاش/ وێڕای کارەکەی) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بڕی ٣٨٦١٠٠٠٠ سی و هەشت ملیۆن و شەش سەدو دە هەزار دیناری عیراقی دەکات لەبەرانبەر قەرزی قستەکانی کرینی خانووی ژمارە (٤١٦) لە پڕۆژەی بیتوێن ستی وە بڕی (٢٥٣٨٠٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن و سێ سەدو هەشتا هەزار دینار لەبەرانبەر غرامەی دواکەوتنی قستەکان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی ڕانیەی نوێ بۆیە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەڕواری ٢٠٢٠/٩/١٣ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠٢٠/١٢٨٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣٠
ئاگاداری
بۆ قەرزار (خانم خاتون عثمان)
شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفیذی) لەسەر مولکی ژمارە (١/١٥١١ ك ٢١ طوبزاوە) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢٠,٤٥٧,٥٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (سرود مصطفى سليمان) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی مولکی ئامازە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە: ٨٥٥/ش/٢٠٢٠/٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (هیام جاسم محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (حسین رمضان قادر) داوای ژمارە (٨٥٥/ش٢٠٢٠/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری قەزای شەقڵاوە گوندی(هەنارە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٩/٢٧)، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ١٠٨٥/ش/٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگادارکردنەوە
بۆ داوالێکراو: سەفین حسن قادر/
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ناماژە بەداوای ژمارە (١٠٨٥/ش٢٠٢٠/٣) تایبەت بە داواکار (دەریا مصطفى علی) و داوالێکراو (سەفین حسن قادر).. دادگا لەبەرواری (٢٠٢٠/٨/٣١) بڕیاریدا بە (جیابوونەوە لەنێوان تۆو داواکار بەهۆی جێنەشتن). لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (نازادی/هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/محی الدین عبدالرحمن مصطفی
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە:٤٠٩/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
جارِدان
بۆ داوالێکراو (بلال نبی قاسم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (منیجە سعید علی) داوای ژمارە ٤٠٩/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (خۆڕاگر/ کەسنەزان) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٠ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ناشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
* * *
ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٦/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٣٤) دوکانا و (گازینویا مللی) بو ماوێ ٣ سێ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنیدا بکەت بلا داخوازیت خو دگەل داینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا چرە بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا چرە دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجیت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/١٣٤٥
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/٣
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێن ژمارە (١٦٩٤/١ و١٦٩٦/١) کەرتێ (١٣/مالطا اسلام) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (هلکفت بشیر جرجیس) وهاتینە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (المدیر المفوض لمصرف کوردستان الدولی) بکوژمێ (٣٢٤٢٧٠٠٠٠٠٠) سیە ودوو ملیار وچار سەد وبیست وحەفت ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٩٥٢٠٠٠٠٠)دوو سەد ونوت وپێنج ملیون ودوو سەد هزار دینار (ئانکو کوژمێ (١٤٧٦٠٠٠٠٠) سەد وچل وحەفت ملیون وشەش سەد هزار دینار بو هەر مولکەکی ژوان)دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سەمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جهـ وژمارە دهوك (١٦٩٤/١ و١٦٩٦/١) کەرتێ(١٣/مالطا اسلام) جور پێك هاتینە ژ زەڤیێن بەتاڵ بێن ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت زەڤیێن بەتاڵ بێن ئاکنجیبوونێ روبەر هەر ئێك ژوان (٢٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٢٩٥٢٠٠٠٠٠)دوو سەد ونوت وپێنج ملیون ودوو سەد هزار دینار.
ژڤان عزیز محمد/ ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *

Genel Energy

کۆمپانیای (Genel Energy)پێویستی بە کارمەندە بەپێ ئەم مەرجانەی خوارەوە:

Position Title: Contracts & Procurement Officer	
Line Manager: Head of Contracts and Procurement	**Location: Sulaymaniyah**

Position Summary:
Genel Energy is an independent E&P company listed on the main market of the London Stock Exchange Headquartered in London with offices in Ankara, Erbil, Morocco & Somaliland, Genel is one of the largest London-listed independent oil producers and is the largest holder of reserves and resources in the Kurdistan Region of Iraq.
The Contracts & Procurement Officer role will report to the Head of Contracts and Procurement. The purpose of the role is to provide support to the C&P function to Sulaymaniyah office to ensure all suppliers are monitored effectively.
For further information about our company, please refer to www.genelenergy.com

Key Accountabilities:
- Act as the focal point for registration and prequalification of contractors.
- Coordinate the prequalification process with bidders and end users, compiles prequalification reports and initiate recommendations for approval by the Prequalification Committee
- Maintain and update the database of contractors and suppliers qualified within the Commercial Directory
- Compile input from Managers and End Users on the performance of various vendors / suppliers / contractors
- Initiate recommendations for re-assessment of vendors based due to changes in performance, capability or time elapsed
- Examine scope of work for completeness and consistency
- Prepare comprehensive ITT packages
- Perform evaluation of unpriced commercial aspects of the technical bid and evaluation of commercial bid
- Perform contract administration activities - bank guarantees, insurances, invoices, etc.
- Provide contractual advice to End Users and prepare contractual correspondence
- Review and evaluate variations and claims, prepare recommendations for approval of management and prepare contract amendments, as required
- Perform close-out of contractual matters upon completion.
- Help the implementation of the company's Local Content policy and procedure.
- Support the CSR team in implementing CSR projects, especially in taking quotations and communicating with the related suppliers.
- Utilise the company's procurement system as instructed by the Line Manager.

Skills, Experience and Qualifications:
- 3-5 years contracts and procurement administration experience
- Relevant Bachelor's Degree in Engineering or Business Administration
- Fluency Kurdish and English (spoken and written) is essential.
- Working knowledge of Microsoft office Word, PowerPoint, Excel etc

Please submit your application by email to (careers.erb@genelenergy.com) before September 21st, 2020 (Kindly mention C&P Officer in the subject of your E-mail)

Collaboration Accountability Respect Ingenuity Integrity

Genel Energy

کۆمپانیای (Genel Energy)پێویستی بە کارمەندە بەپێ ئەم مەرجانەی خوارەوە:

Position Title: Warehouse Assistant (field based)	**Number of positions: 1**
Line Manager: Warehouse Supervisor/ Logistics and Warehouse Manager/ Head of Contracts and Procurement	**Location: Bina bawi- KRI**

Position Summary:
Genel Energy is an independent E&P company listed on the main market of the London Stock Exchange Headquartered in London with offices in Ankara, Erbil, Sulaymaniyah, Morocco & Somaliland Genel is one of the largest London-listed independent oil producers and is the largest holder of reserves and resources in the Kurdistan Region of Iraq.
This Warehouse Assistant field-based role, it will report to the Warehouse Supervisor/ Logistic and Warehouse Manager/Head of Contract and Procurement. The purpose of this role is to support the warehouse operations and site management, clearing in and out.
For further information about our company, please refer to www.genelenergy.com.

Key Accountabilities:
- Operate within and promote Genel Energy core values and warehouse standards.
- The Warehouse assistant will support Genel Energy's warehouse operations. The position holder will receive, input, sort, load and unload products and you will perform various warehouse activities.
- Key tasks will include but not limited to:
- Organize stocks and maintain inventory,
- Inspect products for defects and damages,
- Examine ingoing and outgoing,
- Organize warehouse space,
- Receive, unload and place incoming inventory items appropriately,
- Check, verify and fill customer invoices,
- Abide by all company safety and hygiene regulations,
- Contribute ideas on ways to improve or optimize warehousing procedures,
- Keep warehouse clean and organized daily.

Skills and Experience:
- Minimum 3-year hands on experience in warehouse roles for international oil and gas companies,
- Good in English (reading, writing and speaking) and Kurdish,
- Having forklift driving license for 15 tons and being able to operate it is a must,
- Rigging and lifting experience is required,
- Ability to lift or move heavy products,
- Working knowledge of Microsoft office Word, PowerPoint, Excel etc.,
- Good problem-solving ability and a pragmatic flexible approach,
- Having a flexible attitude is essential,
- Flexible to greenfield operations.

Internal & External Interaction:
- The position is expected to work closely with the logistic contractors in the field.
- Interact with the warehouse supervisor/ logistic and warehouse manager/ head of contracts and procurement and other departments as needed.

Please submit your application by email to (careers.erb@genelenergy.com) before September 21st, 2020 (Kindly mention Warehouse Assistant in the subject of your E-mail)

Genel Energy

کۆمپانیای (Genel Energy)پێویستی بە کارمەندە بەپێ ئەم مەرجانەی خوارەوە:

Position Title: Warehouse Supervisor (field based)	**Number of positions:** 1
Line Manager: Logistics and Warehouse Manager/ Head of Contracts and Procurement	**Location:** Bina bawi- KRI

Position Summary:

Genel Energy is an independent E&P company listed on the main market of the London Stock Exchange Headquartered in London with offices in Ankara, Erbil, Sulaymaniyah, Morocco & Somaliland Genel is one of the largest London-listed independent oil producers and is the largest holder of reserves and resources in the Kurdistan Region of Iraq.
This Warehouse Supervisor is a field-based role it will report to the Logistic and Warehouse Manager/Head of Contract and Procurement. The purpose of this role is to supervise the warehouse logistics and access control to logistic transport companies.
For further information about our company, please refer to www.genelenergy.com.

Key Accountabilities:

Operate within and promote Genel Energy core values and warehouse standards.

The Warehouse Supervisor will oversee and coordinate the daily warehousing activities. Implement production, productivity, quality and customer service standards and achieve the appropriate level of volume within time limits.
Key tasks will include but not limited to:
- Achieve high levels of customer satisfaction through excellence in receiving, identifying, dispatching and assuring quality of goods,
- Measure and report the effectiveness of warehousing activities,
- Organize and maintain inventory and storage area,
- Ensure shipments' and inventory transactions' accuracy,
- Communicate job expectations and coach employee(s),
- Determine staffing levels and assign workload,
- Interface with contractors to answer questions or solve problems,
- Maintain items record, document necessary information and utilize reports to project warehouse status,
- Identify areas of improvement and establish innovative or adjust existing work procedures and practices,
- Confer and coordinate activities with other departments

Please submit your application by email to (careers.erb@genelenergy.com) before September 21st, 2020 (Kindly mention Warehouse Supervisor in the subject of your E-mail)





بیتەر برۆک:
هەموو تەمەنم گەڕانە بە دوای نهینی و شتە شاراوەکاندا



حەیدەر عەبدولرەحمان

خۆ ئەگەرچی بیتەر برۆک لەدایك و باوکێکی رووسی لەلەندەن لەدایك بووە، دواتر سەریان هەڵگرتووە بۆ فەرەنساو لەئینگلتەرا جێگیر بووە، زۆرترین کارە شانۆییەکانی لەوێ ئەنجام داوە، تا لەئەنجامدا بۆتە یەکێك لەدیارترین دایرەکانی شانۆ لەجیهاندا، بەهۆی کارە شانۆیی و سینەماییەکانی وەك لیر پاشا، فاوست، ماراساد، مها بارتا، هاملێت،کارمن، کۆنگرەی باڵندەکان، و چەندینی تر، زۆر لەرەخنەگرەکان پێیان وایە نهێنی هەرە گەورەی داهێنانی بیتەر برۆك لەوە دایە، شانۆکارێکی بوێرەو زۆر ئازایانە رووبەڕووی کۆتوپێوەندە تەقلیدییەکان بۆتەوە، هەرتەنها هەوڵی گۆڕینی وێنەی نمایشی شانۆیی نەداوە، بەڵکو شێوەی نوێی شانۆییشی بەرەو ڕەوتێك بردووە کە ئەو بڕوای پێ هەیە، بەتایبەت لەرووی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیوارە وەهمییەی کە دەکەوێتە نێوان ئەکتەرو جەماوەر ..بۆیە خۆی دەربارەی سەرەتاکانی کار کردنی لەبواری دەرهێناندا دەدوێ و دەڵێت: لەو کاتانەدا زۆر جاران بیرۆکەیەکی رۆشنبیریی ئەوتۆم نەبوو، تەنها ڕەچاوی بوونی غەریزەیەکی تایبەتیم دەکرد بۆ دروست کردنی چەند وێنەیەك کە سرنج رابکێشی، تەنها ئاڕەزوویەکم ئەوەبوو کە جیهانێکی هاوسەنگی ئەوتۆ لەسەر شانۆدا دروست بکەم کە پڕ بێت لە سەرنج راکێشان

من لەکاری شانۆییدا هەرگیز ئەوەم نەکردووە کە خەڵکی لەدەرهێنەرێکدا چاوەڕوانی دەکەن، قەت رۆژێ لە رۆژان بیرم لەوە نەکردۆتەوە شانۆگەرییەك دروست بکەم بۆ چەند دەورێك، کە شانۆکارێك رۆڵی تیا ببینێ یاخود لەپێناو پرسێکی رۆشنبیریی، هەمیشە هەوڵ دەدەم درك بەهەست و ناخی خۆم بکەم

جێگەی ڕامان بوو کە بیتەر برۆك لە کاری شانۆیی خۆیدا بایەخێکی زۆری بە ئەفریقیا دەدا، ئەوەتا ساڵی ١٩٧٢ لە گەڵ تیپەکەی خۆی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی ئەفریقیای بەسەر کردەوەو کارەکانی خۆی تێدا پێشکەش کرد، لەوێدا کاری دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆگەری کردووە، لەوانە هەردوو شانۆگەری (ئای کی) و شانۆگەری (کۆنگرەی باڵندەکان) هەروەها لەگەشتەکانی دوایی بۆ ئەفریقیا شانۆگەری (تیرنی بوکار) ی گەورە نووسەری مالی (ئادادۆ)ی نمایش کرد، تێیدا باس لەژیانی زانای سوفی (تیرنی بۆکار) دەکات کە پێشڕەوایەتی بزووتنەوەیەکی نهێنی ئیسلامی کردووە لە مالی ..دواتر لەو پێناوەدا ئازار دەدرێ و شەهید دەکرێت.

وەك بیتەر برۆك ـ بۆی چووە، شانۆگەری تیرنی بوکار –تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر شێوازەکانی توندو تیژی و لێبووردەیی، کە ئەمڕۆکە بۆتە هەمێتکی گەورەی جیهانیی

ئەوەتا (میخائیل بنتختۆن) لەرۆژنامەی گاردیان-ی لەندەنی دەڵێت: ئەو شانۆگەرییە هەندێ پرسیاری وروژاندووە کە هیچ کۆتاییەکییان بۆ نیە، لەرووی مانای بوون و مللمانێ ی ئازاد و لەرووی قەزاو قەدەر، هەرووەها شانۆگەرییەکە مللمانێ ی بەها ئەفریقییە ئیسلامییەکان نیشان دەدات لەگەڵ شارستانیەتی رۆژئاوا، بیتەر برۆك ـ لە شانۆگەرییەکەی دا بانگهێشتەی ئەوە دەکات کە پەنا بۆ تێگەیشتن و رۆحی لێبووردەیی هاوکوف لەگەڵ سەردەمی نوێ دا ببردێت نەك تووندو تیژی.

رەخنەگرەکان دەڵێن: برۆك هەڵسوو کەوتێکی ئازادانەی لەگەڵ دەقدا ککردووە، هەرگیز خۆی بەپیرۆزی دەق نەبەستۆتەوە، وەك ئەو هەڵسوو کەوتە ئازادانەی لەگەڵ شانۆگەرییانەی شکسپیر بیندراوە،هەمیشە تێڕوانینێکی رەخنەییانەی بۆ دەقە کلاسیکی و نوێکاندا هەبووە، بەڵکو هەوڵی داوە ساکاری لە بیرۆکەکان و پاکیزەیی لە ژیاندا بەرجەست بکات، ئەو خۆی دەڵێت: هەقیقەتێك لە تۆو هەقیقەتێك لە من و هەقیقەتێکیش لە هەقیقەت خۆی دایە، ئەمە لای من ئەوەیە کە پێی دەگوترێت شانۆی پیرۆز ..

(مارگرێت کۆریدن) لەگۆڤاری شانۆی ئەمریکی دا دیانهێیەکی لەگەڵ (بیتەر برۆك) بڵاو کردۆتەوە، لە پرسیارێکا کە پێی دەڵێ: چی وای لێکردوی ئەو بایەخە زۆرە بەئەفریقیا بدەیت ؟ لە وەڵامدا دەڵێت: کێشوەری ئەفرقیا بەبەراورد لەگەڵ کیشوەرەکانی تر، کیشوەرێکی کەم مەعریفەیە، هەرگیز ئەو کاریگەربوونەم بە ئەفریقیا لە سەردانی یەکەمم بۆی لەبیر ناچێتەوە، سەردانی پاشام کرد لە کۆشکەکەی خۆیدا، کە بریتی بوو لەکوخێکی لە قوڕ دروست کراو، دەرگاکەی ئەوەندە نەوی بوو دەبوا خۆتی بۆ دابێنیتەوە، مەبەست لەمەدا پەڕپووتی بونیات نان نەبوو بەڵکو بەشێك بوو لە کولتووری ئەوان.

کاتێکیش (مارگرێت) لێی دەپرسێت ئەگەر پێت بڵێن شێوازی دەرهێنان لای تۆ چۆنە چیپان پێ دەڵێیت؟ برۆك وەڵام دەداتەوە دەڵێت: بێ ماناترین شتێ بۆ دەرهێنەر یا ئەکتەرو دیزاییین کار، یاخود موزیك ژەنی شانۆیی، بەشتێ دەست پێ بکات ناوی چمك بێت، چونکە دەبێت تۆ هەمیشە بەدوای شتێ بگەڕێیت کە زۆر واقیعی تر بێت لە ناوەرۆك.

سەقامگیر بوون لەسەر ئەنجامی گەڕانەکانماندا دەوەستێت، ئەوەتا پێش ساڵێك لەگەڵ یەکەم پرۆڤەدا، وۆرك شۆپێکهان لە شاری (ئیفجنون) ساز کرد، کە زۆرترین ستافی نواندن بەشداریان تێدا کرد، هەموومان یەکەم هێڵکاری شانۆگەرییەکەمان خوێندەوەو موزیکهان بەلاوە نا، ئەم هەوڵەمان یەکەم هەنگاو بوو بۆ چوونە ناو کارەکە، دواتر هەموومان لەگەڵ بەرپرسی موزیك و بەرپرسی روناکی چووینە ئەفریقیا، بە (مایدا) تێپەڕین تا چووینە ئەو شوێنەی (تیرنی) تێیدا لە دایك بوو، تێیدا ماڵنافایی کردبوو،لەوێ کۆمەڵێ وێنەو فیلمی شوێنەکەمان گرت، کە پرۆڤەشهان دەست پێکرد، زەوی بەردین و زەوی لمااوییهان تاقی کردەوە، دوای ئەوە لەگەڵ تیپەکەمان وۆرك شۆپێکهان لەشاری(فاس) لە مەغریب کردەوە، بەم شێوەیە ئێمە توانیهان زەمینە بۆ شانۆگەرییەك خۆش بکەین.

دواتر (مارگرێت) لێی دەپرسێ: بەو تەمەنەش هەر مکوڕی لەسەر گەڕان بە دوای نهێنی تر لە شانۆدا ؟ بیتەر برۆك دەڵێت: تەمەنی من شتێکی نهێنی نیە، بەڵام من لەئێستادا دەژیم، ئا لەم چرکەیەدا، ئێستا دەرهێنان بۆ ئەم شانۆگەرییە دەکەم، من بە دوای شتی شاراوەدا دەگەڕێم، رەنگە بۆ شەش مانگی تر شتی ترم بەڕێوە بێت، بەڵام هێشتا کاتی قسە لەسەر کردنی نەهاتووە

بیتەر برۆک چۆن تێکستە شانۆییەکانی خۆی هەڵدەبژێری ؟

بیتەر برۆك یەکێ لەو دەرهێنەرە بەدەگمەنە جیهانیانەیە کە شاکارەکانی جۆرێك لەجیاوازی و تایبەتمەندی خۆی تێدایە لەگەڵ دەرهێنەرانی دیکەدا، وێڕای قورسایی تێوڕە شانۆییەکانی و تێڕوانینە تازەگەرییەکانی بۆ شانۆ، کە لەتوێ ی چەندین کتێبدا بڵاو بوونەتەوە، لەوانەش (خاڵی گواستنەوە، شوێنی خاری، هیچ نهێنیەك لە ئارادا نیە، وێڕای چەندین کتێب و وتارو نووسینی دیکەو دیانەی رۆژنامەنووسی کە تیشکییان خستۆتە سەر تێڕوانین و شێوازی تایبەتی برۆك و ئەزموونیی شانۆیی ئەو.

مارتن ئەسلن ـ ی رەخنەگر دەڵێت: هەموو ئەو کتێب و تیۆرو ئەزموونانەی برۆك بۆ شانۆ، بێ شك ڕوداوێکی پڕ بەها بوونە، کە دەرهێنەرو شانۆکارانی دیکە بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە سوود لەو ئەزموونانە وەربگرن بۆ کارەکانی خۆیان و تێگەیشتنیان بۆ شانۆ، لەو روانگەیەشەوە ئەو دەرهێنەرانە بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا گەڕاون ئەویش ئەوەیە ئاخۆ (بیتەر برۆك) چۆن تێکستی بۆ شانۆگەرییەکانی خۆی هەڵبژاردووە، ئەو فاکتەرانە چین وایان لە برۆك کردووە، بڕوای بەم تێکست و بڕوا نەبوونی بەوەی تری لەسەر بونیات نابێت، بەڵای برۆکەوە کامە تێکست شایەنی ئەوەیە کاری لە سەر بکرێت، یان تێکست بەڵای ئەوەوە چ پێگەیەکی هەبووە لە کاری شانۆیی دا ؟

بێگومان بەشێك لە فاکتەرەکانی ئەو هەڵبژارنە پەیوەستن بە خودی دەرهێنەرێك و نیگەرانیە ئایدۆلۆژیەکانی، هەڵوێستی و بۆچوونی دەربارەی هەندێ پرسی مرۆیی، یا خواستی خەڵك و ئەو هەلو مەرجەی کە تێیدا شانۆ دەبێتە رەنگدانەوەو وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم و بەرژەنەکانی، وێڕای ئەو بونیاتە رۆشنبیریی و هزرییەی کە دەرهێنەر پەیدای کردووە بۆ شانۆ، رەنگە ئەو دوو فاکتەرە کلیلێك بن بۆ چوونە ناو دنیای خەیاڵی دەرهێنەرو ئاراستە شانۆییەکانی، بیتەر برۆکیش خۆی ئەو پرسیارە دەکات و دەڵێت : چۆن تێکست بۆ شانۆگەریەکانمان هەڵدەبژێرین؟ ئایا بە ڕێکەوت هەڵیان دەبژێرین یان بە بژار ؟

دواتر برۆك خۆی باس لەو هۆکارانە دەکات کە وایان کردووە بۆ چەند جارێك لەسەر یەك تێستەکانی شکسپیر هەڵبژێرێ و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ غەریزەی یەکەمی دەرهێنەر، دواتر دەڵێت: من حەز دەکەم ئەو تێکستە هەڵبژێرم، بەڵام دەشپرسم بۆ حەز دەکەم ؟ لە بەرچی؟

بەم شێوەیە (برۆك) باس لە سەرەتاکانی دروست بوونی بیرۆکەی هەڵبژاردنی تێکست دەکات، هەروا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاستی تێکستی ئەدەبی کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری دەرهێنەر، هەندێ جار ئاستی ئەو تێکستە ئەدەبییە، دەبێتە فاکتەرێکی هەرە گرنگی سەرکەوتنی دەرهێنەرێك، هەندێ جاریش تێکستی ئاست نزم دەرهێنەری باشیش دەڕوخێنێ، ئەوەتا هەندێ تێکستی دریژ ساردن و بینەر دووچاری مەیین دەکەن، دەیانقرتێنین، کەچی هێشتا رزگارمان نابێت لەو ساردییە، بۆیە وەك برۆك گوتەنی لەو حاڵەتانەدا دەبێت دەرهێنەر بەدوای فۆرمێکدا بگەڕێت کە بۆشاییەکانی تێکست پڕ کاتەوەو بەجوانیی خۆی بینەر لە سارد بوونەوە رزگار بکات.

بۆیە برۆك دەڵێت: دەبێ دەرهێنەر وریا بێت لە سارد بوونەوەی بینەر، چونکە کاری بینەر دیقەت دانەو ناتوانێت سێ سەعات، یان دوو سەعات گوێت لێ بگرێ، تۆ دەبێ ئەو سێ سەعات و دوو سەعاتەی بۆ بکەیت بەسێ خولەك و خۆت لە تێکستی پڕ لە قسە رزگار بکەیت، بۆیە بە بڕوای برۆك دەرهێنەر مافی ئەوەی هەیە تێکست بقرتێنێ بەو شێوەیەی کە لە قازانجی شانۆگەرییەکەی وایە و ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی دەرهێنەر دەیخوازێ، تەنانەت (برۆك) لای ئەو تیۆرەشی ڕەت کردۆتەوە کە دەسکاری تێکست نەکرێت، لەوانەش شانۆگەرییەکانی شکسپیر و ئەو کارەش بە (سەخافەت) ناو دەبات و دەڵێت : من هەرگیز لە گەڵ ڕێگە گرتن لە نوێکردنەوەی کارەکانی شکسپیردا نیم، بەڵام بێ ئەوەی ناوەرۆکە ڕەسەنەکەی بسوتێنین، ئەو خۆی لەهەڵسسوو کەوت کردنی لەگەڵ شانۆگەرییەکانی شکسپیردا هەموو ئازادییەکی بەخۆی داوە

پاشان دەڵێت : کاتێ ئێمە تێکستێك هەڵدەبژێرین دەبێ ئەو ئەکتەرانەمان هەبێت دەسەڵاتی بەرجەستە کردنی پاڵەوانەکانی ئەو تێکستەیان هەبێت، هەر بۆ نموونەش کە دەتەوێت هاملێت نمایش بکەیت، ئەوە دەبێت ئەو ئەکتەرەت هەبێ کە توانای ئەدای هاملیتی هەبێت ..ئەگەرنا ئەگەر بۆ چەندین ساڵ پرۆژەیەکت لەخەیاڵدا بێت ئەوە ناتوانیت لە جێ بەجێ کردنی دا سەرکەوتوو بیت ئەگەر ئامرازەکانی جێ بەجێ کردنت نەبێ بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی تۆ وەك دەرهێنەر ئاواتی بۆ دەخوازی، بەتایبەت ئەکتەر، ئەگەر ئەو تیمە جێ بەجێ کارە بەردەست بوون ئەو کات دەرهێنەر هەموو ئازادییەکی رەهای خۆی، بۆ بەرهەمی شانۆیی بەردەست دەبێت لەکاتی بڕیاردان لەسەر کار کردن لەسەر تێکستێك برۆك دانیشتنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەرەکان بۆ خوێندنەوەی تێکست ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت : دەبێ ئەو ئامانجەی ئێمَە کاری بۆ دەکەین ئاوێتەی هەموو گیانمان بێت، بەتایبەت لەکاتی پرۆڤە جەستەیی و دەنگییەکان، هەوڵیش بدەین تێڕوانینی خۆمان وەك دەرهێنەر لەنێو تێکستەکەدا بتاوێنینەوە ..

پێی وایە کە دەبێت دەرهێنەر دەست لە و قالبانە هەڵگرێ و خۆی نەکاتە کۆیلەی ئەو نەخشەو قالبە بۆ کێشراوانەو بێت بە دەرهێنەرێکی مردوو، ئازادی لەخۆی زەوت بکات لەپێناو پەیوەست بوون بەو قالبانەوە.

لەبەرچی بە سینەما دەڵێن هونەری حەوتەم؟



ڕەمزی میرەکانی

ئەو نازناوە لە چیبەوە هاتووە؟

بەردەوام بە سینەما دەوترێت هونەری حەوتەم، ئەو نازناوە زۆر بە تووندی بە هونەری سینەماوە نووساوە، بۆیە چەندین بەرنامەی تایبەت بە کار و چالاکییەکانی سینەما و هونەرمەندانی بە هونەری حەوتەم ناونراوە، ئەو نازناوەی کە جۆرە لێڵییەك دەوری داوە. دوو ڕاستیی هەیە دەربارەی ئەو ناوە، کە دەبێت ئاماژەیان پێبکرێت، یەکەم، ئەو نازناو یان دەستەواژەیە، تازە نییە، بەڵکو بۆ تەمەنی دروستبوونی سینەما دەگەڕێتەوە، چونکە لە یەکەم نووسینەکان لەسەر ئەو هونەرە تازەیە، ناوی هونەری حەوتەم هاتووە، واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زاییینی. دووەم، ئەو دەستەواژەیە کە یەکەمجار بەکارهێندرا، بۆ ئەوە نەبوو بێتە نازناو، بەڵکو هونەری حەوتەم، کە هەرکەسێك ئەو ناوەی لێناوێت، مەبەستی بڕیاردان و وەسفکردنی ڕەوشی سینەما بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و زیادبوونی بایەخەکان بە هونەری سینەما، ئەو وەسفکردنە بووە نازناو، کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پێوەی لکاوە. داهێنەری هونەری حەوتەم کێیە؟

بە وردی دیار نییە کێ یەکەمجار نازناوی هونەری حەوتەمی لە سینەما ناوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان لەسەر دوو کەس لەنگەریان گرتووە. یەکەم ڕەخنەگری هونەری فەرەنسی بە ڕەچەڵەك ئیتاڵی، ریچۆتۆ کامودۆ (١٨٧٩-١٩٢٣)، دووەمیش هزرڤانی فەرەنسی ئیتین سۆریۆ (١٨٩٢-١٩٧٩)، کە داهێنەری نازناوی هونەرە جوانەکانیشە. هەرچەندە دیار نییە کامیان پێش ئەوی تریان، دەستەواژەی هونەری حەوتەمی بەکارهێناوە، بەڵام دڵنیاین هەردووکیان لە نووسینەکانیاندا ئەو دەستەواژەیان بەکارهێناوە.

تیۆرەکانی دەستەواژەی هونەری حەوتەم

ئیتین سۆریۆ و ریچۆتۆ کامودۆ، لەکاتی ناونانی سینەما بە هونەری حەوتەم، هەریەکە و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بۆچوونی هەردووکیشیان بە شێوەیەکی زۆر، کت ومتی ناوەرۆکی هونەرەکە بووە، تیۆرەکانیشیان بەم شێوەی لای خوارەوە بوو.

تیۆری سۆریۆ: ئەو هزرڤانە پۆلینێکی تەواوی هەموو هونەرە ناسراوەکانی کردووە، بۆ ئەمەش پشتی بە سەردەمی دەرکەوتنی ئەو هونەرانە بەستووە، پۆلینی سینەماش لە پلەی حەوتەم بوو و لەدوای شەش جۆری جیاوازی هونەرەوە بوو، بۆیە نازناوی هونەری حەوتەمی لێنا.


تیۆرۆی کامودۆ: هۆکاری وەسفکردنی سینەما بە هونەری حەوتەم لەلایەن کامودۆوە، لەبەر دوو هۆکار بوو، یەکەم دەرکەوتنی سەردەمی هونەرەکە بوو، دووەمیش هونەری سینەما ئاکامی پێکهاتنی شەش جۆر هونەرە، کامودۆ پێیوایە بیناسازی و موزیك، دوو مەزنترین هونەرن، هەرچی نیگار کێشی، پەیکەرتاشی، شیعر و سەمایە، لە دوای ئەوانەوە دێن، کامودۆ پێیوایە ئەو شەش جۆرە هونەرە، جۆرە کۆرالێکی شەش ریتمی پێکدەهێنن، کامودۆ پێشیوایە سینەما هات و هەموو ئەو هونەرانەی بەیەکەوە کۆ کردەوە، بۆیە شایستەی ئەوە بوو بە هونەری حەوتەم وەسف بکرێت.

شەش هونەرکەی دیکە کامانەن؟

زۆر کەس دەڵێن بۆ دوای سینەما، هیچ هونەرێکی دیکە نازناوی هونەری هەشتەمی پێنەدرا، بۆ نمونە شانۆ یان تەلەفزیۆن. پێش دەرکەوتنی سینەما، یۆنانییە کۆنەکان شەش هونەرەکەی دیکەیان پۆلین کردووە، هەرچەندە ئێستا یەکێ لەو شەش هونەرە، بە جۆرێك لە ئەدەب پۆلین دەکرێت، کە ئەویش شیعرە، لەلای یۆنانییەکان جۆرەکانی هونەر ئەمانە بوون: بیناسازی، موزیك، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، شیعر و سەماکردن. سەیر لەوەدایە شانۆ لەنێو شەش هونەرکەدا نییە، هەرچەندە لە دەرکەوتنییەوە تاکو ئێستا، خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت، لە شانۆدا سەماکردن و موزیك هەیە، کە چێژی بیستن و بینین بە تەماشاکەر دەبەخشن. تەلەفزیۆنیش بە هونەر دانانرێت، چونکە گواستنەوەی ڕووداوەکانی نێو ستۆدیۆیە، جاران شانۆگەرییەکان لە نێو ستۆدیۆیەکانی تەلەفزیۆن تۆمار دەکران و پاشان پەخش دەکران، زۆرجاریش فیلمەکانی سینەمایی پەخش دەکات، بۆیە تەلەفزیۆن بە هونەر پۆلین نەکراوە.

سەرچاوە:

www.limaza.com
al-marefa-vb.ahlamountada.com



رووە ئاشکرا و نهێنیەکەی مەلەبەندی دەریای سپی ناوەڕاست..
لە کۆتاییدا کێ دەیباتەوە؟

ئا: هەندرێن شێرزاد

رۆژی 21 ی تەموز ، کەشتییەکی تورکی لە ناوچەی ژمارە 8 ی سەر بە ناوچەی دەریایی میسری رووپێوێکی بومەلەرزەیی ئەنجام دا و پرۆسەکە تا 2 ی ئاب درێژەی کێشا ، لە بەرامبەریشدا وەزارەتی دەرەوەی میسر لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا هۆشداریی دایە لایەنی تورکی و رایگەیاند ئەمە پێشێلکردنی یاسای تایبەت بە دەریاوانیی نەتەوە یەکگرتوەکان و یاسانێودەوڵەتیەکانە ، هەروەها ئەم هەنگاوەی تورکیا دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافە سەروەریەکانی لە ناوچەی ئابووری تایبەت بە دەریای سپی ناوەڕاست.ئەو کەشتییەی تورکیا کە لە ناوچەکەدا رووپێوی بومەلەرزەیی ئەنجام دا ، لە بنەڕەتدا ئەمە بەشێکە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و گاز و هایدرۆکاربۆنات. کەشتیە تورکیەکە ئەم کارەی لە نزیک دوورگەیەکی یۆنانی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ئەنجام دا ، ئەم دوورگەیەش نزیکە لە ناوچەی ئابووری میسر .

رووی ئاشکرای کێشەکە

رووە ئاشکراکەی کێشەی رۆژهەڵاتی دەریای سپی بریتییە لەوەی دوور نیە ببێتە مایەی بەرپاکردنی جەنگێك ، یان ڕوونتر بڵێین بارودۆخەکان گەیشتوونەتە ئاستێك کە هەموو بژاردەکان بە دوور نازانرێن. لەلایەن خۆیەوە تورکیا دەڵێ دژە هاوپەیانییەك (میسر و یۆنان و قوبرس و ئیسرائیل) پێك هێناوە و مەبەست دروستکردنی ئابلوقەیەکی دەریاییە لە رێگەی سنووری دەریایی نێوان خۆی و یۆنان ، ئەو ناوچە دەریاییەی ئەسیناش بە ناوچەی ئابووری خۆی دەزانێ ، ناوچەکە لە دوورگەی کاستلۆریز دەست پێ دەکات کە تەنیا دوو کیلۆمەتر لە کەناراوەکانی تورکیا دوورە، مەبەستیش پێکەوە گەیاندنی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ناوچەی قوبرس کە لەگەڵ ئیسرائیل بەیەکەون نووساون.

رووی نهێنی کێشەکە

رووە نهێنی و شاراوەکەی ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە پرۆژەی رێڕەوی غازی باشوورەوە هەیە کە لە ئازەربایجانەوە دەست پێدەکات و بە 7 وڵاتدا تێپەڕ دەبێ کە تورکیا یەکێکە لەوانە و لە قۆناغی یەکەمدا 16 ملیار مەتر لە غازی سروشتی دەگوازێتەوە یەکێتی ئەورووپا ، ئەمەش لە بەرامبەر پرۆژەیەکی ئیسرائیلییە کە 11 ملیار مەتر غاز لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست رەوانەی ئەورووپا دەکات . بەو پێیەش کە تورکیا رازی نابێ بەوەی پرۆژەکە بەنێو سنوری ئاوی ئیقلیمی ئەودا تێپەڕ ببێ ، بۆیە گونجاوترین سیناریۆ بۆ ئیسرائیل ئەوە بوو داوا لە هاوپەیانانی بکات سنووری دەریاییەکانیان دەستنیشان بکەن.

دوور لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

زستانی 2009 ، دوای بەرپابوونی تەنگژەکەی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا ، ئەو کاتەی ڕووسیا کێبڵی بە گەندەڵی و دژینی غازی تەرخانکراو بۆ ئەورووپا تۆمەتبار کرد ، ئەو کاتە وڵاتانی ئەورووپا خەریك بوو لە سەرما وشك ببنەوە، لە ئەنجامدا ڕووسیا هەناردەکردنی غازی وەستاند و دواتر یەکێتی ئەورووپا 40% پێداویستییەکانی غازی لەدەست دا کە لە مۆسکۆ پێی دەگەیشت ، ئەمە وایکرد ئەورووپا بەدوای ئەلتەناتیڤی دیکەدا بگەڕێ.لە کۆی 193.5 ترلیۆن مەتر غازی شلی جیهان ڕووسیا خاوەنی گەورەترین یەدەگی غازی شلە کە 35 ترلیۆن مەترە . بەم دواییانەش ئەورووپا ئاستی هەناردەی غازی لە ڕووسیا زیاد کردووە.

کاریگەریی ئابووری ڕووسیا لەسەر ئەورووپا

کاریگەریی ئابووری ڕووسیا لەسەر ئەورووبا لە بواری غازدا جگە لەوەی ژمارەیەك وڵاتی خستۆتە ژێر باریکی گرانی قەرزەوە ،ئەمەریکاشی ناچار کردووە ئاستی هەناردەی غازی سروشتی زیاد بکات ، مەبەستیش لەم هەنگاوە کەمکردنەوەی ئاستی پشبەستنی ئەورووپایە بە غازی ڕووسیا، هاوکات سزاشی بەسەر ژمارەیەك لەو کۆمپانیایانەدا سەپاندووە کە بۆند لەگەڵ مۆسکۆ واژۆ دەکەن. لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە ئەمەریکا لە پێناوی دانانی نرخی تازە بۆ غازی خۆی لەگەڵ ئەورووپا کەوتۆتە گفتوگۆ ، بۆ ئەوەی لە ڕووی نرخەوە بتوانێ مەلەبەندێ زیاتری نرخەکانی غازی ڕووسیا بکات ، لە بەرامبەردا ژمارەیەك ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ڕووسی ئاماژە بە سەرنەکەوتنی ئەو پلانەی ئەمەریکا دەکەن و رایانگەیاندوە لەبەر چەند هۆکارێك ئەمەریکا ناتوانێ بەڕەکە لەژێر پێی ڕووسیا دەربهێنێ ، لە نێویاندا نزمی ئاستی نرخەکانی بەرهەمهێنانی غازی ڕووسیە.

پرۆژەی ڕێڕەوی غازی باشوور

تەنیا ڕۆژێك دوای خواردنی سوێندی یاسایی وەك سەرۆك کۆماری تورکیا لە وێلایەتی دوەمدا ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕووی کردە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان و لەوێ هەردووك وڵات لە زۆربەی بوارەکاندا پشتگیریان بۆ یەکتر پیشان دا ، بەم دواییانەش ئازەربایجان پشتگیری خۆی بۆ چالاکیەکانی تورکیا لە دەریای ناوەڕاست دەربڕی. لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی ئەم سەردانەی سەرۆکی تورکیا بریتی بوو لە واژۆکردنی پرۆژەی ڕێڕەوی غازی باشوور کە غازی ئازەربایجان دەگوازێتەوە بۆ ئەورووپا ، ئەمەش بێگومان دەبێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ نارددنی غازی ڕووسیا بۆ ئەورووپا ، هاوکات ئەمە هەوڵێکیش بوو بۆ هێنانەدی مەبەستێکی تورکیا بۆ ئەوەی لە ئایندەدا تورکیا ببێتە بۆرسەیەك بۆ سەرچاوەکانی وزە.


بڕیار وایە ئەم پرۆژەیە کە لە لایەن ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپاوە پشتگیری لێ دەکرێ ئەمسال تەواو بێ نزیکە 40 ملیار دۆلاری تێدەچێ و 12 کۆمپانیای گەورەی وزە بەشداری تێدا دەکەن و درێژیەکەی زیاتر لە 3500 کیلۆمەترە و حەوت وڵات دەبڕێ کە ئەمانەن : ئازەربایجان ، جۆرجیا ، تورکیا ، یۆنان ، بولگاریا ، ئەلبانیا و ئیتالیا و لە قۆناغی یەکەمدا 16 ملیار مەتر غازی سروشتی دەگوازێتەوە بۆ یەکێتی ئەورووپا و بەشی تورکیا 6 ملیار مەتر دەبێ و لە قۆناغی دووەمیشدا 31 ملیار مەتر غازی سروشتی لە ڕێگەی بۆریەوە دەگوازێتەوە. پرۆژەکە لە سێ هێڵی سەرەکی پێکدێت ، هێڵی یەکەم SCPX ەو لە ئازەربایجانەوە دەست پێدەکات و لە جۆرجیا کۆتایی دێ ، هێڵی دووەمیش TANAP لە تورکیایە و بە ئەنادۆلدا تێپەڕ دەبێ ، هێڵی سێیەمیش TAP ەو لە ڕێگەی یۆنان و ئەلبانیا و ئیتالیاوە دەگاتە دەریای ئەدریاتیکی . ئەگەرچیش پرۆژەکە شکاندنی هەژمونی ڕووسیایە بەسەر بازاڕەکانی ئەورووپا ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ توانا گەورەکانی ڕووسیا لە بواری غازی سرووشتیدا پرۆژەکە کاریگەریی ئەوتۆی نابێ.

ڕووە شاراوەکەی مەلەبەندێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە کانونی دووەمی ڕابردوو ، قوبرس و یۆنان و ئیسرائیل ڕێککەوتنێکیان دەربارەت بونیادنانی پرۆژەی هێڵێکی بۆرییان لەژێر ناوی ئیست مید واژۆ کرد بە کۆماری قوبرسی باشوور دانانێ کە ئێستا بەشێکی یەکێتی ئەورووپایە ، هەروەها دانیش بە یاسای نێودەوڵەتی دەریاکانیشدا نانێ ، بۆیە ئەنقەرە وای دەبینێ سەرجەم ئەو ناوچانەی پرۆژەکەیان پێدا تێپەڕ دەبێ بەشێکن لە ناوچەی ئابووری خۆی. لە ئێستاشدا هەرسێك وڵات چاوەڕێ دەکەن لەگەڵ هاتنی ساڵی 2022 بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی و تەواوکردنی لە ساڵی 2025.

کێشەکە گەیشتۆتە چ قۆناغێک؟

بەم دواییانە میسر ڕێککەوتنی دیارکردنی سنووری ئاوییەکانی لەگەڵ یۆنان واژۆ کرد و ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانیشی کرد و تورکیاش پێی وایە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئاشکرا نەکراون ، بۆیە ئەوە مانای دووبارە دووپاتکردنەوەی ڕێککەوتنە کۆنەکەی نێوان قوبرس و یۆنانە کە هیچ ناوچەیەکی دەریایی بۆ تورکیا ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بگاتە لیبیا و سوود وەرگرتن لە ناوچەی ئابووری خۆی ، بۆیە تورکیا بەپەلە رایگەیاند کە ڕێککەوتنەکە هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نیە ، بەڵکو هەڕەشەی ئەگەری بەرپابوونی جەنگیشی کرد لە نێوان ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە حالەتێکدا ئەگەر قوبرس و یۆنان سوور بن لەسەر سەپاندنی بارودۆخێکی تازە لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و لەگەڵ تورکیا و باکوری قوبرس نەگەنە لێکتێگەیشتنێکی گونجاو. لەولاشەوە فەرەنسا بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکە دوو کەشتی جەنگی ڕەوانەی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کرد ، تورکیاش ئەم هەنگاوەی تورکیای ڕەت کردەوە و جگە لە کەشتیەکی تایبەت بە گەڕان بەدوای غاز ، چەند کەشتیەکی سەربازیی دیکەشی ڕەوانەی ناوچەکە کرد.



مانشێت

ئینديپينديَنت:

بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا رایگەیاند وڵاتەکەی خەریکە لە یەکێتی ئەورووپا دەکشێتەوە بەڵام پێناچێت بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەگەڵ لایەنی بەرامبەر.



ئۆبزێرڤەر:

دەسەڵاتدارانی ئەمنی نەمسا کەسێکیان بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ دەزگای هەواڵگریی تورکیا دەستگیر کرد.



سپۆتنیک:

لە ناوەڕاستی شاری بێرمینگهامی بەریتانیا چەند ڕووداوێکی هێرشکردن بە چەقۆ بۆ سەر خەڵکی سڤیل ڕوویاندا و ژمارەیەك کەس بریندار بوون.



سکای نیوز:

لە باکوری مالی بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی هێزەکانی فەرەنسادا تەقیەوە و لە ئەنجامدا دوو سەرباز گیانیان لەدەست دا.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هۆشداری دا ئەگەر سەرۆکی بیلاروسیا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نەکەوێتە گفتوگۆ، یەکێتی ئەورووپا سزای زیاتری بەسەردا دەسەپێنێ.



کەنالی ئار تی:

کامالا هاریسی جێگری جۆ بایدنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا رایگەیاند وتەکانی ترامپ سەبارەت بە ڤاکسینی دژە کورۆنا بەر لە هەڵبژاردن جێی متمانە نین.



ڕێنمایی بۆ زیادکردنی بەرهەمی میوە گەڵاوەرێوەکان



میوە گەڵاوەرێوەکان وەك دار مێو و هەنار و هەنجیر ئێستا لە قۆناخێکی هەستیار دان، بۆ ئەوەی کاریگەری باشی کرداری کشتوکاڵییەکان لەسەر زیادکردنی بەرهەم هەبێت پێویستە ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکرێت:-

یەکەم. پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئاودانی ڕێکوپێك و لەناوبردنی گژوگیای ناو باخەکە بە دەست.

دووەم. هەنجیر ئێستا لە قۆناخی پێگەیشتندایە پێویستە ئەو بەرەی پێگەیشتووە لێبکرێتەوە بە شێوەیەکی هێمانەوە و لەسەرخۆ و لە کاتێکی گونجاو و بە باشترین و جوانترین شێوە دابکرێت و بگەینرێتە بازاڕەکان.

سێیەم. بەرە وەری و کەوتووەکانی هەنجیر و ئەوانەی ئاسەواری نەخۆشییان لەسەرە کۆدەکرێنەوە و ژێر خاك دەکرێن.

چوارەم. لقە تازە گەشەکردوو و دەرکەوتووەکان پشکنینیان بۆ دەکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە نەبوونی ئاسەواری میرووە لەسەریان.

پێنجەم. گرنگیدان بە بەرنامەی ڕشاندنی توخمە دەگمەنەکان.

شەشەم. هەرگیز پێش رنینی بەرهەم باخەکە بە قرکەری میرووکوژ ناڕ شێند ڕێت.

حەوتەم. لەم ماوەیەدا کە بەرهەمی ئەو دار میوانە پێدەگات بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی کەم دەکرێتەوە بۆ ڕێگا نەدان بە کەوتنی بەر و نەرم بوونی تووکڵی بەرهەمەکە، کە ئەوەش لە باشی و نایابەی کەم دەکاتەوە.

هەشتەم. لە ژێر شوێنی موتربەکردن ئەو لك و شێلەیەی دەرکەوێت ئەوە بزوترین کات لادەدرێت و نابێت ڕێگا بە گەشە کردنیان بدرێت بە تایبەتی لە داری هەنارەدا.

نۆیەم. ئەو گژوگیایەی لە دەوروبەری باخەکە گەشەیان کردووە مۆڵگە یە کی مەترسیدارن بۆ گەشەی جۆرەها هۆکاری نەخۆشیی بۆیە دەبێت قەڵاچۆیان بکەین.

دەیەم. داڕێکی وشك وەك ستونێکی ڕاگرتن دەچەقێندرێت لە تەنیشت شەتڵی لاوازی دار هەنار لە باخدا بۆ هەڵواسینی شەتڵەکە تاکو نەشکێت.

12 سوودی تەندروستیی شبیت

لە دێر زەمانەوە ڕووەکی شبیت بۆ ئامادەکردنی خۆراك بەکارهاتووە لە هەمانکاتدا وەك چارەسەر بۆ ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی سوودی لێ وەرگیراوە، ڕێژەیەکی زۆر لە ڤیتامین و توخمە خۆراکییە گرنگەکان بۆ تەندروستی جەستە و ڕوخسار و قژ لە پێکهاتەکەیدا هەیە.

شبیت لە خێزانی چەترییەکانە و شوێنی بنەڕەتی ناوچەی دەریای سپی و ڕوسیایە، بەرزییەکەی دەگاتە 60-75 سم.

تۆوی شبیت تامێکی کەمێك ترشی هەیە، بەڵام گەڵاکانی تامییان شیرینە و بۆنەکەی عەتریە و لە گەڵاکان زیاتر بەهێزترە، جگە لەوەی ژمارەیەك لە توخمی خۆراکی بەسوودی تێدایە.

سوودەکانی شبیت بۆ تەندروستی و ڕوخسار و قژ ئەمانەن:-

1: شبیت هەندێك تایبەتمەندی هەیە وەك کاریگەری لەسەر گرژ بوون و چوونیەکی هەر یەك لە کۆئەندامی دەمار و هەناسەدان و ڕیخۆڵە و ماسولکەکان، ڕۆڵی کاریگەری لە کەمکردنەوەی ئازار و هێمنی و ئارامی هەیە.

2: شبیت خەسڵەتی پاقژکەرەوە و لەناوبردنی بەکتریا و میکرۆبەکانی هەیە، چارەسەری هەوکردنی قۆڵۆن و ڕیرەوی میزڵدان و گورچیلە و کۆئەندامی زاوزێ دەکات. پێستە و برینەکان لە هەوکردن دەپارێزێت و پێستی سەر لە توێشك و میرو دەپارێزێت.

3. کرداری هەرسکردن ئاسان دەکات لە ڕێگای هاندانی دەردانی ڕژێنە هەرسکەرەکان لە گەدە و دەردانی لیك، ڕێگری لە بەد هەرسی و قەبزی و ڕەوانی دەگرێت.

4: گرژی ماسولکەکانی سك ناهێڵێت و کۆتایش بە غازات دێنێت.

5: شیری دایك زیاد دەکات.

6: هاوکارە لە ساڕێژ بوونی برین.

7: ڕێگرە لە توشبوون بە نەخۆشییەکانی کەروویی و ڤایرۆسی.

8: میشك هێور دەکاتەوە و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ ناهێڵێت.

9: لە پێکهاتەکەیدا ڤیتامین و توخمی خۆراکی هەیە کە کاردەکەن بۆ لەناوبردنی ئاو و خوێی زێدی لە جەستەدا و پەستانی خوێن بە جێگیری ڕادەگرێت.

10: ڕوخسار بە گەنجی دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت چرچی و لۆچ لەسەری دەرکەوێت بەوەش نیشانەکانی پیری دوور دەخاتەوە.

11: ڕێگری لە وەرینی قژ دەگرێت و بەهێزی بریسکداری دەپارێزێت.

12: هەوکردنی جومگەوکان و ڕۆماتیزم چارەسەر دەکات.



کاریگەری ئەرێنی هەنگوین لەسەر 5 نەخۆشیی



یەکەم. نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، ئەگەری هەیە ئەو دژە ئۆکسینانەی لە هەنگویندا هەیە پەیوەندی بە کەمکردنەوەی مەترسیی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ هەبێت.

دووەم. کۆکە، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەنگوینی بەرهەمهاتوو لە گوڵی پرتەقاڵ و مزرەمەنییەکان کاریگەری باوەڕپێکراوی هەیە بۆ بەرهەڵستی کۆکە لەلایان ئەو کەسانەی دووچاری هەوکردنی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە و کۆکەی بەتینی شەوانیان هەیە.

سێیەم. نەخۆشییە درمییەکان، ئەگەری هەیە هەنگوین هاوکاربێت لە کەمکردنەوەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییانەی پەیوەستن بە کۆئەندامی هەرس وەك ڕەوانی (ئیسهال) کە بەهۆی هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵەکان سەرهەڵدەدات.

چوارەم. نەخۆشییەکانی دەمار، لە لێکۆڵینەواکاندا دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی هەنگوین بەسوودە وەك دژە خەمۆکی و دڵەراوکێ. هەندێك لێکۆڵینەوە ئاشکرایدەکات کە هەنگوین بۆ چارەسەرکردنی لەیادکردنی بیرەوەرییەکان.

پێنجەم. پاراستنی برین، بەکارهێنانی هەنگوین لە بواری پزیشکیدا، ساڕێژبوونی برینەکان خێراتر دەکات، بە تایبەتی لە کاتی سوتاندا.



گرنگترین توخمی خۆراکی بۆ ڕووەک



توخمە خۆراکییە گرنگەکان بۆ گەشەی ڕووەك ژمارەیان بە لایانی کەم دەگاتە 16 توخم. سەرجەم ئەو توخمانە بەسوودن بۆ گەشەی ڕووەك، بەڵام بە پێی بڕی پێویست لە هەر یەك لەم توخمانە بەم شێوەیە دابەشی دەبن:-

یەکەم. توخمە بنەڕەتییەکان، وەك کاربۆن C و هایدرۆجین H و ئۆکسجین O ، ڕووەك ئەو سێ توخمە لە دوو سەرچاوە وەردەگرێت کە ئاو و هەوایە، زاناکان ئەوانە بە توخمی خۆراکی پۆلین ناکەن لەگەڵ ئەوەی کە 92%ی پرۆتۆپلازمی خانەی ڕووەکی پێك دێنن.

دووەم. توخمە پێویستە گەورەکان، وەك نایترۆجین N و فۆسفۆر P و پۆتاس K.

سێیەم. توخمە پێویستە مامناوەندییەکان، وەك کالیسیۆم Ca و مەنگەنیز Mg و گۆگرد S.

چوارەم. توخمە پێویستە بچووك و دەگمەنەکان، وەك Fe و زنگ Zn و مەنگەنیز Mn و بۆڕۆن B و مس Cu و مۆلبیدیۆم Mo و کلۆر Cl.

چەند زانیارییەک سەبارەت بە دەرختی کاجوو

دەرختی کاجوو پێویستی بە کەشێکی گەرمی مامناوەندی هەیە لە نێوان (24-28) پلەی سلیزی و وەرزێکی وشك کە (2-5) مانگ بەردەوام بێت، لە کاتی گوڵکردن و دروست بوونی بەر و پێگەیشتنی دا. کاجوو هەستیارە بۆ شەختە و بەستەڵەك لە کاتێکدا کە ئەم دارە بەرگەی وشکی و کەم ئاوی دەگرێت. تاکو ئێستا ئەو خزمەت و کارەکشتوکاڵییانەی بۆ باخی کاجوو دەکرێت لە شوێنی پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانەدا زۆر سەرەتایی و سنوردارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی ئەو کردارانە هۆکارە بۆ گەشەکردنی خێرای دارەکان و دەستکەوتنی لق و پۆپی تازە و مسۆگەرکردنی بەرهەمێکی زۆر و جۆرێکی باش، بۆیە ئەو دارە پێویستی بە کردارە کشتوکالییەکانی وەك هەڵپاچین و پەینکردن و تەنك کردنی بەرهەم و قەڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشیی و ئاودان و چنینی بەرهەم لە کاتی پێگەیشتن دا هەیە.

کاتی گوڵکردنی کاجوو بە پێی کەشوهەوای ژینگەیی و شوێن و ناوچەی باخەکە دەگۆڕێت، لە هیندستان کاجوو لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات گوڵ دەکات، بەڵام لە بەرازیل و ئوسترالیا ئەو دارە لە مانگەکانی ئاب و ئەیلول گوڵ دەکەن.

داری کاجوو لە تەمەنێکی بچووك (1.5-4) ساڵی دەست بە گوڵ کردن دەکات دوای ئەوەی بە تۆو دەچێندرێت، بێگومان ئەو گوڵانەی لە یەکەم ساڵ دەردەکەون نابن بە بەرهەم.

دوای گوڵکردن، گەشەکردن خێرا دەبێت، دوای دروستبوونی بەر بە 3-4 حەفتە دەگاتە قەبارەی کۆتایی و سروشتی خۆی، تا پێگەیشتنی بەرەکە 2-4 مانگ دەخایانێت. ئەگەر هەیە دارەکە بۆ جاری دووەم گوڵ دەربکات واتا بۆی هەیە لەسەر یەك دار بەری پێگەیشتوو و گوڵ ببینرێت.

چاندنی داری کاجوو لە زۆر جۆر خاکدا سەرکەوتوو دەبێت تەنانەت لە خاکە لاواز و بێ پیتەکانیش ئەوانەی جۆری داری دیکە لێی سەرکەوتوو نابێت. دەکرێت لە خاکێکی لماوی یان تێکەڵ بچێندرێت بە مەرجێك زەوییەکە خاکی قوڵ بێت چونکە کۆمەڵەی ڕەگی کاجوو حەفتە دەگاتە قەبارەی کۆتایی و سروشتی خۆی، تا پێگەیشتنی بەرەکە 2-4 مانگ دەخایانێت. ئەگەر هەیە دارەکە بۆ جاری دووەم گوڵ دەربکات واتا بۆی هەیە لەسەر یەك دار بەری پێگەیشتوو و گوڵ ببینرێت.



گەورەیە. چاندنی سەرکەوتوو دەبێت لە خاکێك دا کە شێی بەرز بێت بەڵام لەو بارەدا بەرهەم کەم دەبێت.

بە پلەی سەرەکی کاجوو بە هۆی تۆوە زیاد دەکرێت، تۆوەکە دوای چنینی ڕاستەوخۆ دەچێندرێت، پێویستە تۆوەکە دوای نزیکەی 3-4 حەفتە لە چنینی بچێندرێت، لە سەرەتادا نەمامەکان زۆر بە سستی گەشە دەکەن و ڕەگەکانی بۆ ناخی زەوی هەڵدەکشێن بۆیە زۆر قورسە نەمامەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە. بە نەبوونی شارەزایی و ئامادە نەکردنی بارودۆخی نمونەیی لە کاتی گواستنەوەی نەمامەکان دەبێتە هۆی فەوتانیان، بۆیە باشتر وایە تۆوەکە ڕاستەوخۆ لە شوێنی جێگیر لە باخ بچێندرێت.

لە دوای 3-4 ساڵ دارەکە دەست بە بەرهەمهێنان دەکات و کاتێك کە تەمەنی دار دەگاتە 6-7 ساڵ بەرهەم زیاد دەکات.

سیلڤا: خانەوادەکەم رۆڵی لە بڕیارەکەمدا هەبوو

دافید سیلڤا، یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر ستی، تازە یاریزانی یانەی ریال سۆسیدادی ئیسپانی، دووپاتی کردەوە، خانەوادەکەی رۆڵێکی گەورەیان لە بڕیاری چوونی بۆ ریزەکانی یانەکەی هەرێمی باسکدا هەبووە.

ئەمەو سیلڤا ئەو هاوینە بە خۆڕایی ریزەکانی مان ستی جێهێشت، دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی، کە 10 ساڵی باشی لە یاریگەی ئیتیحاددا بەسەر برد. لەلایەکی دیکەوە سیلڤا، زۆر نزیکبوو لەوەی بچێتە ریزەکانی لازیۆ، بەر لەوەی لە دوا ساتەکاندا رووگەی خۆی بگۆڕێت، ئەوەش بەرپرسانی لازیۆی زۆر تووڕە کرد.

سیلڤا، لە میانی لێدوانی بۆ ماڵپەڕی فەرمی ریال سۆسیداد وتی: چەندین گرێبەستم بۆ هات، بەڵام بڕیارمدا بچمە ریال سۆسیداد، لەبەر ئەوەی یانەیەکی باشە و شێوازی یاریکردنیشی بۆ من زۆر گونجاوە. هەروەها وتی: من بە باشی شارەزای ناوچەی سان سیباستیانم، ئەو ماوەیەی لە یانەی ئەیبار یاربیم دەکرد، کە ناوچەیەکی جوان و هێمنە، بەڵام خانەوادەکەم رۆڵێکی گەورەیان لەو بڕیارەدا هەبوو. هەروەها سیلڤا، هیوای خواست جامی شای ئیسپانیا لەگەڵ سۆسیداد بەدەست بهێنێت و لەمبارەیەوە وتی: هیواخوازم بتوانین نازناوەکە بەدەست بهێنین، دەمەوێت رۆڵم لە بەدەستهێنانی نازناوەکاندا هەبێت. شیاوی باسکردنە، لە یاری کۆتاییدا یانەی ریال سۆسیداد روبەڕووی یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو دەبێتەوە. سیلڤا لەکۆتاییدا وتی: زۆر لە یاریەکانی تیپەکەم لە لیگادا بینیوە، تیپەکە ئاستێکی زۆر باش پێشکەش دەکات، بۆچوونێکی باشم لەسەر راهێنەرەکەیشی هەیە، وابزانم دەتوانین زۆر شتی باش بکەین، ئەوەش بۆ من هەڤکێیەکی جوان و سەرنجڕاکێشە«

رەمزی میرەکانی







بەرشلۆنە دوو هۆڵەندی دەباتە ریزەکانی

بە گوێرەی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان، بەرشلۆنە لەگەڵ ڤینالدۆم و دیپای گەیشتۆتە رێککەوتن و تەنیا راگەیاندنی فەرمی ماوە.

رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنیا ئاشکرای کردووە کە بەرشلۆنە لەسەر داوای رۆنالد کومانی راهێنەر لە گفتوگۆیەکانی بۆ گواستنەوەی ڤینالدۆم و دیپای سەرکەوتووبووە و لە ماوەیەکی نزیکدا گواستنەوەی ئەم دوو یاریزانە رادەگەیەنن کە هەردووکیان پێشتر لە هەڵبژاردەی هۆڵەندا لە ژێر سەرپەرشتی کومان یاریان کردووە.

سەرچاوەکە ئەوەشی نووسیوە، ئەم دوو یاریزانە لەگەڵ یانەکانی لیۆن و لیفەرپوول لە هاوینی 2021 گرێبەستەکەیان کۆتایی دێت، ئەگەر لەم هاوینە یانەکانیان نەیانفرۆشن و لە هاوینی داهاتوو دەتوانن بەخۆڕایی یانەکانیان جێبهێڵن.

مێمفیس دیپای تەمەن 26 ساڵ، لە هاوینی 2017 بە بەهای 25 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی مان یونایتەدەوە رووپکردە لیۆن، لەگەڵ یانە فەرەنساییەکە لە کۆی 139 یاری، 57 گۆڵ و 43 ئاسیستی کردووە.

لە بەرامبەردا، جۆرجینۆ ڤیتاڵدۆمی تەمەن 29 ساڵ، لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات، لەگەڵ یانەی لیفەرپوول 187 یاری کردووە، 19 گۆڵ و 16 ئاسیستی هەیە



ڕیاڵ مەدرید دانی ئۆڵمۆی دەوێت

یانەی ڕیاڵ مەدرید ئامانجی خۆی بۆ گواستنەوەکانی هاوینە دیاری کردووە و هێرشبەرێکی خولی ئەڵمانی لە ژێر ڕاهێنەرەکانی قەڵای سپییە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی، زینەدین زیدان سەرسامە بە تواناکانی دانی ئۆڵمۆی هێرشبەری یانەی لایپزیگی ئەڵمانی و خواستی لەسەرە لە گواستنەوەکانی هاویندا نەو گۆڵکارە ئیسپانییە بکرن.

ئۆڵمۆی تەمەن 22 ساڵ پێشتر لە بارسیلۆناوە نزیک بوو، بەڵام دواتر ڕووی کردە دینامۆ زیگرەب دوای کێبڕکێی نەو دوو یانەیە بۆ گواستنەوەی.

هەر سەبارەت بە نیازی مێرەنگی بۆ کڕینی ئۆڵمۆ، بریکاری یاریزانەکە نەیتوانی نەو دەنگۆیە ڕەت بکاتەوە و گوتی: "ئەم هەواڵە نە دەتوانم ڕەتی بکەمەوە، نە پشتڕاست. نازانین لە ماوەی 10 ڕۆژیتردا چی ڕوو دەدات."



ئیڤەرتۆن بەرازیلییەکی گواستەوە ریزەکانی

بە فەرمی یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی یەکەم گرێبەستی خۆی لە گواستنەوەکانی هاوینەدا ڕاگەیاند.

یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی سەرکەوتوو بوو لە گواستنەوەی ناوەڕاستکاری یانەی ناپۆلی ئیتاڵی وەک یەکەم گواستنەوەی هاوینەیان.

لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا یانە ئینگلیزیەکە گواستنەوەی ئالان ماریزی بەڕازیلی بۆ ڕیزەکانی یانەکەی ڕاگەیاند بە گرێبەستێکی سێ وەرزی و بە بڕی21 ملیۆن یۆرۆ.

ماسك بەستن
XEBAT
خەبات
Mon.7 Sep. 2020 No.:(6000)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616











سلێمانی..بۆ یەکەمجار (ڕۆژی سینەمای کوردیی)ڕادەگەیەنرێت

بەرهەم شێخ عزەدین

کۆمپانیای «هاواری فیلم» لە36ـەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی سینەماکاری کورد و جیهانی یەڵماز گونەیدا هەر دوو پرۆژەی (ڕۆژی سینەمای کوردیی) و (کۆماری یەڵماز گونەی) ژیاندۆستیی ڕادەگەیەنێت، هاوامستەفا خان دەربارەی ئەو پرۆژەیە بەخەباتی گوت: هەڵبەتە ئەم پرۆژە یە دەمێکە هەیە من لە(25)ساڵی ڕابردوو شدا کارم کردووە کە ڕۆژێکمان هەبێت بۆسینەمای کوردی، وەکو هەر ڕۆژێکی دیکە کەبۆچین و تۆیژەکانی دیکە هەمانە،کەئەم ڕۆژەش وە کو ڕۆژێکی نیشتیمانی هونەری سینەمای گرنگە سینەماکارانیش ڕۆژی خۆیان هەبێت،بەم بۆنەو ڕۆژە تایبەتە دەتوانین زیاتر بەخۆمان بەکەوین و زیاتر هەوڵ بدەین، کورد و کوردستانیان لەهەر کوێیەکی گۆی زەویدابن دەتوانن ڕاستەوخۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژی سینەمای کوردیی و کۆماری یەڵماز گونەی ژیاندۆستیی کە ئەوەی دواییان پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی سینەماو گەشتیارییە، ببینن.

هاوار خان گوتیشی:ڕۆژی سینەمای کوردیی بۆنەیەکی نیشتمانی سەرتاسەری کوردو کوردستان یانە،وەئەم پۆستەرانە بۆیەکەم ساڵی دەست پێکن پۆستەری دیکەشیان هەیە بۆهەموو شارەکانی دیکەی کوردستان ،بەڵام بەداخە فریا نەکەوتین و کێشیان بۆدروست بوو بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید 19 ، وابڕیارە پۆستەرو ساڵنامەکان بە ڕێنووسی لاتینی و بەشێوەزاری کرمانجی لە ڕۆژئاڤای کوردستانیش بڵاو بکرێتەوە.جێی ئاماژەیە لە کاتژمێر چوارو نیوی پاش نیوەڕۆی ٩-٩-٢٠٢٠ لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە « سلێمانی ڕێورەسمەکە بەڕێوەدەچێت و هاتن بۆ هەموانە...

خاتونی ژەنیار کاملیا نەوسوودی:

هونەری مووزیک تایبەت نییە بەڕەگەزێک!



دیمانە: پەریهان عومەر

هونەرمەند کاملیا نەوسوودی خەڵکی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانیە دەڕچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە بەشی موزیک و ژەنیاری ئامێری سەنتوورە.

لە هونەرمەند کاملیامان پرسی چی وای لێکردی وەکو ئافرەتێک بواری مووزیک ژەنی هەڵبژێری؟ لەوەڵامدا گوتی: هونەر لە بنەماڵەی ئێمەدا پێگەیەکی تۆکمەی هەیە و ڕێزی لێ دەگیرێت ئەو ڕێزەش بەبێ جیاوازی دانان بووە، من هەر لە منداڵییەوە هۆگری دوونیای هونەر بووم و نەک هەر ڕێگرییم لێ نەکراوە بگرە پشتیوانییش کراوم، هۆگری مووزیک بووم و هونەری مووزیکم هەڵبژارد.

هەروەها لەبارەی ئەوەی ئایا بۆچی لە مووزیکا ئامێری سەنتور ئەژەنیت؟گوتی: سەرەتای خوێندنم لە پەیمانگا بە ئامێری گیتارم هەڵبژارد بەڵام دواتر هەر هەمان ساڵ ئامێرەکەم گۆڕی و کردم بە سەنتوور، بە ڕێکەوت سەنتوورم هەڵبژارد بەڵام دواتر خۆشمویست و تاکو ئێستا لەگەڵمدایە هەست دەکەم سەنتوور پێناسەم دەکات و خۆم لە سەنتوورد ادەبینمەوە، پاش دەرچوونم لە پەیمانگا ماوەی سێ ساڵە بە جیددی پەرە بە توانای خۆم لە بواری ژەنیندا دەدەم و کار و چالاکی زیاتر و جۆراوجۆرم هەبووە وەکو ژەنیار بەشداریم لە کۆڕە شێعرییەکاندا کردووە بەشداریم لە پڕۆگرامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکاندا کردووە لەگەڵ گرووپە میووزیکییەکاندا وەکوو ژەنیار بەشدار بووم و ماوەیەکیش خولی فێرکارییم دانا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش چالاکییەکانم لە شێوەی کلیپ بڵاو دەکەمەوە و پەیجی فەرمیی خۆمم هەیە.

لەپرسیاری ئەوەی ئایا پێت وانیە ئەم بواڕە بۆ ئافرەت قورس بێت کاتێ دەست پێ دەکات؟ هونەرمەند کاملیا بۆ خەبات گوتیی: من لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو جیاکارییەدا نیم هونەری مووزیک تایبەت نەکراوە بە ڕەگەزێک و ڕەگەزێکی دیکەی لێ بێبەش کرابێت بەڵام دەتوانم بڵێم بە گشتی سەنتوور ئامێرێکی هەستیار و قورسە و فێر بوونی هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ و پێویستی بە بەردەوامییە وەکو خۆم ڕۆژی وا هەیە چوار تا پێنج کاتژمێر پڕۆڤە دەکەم، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە زۆرێک لەو ئافرەتانەی بواری مووزیک تەواو دەکەن دواتر بەردەوام نابن هەربۆیەش ڕێژەی ئافرەتی ژەنیار لە پیاوان کەمترە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەو واز هێنانەش نەبوونی بوار و دەرفەتی کار و هەروەها نایەکسانی کۆمەڵایەتی بێت بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەستەمە کچێک یان بە گشتی ئافرەت وەکو ژەنیار لە نادی یان بارێک ئیشی ژەنیاری بکات بەڵام ئەو بواڕە بۆ پیاوەکان کراوەیە بەداخەوە ئافرەتی ژەنیار لە ڕێی هونەرەکەیەوە بە دەگمەن ئیشی دەست دەکەوێت.

هەندێک لە ڕیکلامی نێو ئەپلێکەیشنەکان فایلی سیخوڕیان تێدایە



هەردەوان: کۆمپانیا چینییەکان توانیویانە ژمارەیەکی زۆر مۆبایل هاك بکەن و چەندین زانیاری کەسی بەکارهێنەران بدزن. بەپێی هەواڵێکی وێبسایتە تەکنەلۆژییەکان چەند کۆمپانیایەکی ریکلامی لە چین لەڕێگەی ئەو ریکلامانەوەی دروستیان کردوون بەکارهێنەرانی سیستەمی ئەندرۆیدیان هاککردووە و چەندین زانیاری وەك نامە و ژمارەی پەیوەندییەکان و وشەی نهێنییان دزیوە، هەروەها ئەوەش دەشێت مەترسی بێت بۆ سەر بەکارهێنەران و زانیارییەکەسییەکانیان لەشوێنێکی گشتیدا بڵاوبکرێتەوە.هاوکات شارەزایان ئامۆژگاری بەکارهێنەرانی ئەندرۆید دەکەن کە ئەو ئەپلیکەیشنانە دانەبەزێنن کە ریکلام لەسەریان دەردەکەوێت، ئەگەریش داتەبەزاندن پێویستە دڵنیا بیت لە سەرچاوەکەیان بۆئەوەی تووشی کێشە نەبیت، هەروەها لەئێستادا گووگڵ خەریکی چاککردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە لە ئەندرۆیددا هەن بۆئەوەی پارێزگاری لە بەکارهێنەرانی بکات.



سینەماکارێکی کورد دەبێتە داوەری یەکێک لە باشترین فیستیڤاڵە نێودەوڵەتێکان لە ئەمریکا

بەرهەم شێخ عزەدین

دەربارەی ئەم مانشێتەی سەرەوە خاتوو شەهێن سابیربەرپرسی ڕاگەیاندنی فیستڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی بەخەباتی گوت :بۆ یەکەمین جار (لینا ڕەزا) خانمە سینەما کاری کورد لە شاری سلێمانی دەبێتە ئەندامی لیژنەی دادوەرای ٤٥ هەمین فیستڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی ئەتڵەنتا لە وڵاتی ئەمریکا.فیستیڤاڵی ئەتلانتا یەکێکە لە فێستیڤاڵە نۆسکار کوالیفاییەکان لەسەر ئاستی جیهان، بڕیارە ڕۆژانی ٤/٢٢ تا ڕۆژانی ٢/٥ ٢٠٢١- بەڕێوەبچێت. لینا ڕەزا کە یەکێکە لە ڕێکخەرانی فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی، لە یێستادا یەندامی لیژنەی داوەرانی فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی ئەتلانتایە.



یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

ئەوان
بازرگان و قاچاخچی و ڕێگرەکان
چڕنووکیان دەخستە گەردنی نیشتمان
تەنها فەیرووز دەیگووت
« بحبك یا لبنان»
**

ئەوان
مەندیل بەسەر و جبە لەبەر و
ئارپێچی بە شان و تفەنگ بەدەست
نیشانەیان دەگرت لە نیشتیمان
تەنها فیرووز دەیگووت:
« بحبك یا لبنان»
**

ئەوان
سەلەفی و مەلەفی و تایفیی و مایفیی و
بەگ و سەر هۆز و ورگ زلەکان
کەڵبەیان گیر دەکرد لە نیشتیمان
فەیرووز بەتەنیا دەیگووت:
« بحبك یا لبنان»
**

ئەوان
سەرانی عەرەب
بە چەپ و ڕاستیان
بە جمهووری و مەلیکان
بارووتیان دەنارد بۆ نیشتیمان
فەیرووز بەتەنیا دەیگووت:
« بحبك یا لبنان»
**

فەیرووز ئاوی حەیات بوو
دەڕژایە گەرووی تینووی نیشتیمان
خوایە فەیرووزێکمان بۆ بنێرە
تا پر بە دەنگی هاوار بکات:
« بحبك یا کوردستان»